# ئاریایی و نائارییاییەکان لە
# روانگەی کۆنی مێژوودا

# ئاریایی و نائاریاییەکان لە روانگەی کۆنی مێژوودا

روقیە بهزادی

وەرگێڕانی

فەرهاد خۆشناو

هەولێر ٢٠١١



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● ئاریایی و نائاریاییەکان لە روانگەی کۆنی مێژوودا

● نووسینی: روقیە بهزادی

● وەرگێڕانی: فەرهاد خۆشناو

● نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن

● پیتچنین: وەرگێڕ

● بەرگ: حەمیدە یوسفی

● ژمارەی سپاردن: (٦٧) لە ساڵی ٢٠١٠

● نرخ: (٢٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠١١

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٣٨٤)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٧
پێشگوتار ........................................ ٩
پێشەکی ........................................ ١٧
**گەلانی نیشتەجێی چیاکان و شارستانییەتەکانیان بەرلە هاتنی ئارياييەكان... ٢١**
(ئاسياييەكان Asianic) ........................................ ٢١
هیتییەکان Hittites ........................................ ٢٣
ئورارتووەکان Urartians ........................................ ٢٥
ماناناکان Mannaeans ........................................ ٣١
لوولووەکان Lullubians ........................................ ٣٣
کاسییەکان Kassites ........................................ ٣٥
گووتییەکان Guttians ........................................ ٣٩
ئیلام Elam ........................................ ٤١
**گەلانی ئاریایی ئێرانی زمان لە ئاسیای ناوەڕاستدا ........................................ ٥٥**
ئۆراسیا Urasia ........................................ ٥٧
سەکاکان Scythians ........................................ ٥٩
سارماتەکان Sarmatians ........................................ ٦٩
کیمێرییەکان Cimmerians ........................................ ٧٣
ماساژێتەکان Massagetae ........................................ ٧٧
ئارياييەكان Aryans ........................................ ٨١
مادەکان Medes ........................................ ٨٥
هەخامەنشییەکان Achamenids ........................................ ٩١
پارتەکان Parthians (ئەشکانیان Arsacids) ........................................ ١٠٣
ساسانییەکان Sasanids ........................................ ١٢١

# پێشەکی وەرگێڕ

لەم کتێبەدا هەوڵدراوە زۆر بەکورتی و بەڕوونی باسی ئەو گەلانە بکرێ کە لە ڕۆژگارە دێرینەکان لە ئێرانی کۆندا لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و بناری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ناوچەکانی قەفقازیا و روسیای باشووری و ئاسیای ناوەندی ژیاون و کۆمەڵە کولتور و شارستانییەتێکیان پێکهێناوە. سەرەتا باسی ئەو گەلانە کراوە کە بەرلە هاتن و کۆچی ئارییایییەکان لە بانی ئێران و دەشتە بەرفراوانەکان ژیاون. پاشان باسی گەلانی ئاریایی ئێرانی زمانی ئاسیای ناوەندی و چۆنییەتی کۆچکردن و سەقامگیربوونیان دەکات.

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ بەراوردکردن و ڕێکخستن و هەروەها روونکردنەوە و پشت راستکردنەوەی هەندێ بابەت سەرەنجی کۆمەڵە سەرچاوەیەك دراوە. ئەو پەراوێزانەی لەلایەن وەرگێڕەوە بۆ مەبەستی باشتر تێگەیشتن لە بابەتەکان لەناو کتێبەکەدا هاتووە بە هێمای (و) لە پەراوێزەکانی خودی کتێبەکە جیاکراونەتەوە.

هیوادارم ئاواتەخوازانی میراتی کولتوری و تامەزرۆیانی مێژوو و کولتور و شارستانییەت سوودی لێوەرگرن و ئەگەر لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە کەم و کوڕییەك بەدیدەکرێت هیوام وایە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە لێی بڕوانن و ئەگەر بوارمان پێبدرێت بەیارمەتی ئێوە هەوڵی راستکردنەوەیان بدەین.

**فەرهاد خوشناو**

**ڕێبەندانی ٢٧٠٥**

# پێشگوتار

نەتەوەناسی لەڕاستیدا ناسینی ڕەچەڵەکی نەژادی و سەرچاوەی نەتەوەیی و سەربردەی مێژوویی ئەو نەتەوانەیە کە لە ڕۆژگارە دێرینەکان لە سنوورێکی جوگرافیاییدا ژیاون. ئەم خێزانە و کۆمەڵەیە خاوەنی نەژاد و زمان و کولتورێکی هاوبەشن و لەڕووی تایبەتمەندییە فیسیۆلۆژییەکانەوە کۆمەڵە لێکچوونێك لەنێوانیاندا دەبینرێت، بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری جیاوازییان، زمانە. زمانی هەر نەتەوەیەك، ناسنامەی خودی ئەم نەتەوەیەیە. ڕاستە کولتوری کۆمەڵگا و داب و نەریت، لە دیاردە گرنگەکانی ناساندنی ناسنامەی میللی هەموو نەتەوەیەکن، بەڵام لە زۆربەی نیشتمانەکاندا، باوەڕی ئایینیش ئاوڕی لێدەدرێتەوە کە هەندێجار بە هۆکاری گرنگی یەکگرتنی نەتەوەکان دادەنرێت. هۆکارێکی گرنگتر هەبوونی نیشتمانێکی هاوبەش لەنێوان نەتەوەکانە کە دەورێکی باڵای هەیە لە دروستبوونی یەکێتی نەتەوەکاندا.

لە نیشتمانە بەرفراوانەکان ئەمجۆرە یەکێتییە جیاوازە. نەتەوەکانی بناری چیا بەرزەکان، خواوەندەکانیان بەپێی تایبەتمەندی ژینگەی جوگرافیایی خۆیان دەپەرستی. بەم چەشنە پۆلێك خواوەند بەدیهاتن، وەکو خواوەندی پاسەوانی چیاکان، خواوەندی کەش و هەوای باش و خواوەندی ئاوەکان. تەنانەت ((تەوتەم))[1]ەکانی پەرستنی ئەم جۆرە نەتەوانە لەگەڵ هەڵ و مەرجی

١- پەرستنی هەندێ لە جۆرەکانی درەخت یان ڕووەك و ئاژەڵ و گیانلەبەری تر لە ڕۆژگارە کۆنەکان لەناو هەندێ نەتەوە و گەل و هۆز باوبووە. ئەو گیانلەبەر و ڕووەکانە لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەورێکی کاریگەریان هەبووە و وەکو پارێزەری گەل و هۆز ڕێزیان لێگیراوە. ئەم جۆرە پەرستن و ڕێزگرتنە لە گیاندار و ڕووەکەکان و کۆمەڵێ شتی تر لەم بابەتە تەوتمی پێدەگوترێت.و.



جوگرافیاییان دەگونجێ. بۆ نموونە لە پێدەشتە بەرفراوانەکانی ئۆراسیا، ئاسك و بزنی کێوی دەپەرستران چونکە لەم شوێنانەدا دەژیان. تەنانەت جادوو- پزیشکان و جادووگەرانی ڕۆژگارە دێرینەکان، بۆ ئەوەی دۆخێکی پیرۆز بە پیشەکەیان بدەن، بۆ پۆشینی لەشیان کەڵکیان لە پێستی ئاسك وەردەگرت و کڵاویان لە قۆچی ئەم گیانلەبەرانە دروست دەکرد. بەڵام لە ناوچە گەرمەسێرەکاندا وەکو وڵاتی ئەنزان و ئەنشان و خوزستان لە ئێرانی کۆندا، ڕووبەڕووی سەردەمی (مار - یەزدانی) و پەرستنی مار دەبینەوە کە تایبەت بە ناوچە گەرمەسێرەکانە. لەسەر تاجی فەرمانڕەواکان و کەلوپەلی ناو کۆشکەکانیان شوێنەواری وێنە و پەیکەری مار بەرچاو دەکەوێت.

زمان، گرنگترین هۆکاری پەیوەستکردن و جیاکردنەوەی نەتەوەکانە. ئەو شتەی ئەمڕۆ زانایان بەدوای ناسینی نەتەوە دێرینەکاندا پاڵدەدات و هاوکارییان دەکات، زمان و زانستی (زمانناسی)یە. لەم وتارەدا باسی نیشتمانی بەرفراوانی ئێران دەکرێ کە لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا لە بەشێکی (ئاسیای ناوەندی) و میزۆپۆتامیا (نێوان دوو ڕووبار) پێکهاتبوو. هەروەها ناسینی ئەو نەتەوانەی کە بەرلە هاتنی ئاریاییەکان لەم سەرزەمینەدا دەژیان و خاوەن فەرهەنگ (کولتور) و شارستانییەتێکی پێشکەوتوو بوون. لەم توێژینەوەیەدا سەرەتا سەبارەت بە ڕەچەڵەکی نەژادی، زێد، زمان، جۆری جلوبەرگ و تایبەتمەندی جەستەیی و باوەڕی ئایینی و پاشماوە و شوێنەواری ئەم نەتەوانە دەدوێین. لە دەستپێکدا باسی نەتەوەی ئورارتوو Urartu دەکرێ کە نەتەوەیەکی سەردەمی کۆنی ئەم ناوچەیەن و لە تەوراتدا بەناوی (ئاراراتی) ناوبراون و سنووری جوگرافیایان ئەرمینیای ئێستا دەگرێتەوە.

دوایی باسی (مانا)کان دەکرێت، لە باشووری دەریاچەی ورمێ دەژیان. زانیاری سەبارەت بە ماناکان لەڕێگەی ساڵنامە ئاشوورییەکانەوە دەسکەوتوونە. هونەری مەفرەغ سازی لوڕستان داهێنانی ئەم گەلەیە. بەپێی ساڵنامە ئاشوورییەکان ناوی پایتەختی ماناکان، زیپیا بووە کە لەوانەیە هەمان زێوە بێت.

لوولووەکان Lullubians، ناوی ئەو نەتەوەیەیە کە لە بنارەکانی چیای زاگرۆس نیشتەجێبوون. لە زەمانی سۆمەریدا ناویان بە واتای ((پیاو و مرۆڤ)) بووە. زمانەکەیان سەربە کۆمەڵەی زمانی ئیلام و نەتەوەکانی نیشتەجێی ناوچەکانی زاگرۆسە.

کاسییەکان Kassites نەتەوەیەکی ترن کە هەندێ پێیان وایە لە نەژادی قەفقازیایین و بە سوارچاکی لێهاتوو و کارامە دادەنرێن. ئەم نەتەوەیە لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پ.ز هاتنە ناوچەکانی بابل و بۆماوەی دوو سەدە دەسەڵاتداری ئەو ناوچانە بوون. بەکاربردنی هێمای بەردین بەناوی کوودوورروو Kudurru کە بریتی بوون لە کۆمەڵە بەردەنووسراوێك و فەرمانی پاشای سەبارەت بە بەخشینی زەوی لەسەر دەنووسرا، بە داهێنانی ئەم نەتەوەیە دادەنرێت.

گووتییەکان Guttians نیشتەجێی بنارەکانی رۆژئاوای زاگرۆس بوون، واتا ئەوشوێنەی دواتر (مادی رۆژئاوا) لەوێ بناغەی دەسەڵاتی خوی داکوتا. زمانی گووتییەکان لە زمانی گەلانی ئیلامی نزیکبوو.

شارستانییەتی گەورەی ئیلام Elam بەناوی خووجا Khuja و ئووجا Uja ناسراوە و ئەم شێوە ناوە پەیوەندی لەگەڵ خوزستانی ئێستادا هەیە. لە هەزارەی دووەمی پ.ز، ئەو دەسەڵاتە نوێییەی کە لە ئیلامدا هاتە سەرکار هەڵێکوتایە سەر ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و بابلی داگیرکرد و بەتالآنی برد. سەبارەت بە نەژادیانەوە ناشێ بەئاسانی هیچ شتێك بگوترێت، بەلاّم لەوەش دەچێت نزیکایەتییەکیان لەگەڵ نەتەوەکانی نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا هەبووبێت. هەندێ بروایان وایە لەوانەیە ئیلامییەکان نەتەوەیەکی شاخستانی بووبن کە ئێستا وەك هۆزی لۆر ماونەتەوە. پێکهاتەی تایبەتی زمانی ئیلامی لە شێوەزارێکی ناوچەیی قەفقازیادا بەدیدەکرێت. ئەم نەتەوەیە خەتی وێنەیی سۆمەریان بۆ نووسین بەکاربرد. ئایینەکەیان جەوهەرێکی فرە یەزدانی هەبوو و بریتی بوو لە شێوەی (دایك - یەزدانی) و (مار- یەزدانی).

پاشان باسی نەتەوە ئێرانی زمانەکانی ئاسیای ناوەندی دەکرێت. سەکاکان Scythians لەڕووی نەژادییەوە سەر بە کۆمەڵەی هیندوئەوروپاییـنە و زمانیان



لە زمانەکانی ئێرانی سەربە لقی زمانی ئاڤێستایی بووە. لە نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنشییەکاندا باسی سێ دەستە لە سەکاکان دەکرێت. ئەوان نەتەوەیەکی کۆچەری بیابانگەرد بوونە. ئێسترابۆن بەرزاییـیەکانی ناوچەی ((دووبرووجا)) Doubrudja بە ((سەکاییەی بچووك)) و سەرجەم دەشتەکانی باکوور و باکووری رۆژهەلاّتی دەریای رەش بە ((سەکاکییەی رۆژهەلاّتی)) دادەنێت. لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە شوێنەوارناسییانەی لە باشووری روسیا ئەنجامدراون، کۆمەڵە بەرهەمێکی هونەری سەربەم نەتەوەیە دۆزراونەتەوە. ئەوان دیاردە سرووشتییەکانیان پەرەستیوە و گەورەترین بۆنەی ئایینییـیان بۆ (یەزدان- ژن)ی ئاگر بەناوی تابیتی- ڤێستا Tabiti-vesta بەڕێوەبردووە. مردووەکانیان لەناو گۆڕە تەپۆڵکەییـیەکاندا دەناشت. لەپاش مردنی سەرۆك هۆز، هاوسەرەکەی لەگەڵ سەدوپەنجا سەر ئەسپ بە سوارەکانیانەوە دەکوژران و دەناشتران و لەسەر گۆڕەکان گردێکیان دروست دەکرد. ئەم چەشنە گۆڕانە بە گۆڕی تەپۆڵکەیی ناسراون. شوێنەوارە دۆزراوەکانی سەربەم نەتەوەیە لە مۆزەخانەی (ئارمیتاژ پێترۆگراد)دا پارێزگاری لێدەکرێت. ئەم نەتەوەیە هیچ شێوە نووسینێکیان نەبووە، بەلاّم خاوەن هونەرێکی سەرسووڕهێنەر و بەرز بوونە.

سارماتەکان Sarmatians یش لە نەژادی هیندوئەورووپی و سەربە پۆلی باکووری ئێرانی زمانی ئاسیای ناوەندی بوون و زمانیان سەربە لقی ئێرانی، شێوەی ئاڤێستایی بوو. کیمرییەکان Cimmerians یش نەتەوەیەکی تر لەنەتەوەکانی سوارچاکی ئاسیای ناوەندی بوون. ئەوان لە رێگەی دۆڵ و کوێرە رێکانەوە بەرەو باشوور کەوتنەڕێ و روویان دە بانی[1] ئاناتۆلی یان ئانادۆڵی کرد. هەندێ لە مێژوونووسانی رۆژگاری دێرین پێیانوایە ئەمانە نەتەوەیەکی ئەفسانەیین هەندێکیش لێواری رووباری ئاڤێرنووس Avernus لە ئیتاڵیا بە مەڵبەند و زێدی کیمرییەکان

---

١- ئەو دەشتە بەرفراوانەی کە بەرزاییەکەی لە نێوان ٢٠٠ تاکو ٥٠٠٠ مەتر بێت فەلات یان بانی پێدەگوترێت. و.

دادەنێن، و تەنانەت ناوی نیمچە دورگەی کریمەش بۆ ئەوان دەگەڕێننەوە. ناوی فەرمانڕەواکانیان ئێرانییە. دەستەیەکی تر لە کۆچەرانی ئاسیای ناوەندی ماساژێت Massgetaeەکانن. هیروودۆت و ئێسترابۆن جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە خواردنی ئەوانە بە زۆری ماسی بووە و ناوەکەیان پەیوەندی لەگەڵ وشەی ماسی هەیە. پێکهاتەی خێزانیان لەسەر بنەمای دایک- سالاری بووە، هیروودۆت دەڵێت زەماوەندی بەکۆمەڵ لەناو ئەواندا باو بووە. زمانیان وەکو زمانی سەکاکان سەربە کۆمەڵەی ئێرانی و سەربە ئاڤێستا بووە. کۆروش فەرمانڕەوای مەزنی هەخامەنشی، لە جەنگێکدا لەگەڵ فەرماندەیەکی ژن بەناوی توومۆڕۆس Tumoros کە سەربە نەتەوەی ماساژێت بوو شکەستی خوارد و کوژرا.

ئارییاییەکان نەتەوەیەکی مێگەلدار بوون و لە سالانی نێوان (١٨٠٠ تاکو ١٥٠٠)ی پ.ز لەهیندەوە تاکو باڵکان بڵاوبوون. بەڵگەکان پیشاندەدەن ئەم نەتەوانەی بەرەو باشوور بەرێکەوتن بە زمانێک دەدوان کە لە هیندوئەوروپییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو بەشەی لەو نەتەوەیە کە رێگای باشووری رۆژئاوایان گرتەبەر پێیان نایە ناو سەرزەمینی هیند و بەشەکەی تریش بۆلای رۆژهەلاتی ئێران بەرێکەوتن، بەڵام لە چیاکانی زاگرۆس رانەوەستان و هەروا بەرەو پێش رۆیشتن و نەتەوەکانی نیشتەجێی دەشتیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

کۆمەڵگاکەیان لە سێ توێژ پێکدەهات و بریتیبوون لە، خانەدانان، خەڵکی ئاسایی، کۆیلەکان. سەبارەت بە باوەڕە ئایینییەکانیان، پێکهاتە و ئایینێکی تایبەتیان نەبوو. بەخێوکردنی ئەسپ و سوارچاکی و نێچیروانی تایبەت بە خێزانە زەنگینەکان بوو. هۆزی ماد Medes نەتەوەیەکی ئاریایی و لە نەژادی هیندوئەوروپی بوون. ئاترۆپاتس Atropates یان ئاترۆپاتێ atropate ناوێکە کە بۆ مادی (ئاترۆپاتێن) دانرا. یەکەمین دەسەڵاتی یەکگرتوویی ماد لە ساڵی (٧٠٥)[1]ی پ.ز دامەزرا کە یەکەمین دەسەڵاتی پاشایەتی ئارییاییەکان لە جیهان بوو.

١- ساڵژمێری کوردی لەسەر بنەمای ئەم ساڵەوە رێکخراوە. و.



پاش رووخانی دەوڵەتی ماد بەدەستی پارسەکان، هەندێ لە بنەماڵە پاسارگادییەکان هەخامەنشیان بۆ فەرمانڕەوایەتی هەڵبژارد. هەخامەنێش لەرێگەی نووسراوەبەردینەکانی داریوش دەناسرێت. کۆروشی هەخامەنێشی لەسەر تەختی دەسەڵاتێك دانیشت کە خاوەن نیشتمانێکی بەرفراوان و تواناییەکی زۆربوو. کۆروش گیانی خۆی لەرێگەی بەرفراوانکردنی نیشتمانەکەی لەکاتی جەنگ لەگەڵ ماساژێتەکان لەدەست دا. گرنگترین رووداوی مێژوویی لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەودا گرتنی بابل و ئازادکردنی جوولەکەکان بوو.

پارسەکان خۆیان نە بەپارسی بەڵکو بە ئاریایی دادەنا، و ئێستا پێیدەگوترێ فارسی کۆن. دوای داریوش و خەشایارشا، ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنێشی بەرەو لاوازی هەنگاوی نا و لە سەدەی چوارەمی پ.ز بەدەستی ئەسکەندەر لەناوچوو. لە رۆژگاری هەخامەنشییەکاندا ئایینی مەزداپەرەستی[1] لە گشت ناوچەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتەدا تەشەنەی کرد. ئەوشتەی لە هونەری میعماری هەخامەنشییەکاندا گرنگە، پێکهاتەی ستوون (دینگە) و بینا ئایینییەکان بەتایبەتی ئاگرگاییەکان و دروستکردنی کۆشکەکان بوون کە بۆ دروستکردنیان کەڵك لە هونەری نەتەوە ژێردەستە وەردەگیرا.

دوای لەناوچوونی هەخامەنشییەکان و پاش هەشتا ساڵ دەسەڵاتدارێتی ئەسکەندەر و جێگرەکانی، پارتەکان هاتنە سەرکار. لەسەدەی چوارەمی پ.ز ، هێزێکی یەکگرتوو لە دوو هۆزی (سەکایی- سارماتی) بەناوی داهێ Dae بەرەو باکووری (گورگان) کۆچیان کرد، و دواتر ناوی گورگان بەهۆی ناوی ئەوانەوە گۆڕا و بووە (دێهێستان). بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسانی کۆن، هێزی یەکگرتووی داهێ کۆمەڵە سوارچاکێك بوون کە لەرووبەری نێوان دوو دەریای کاسپی و ئاراڵ دەژیان.

١- واتا ئایینی زەردەشتی کە (ئاهوورا مەزدا) خواوەندی ئایینەکە و (زەردەشتی سێپیتمان)یش پەیامبەرەکەی بوو. ئەوەی راستی بێت تاکو ئێستا زەردەشتی بوونی هەخامەنشییەکان یەکلایی نەبۆتەوە، بەلام ناوی ئاهورامەزدا وەکو یەکێك لە خواوەندەکان لەناو نووسراوەبەردینەکانی فەرمانڕەوایانی هەخامەنشیدا هاتووە. و.

سەرچاوە لاتینییەکان ناوی (پارت)یان بۆ ئەم هۆزە داناوە کە بەواتای ((جوولان/بزاوتن)) دێت. کۆنترین زانیارییەکان سەبارەت بەم هۆزە لە سەرچاوە چینییەکانی سەردەمی هان Han دا دەستدەکەوێت. ئەشکانییەکان لەڕووی ئاڵای دەسەڵاتییەوە دەناسرێنەوە. پایتەختەکەیان لەسەرەتادا "نەسا" بوو کە ئەسپی نەسایی تێدا پەروەردە دەکرا. ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ئەواندا بوژاوە و لە سەردەمی ئەوان ئاڤێستا شێوەی نووسینی پەیداکرد. لە هونەر و میعماری ئەم گەلە جگەلە هەندێك نووسراوی سەرپێست و دینگەی بناغەی کۆشکەکان و هەروەها هەندێك دراو چیتر نەدۆزراوەتەوە.

سەردەمی ساسانی لە مێژووی ئێران و رۆژهەڵاتدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە لەم سەردەمەدا دەسەڵاتێکی بەهێز لە ئێران دامەزرا کە نزیکەی چوارسەد ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد، و لەم سەردەمەدا بوو گرنگی و بایەخی رۆژگاری هەخامەنێشی هەستی پێکراوە. ساسان (موغ)[1]ێکی پەرستگەی (ئاناهیتا)[2] ی شاری پارس بوو، کوڕەکەی بەناوی پاپەك یان بابەك حاکمی ئیستەخر[3]ی فارس بوو و نازناوی سەرۆکی پێدرابوو، وردەوردە بەهێزبوو و دواتر ئەردەشێری کوڕی بەسەر تەواوی ئێراندا زاڵبوو. لەو سەردەمەدا لە ئێران ئایینی زەردەشتی بوو بە ئایینی فەرمی و ئاڤێستاش جارێکی تر لە سەردەمی ئەردەشێری یەکەم نووسراوە. لەم رۆژگارەدا لە سەرجەم ناوچەکانی ئێران ئاگرگایان دامەزراند.

١- پێشەوا و پیر لە ئایینی زەردەشتیدا. و.

٢- واتا پاك، لە ئاڤێستادا بەشێوەی ( ئەرێدیووسوور ئەناهیتا ) هاتووە کە یەزدان ژنی ئاوەکانە. یەکێك لە گەورەترین یەشتەکانی ئاڤێستاش بۆ ستایشکردنی ئەم خواوەندە تەرخانکراوە. و.

٣- ناوی ناوچەیەکە لە مەڵبەندی ویلایەتی پارس یان فارس. و



پەیدابوونی کۆمەڵە ئایینێکی وەك مانەوی[1] و مەزدەکی[2]، سەرهەڵدانێك بوو لەبەرامبەر جیاوازی چینایەتی و ئەو ستەم و بێدادگەرییەی دەرهەق خەڵك دەکرا، بەڵام زۆر بەتوندی سەرکووت کران و پەیڕەوانەکانیان هەڵاتن. لەهونەری تایبەت بە ساسانی جەخت لەسەر گۆمەتی تونێلی و گۆمەتی چین چیندار دەکرێت و لە پیشەسازی و هەڵکەندن و نەخشاندنی کانزاکان پێشکەوتنێکی زۆر دەستەبەرکرا. شوێنەواری کاریگەری ئەم پێشکەوتنانە بەسەر هونەری نەتەوەکانی دراوسێی ئێراندا دەبینرێت.

١- ئەم ئایینە لەسەر دەستی نیگارکێشێك بەناوی مانی لە رۆژگاری شاپووری یەکەم (فەرمانڕەوای ئیمپراتۆرییەتی ساسانی) پەیدابوو. مانی کتێبێکی پێشکەشی پەیرەوانی خۆی کرد بەناوی ئەرژەنگ و ئایینەکەی ئاوێتەیەك بوو لە بیروباوەڕی ئایینەکانی تر، وەکو زەردەشتی و یەهوودی و مەسیحی. و.

٢- واتا پەیڕەوی مەزدەك، ئەم ئایینەش لەسەردەمی ساسانییەکان لەڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی قوبادی ساسانی لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوبەشی دامەزرا، قوباد لایەنی ئایینی مەزدەکی گرت بەڵام لە سەردەمی ئەنۆشیرەوان مەزدەك و چەندین هەزار لە پەیڕەوانەکەی کوژران. و.

# پێشەکی

لە رۆژگارە زۆر کۆنەکان ئەو نەتەوانەی ئێستا لە ئەوروپا و ئێران و هیند دادەنیشن، گشتیان سەربە گرووپێکی نەتەوەیی بەناوی (هیندوئەوروپایی)[1] بوون. هۆی دانانی ئەم ناوە بۆ ئەم نەتەوەانە، ئەوەیە کە بەهۆی کۆچی بەردەوام و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ گەلانی نیشتمانە تازەکان، کۆمەڵە نەتەوەیەکی نوێ درووستبوون کە لە رۆژهەڵاتەوە تاکو هیند و لە رۆژئاواوە تاکو سەرانسەری ئەوروپا بڵاوبوونەوە و نیشتەجێ بوون. زێدی سەرەتایی نەتەوە هیندوئەورووپیەکان پێدەشتەکانی (ئۆراسیا)[2] بووە. جگە لە کۆمەڵە گۆڕێك، شوێنەوارێکی تر لەم نەتەوە مێگەلدارانە بۆ شوێنەوارناسان بەجێنەماوە. لەوانەیە بتوانین نموونەی کولتووری ئەم نەتەوەانە لەلای هەندێ لەو گەلانە بدۆزینەوە کە بەشێوەی کۆمەڵەی بچووك و جیا لەیەکتر دەژین. پێدەچێت بتوانین لەناوەڕاستی چاخی مەفرەغ لە بەشی هەرەگەورەی دەشتەکانی ئاسیا و ئەوروپا شوێنەواری کۆمەڵە شارستانییەتێك بدۆزینەوە کە خاوەن کولتورێکی هاوبەشن و لەسەر بنەمای مێگەلداری بونیات نراون. لەوکاتەوە کە مێرگەکان شوێنی دارستانەکانیان گرتەوە و شارستانییەتی مێگەلداری بۆ وەدەستهێنانی زەوی نوێ پەلی دەکوتا، بەشێکیان بەرەو رۆژهەڵات رۆیشتن و دەستەیەکیشیان روویان دە رۆژئاوا کرد و لە مێرگەکان پەڕینەوە و گەیشتنە ناوچە بەیار و کێڵگەییەکان. لەوێدا رووبەڕووی جۆرێکی زۆر لە گیانلەبەری بەسوود بوونەوە. لەم نیشتمانە تازانەدا خاوەن

---

١- کۆمەڵە خەڵکێکی سپی پێستن کە لە هیندەوە تاکو ئەوپەڕی ئەوروپا بەربڵاون و بەسەر هەشت بەشدا دابەش دەبن: ئارییایی، یۆنانی، مەقدونی، ئەرمەنی، ئەڵبانیایی، ئیتاڵیایی، سەڵتی، ژەرمەنی، لیتوانی و ئیسلاڤیایی. و.

٢- دەشتەکانی نێوان ئەوروپا و ئاسیا.



زەوییەکان سوودیان لە توانای جووتیاران وەردەگرت، ئەوانەش کەلکیان لەم بارودۆخە وەرگرت و وایان لە جووتیاران کرد تاکو کاری چاندنی دانەوێڵەیان بۆ بکەن[1]. لە ساڵانی نێوان (١٨٠٠ تاکو ١٥٠٠)ی پ.ز، لە ناوچەیەك کە لە هیند تاکو باڵکانی دەگرتەوە، بۆ لای باشوور بەڕێکەوتن. بەڵگەکانی ئەو نەتەوانەی بەر هێرش و دەستدرێژی ئەم کۆچەرانە کەوتوون، دەسەلمێنن ئەو هێرشبەرانە گشتیان بە زمانێك دواون کە لە زمانی هیندوئەورووپییەوە سەرچاوەی گرتووە[2]. ئەم زمانە بە دایکی زمانە هیندوئەورووپییەکانی کۆن وەکو ئیرانی کۆن، سانسیکریت، ژەرمەنی کۆن، گریکی، ئیسلاوی کۆن و هتە دادەنرێت. دوایی ئەم زمانە کۆنانە جیا لە یەکتر گەشەیان کرد و پێشکەوتن و لقی نوێیان لێبۆوە و لەکۆتاییدا بەشێوەی زمانە هیندوئەورووپییەکانی ئەمڕۆکەیی جێگیربوون. بۆ ناسینی ئەم زمانە و هەروەها ئەو لقانەی لێی جیابوونەتەوە، زانستی (زماننناسی) کۆششێکی زۆر و بەرچاوی هەبووە، چونکە بۆتە هۆی ناساندنی ئەو نەتەوانەی سەر بەم گرووپە گەورەیەنە[3].

ئەو گرووپەی لە نەتەوە هیندوئەورووپییەکان جیابوونەوە، بە هیندوئیرانی ناسران و زاراوە و نازناوی ئارییایی بۆ گرووپە نەژادی- زمانییەکانی هۆزە جیاجیاکانی هیندوئەورووپی بەکاربراوە کە سەردەمێکی زۆر لە باشووری رۆژهەڵاتی نیشتمانی بەرفراوانی هیندوئەورووپییەکاندا ژیان. واپێدەچێت ئەوانە لە دوایین سەدەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز واتا بەر لە کۆچڕەوە بەرفراوانەکان، لەژێر دەسەڵاتێکی یەکگرتوودا بوون. بەڵام نەك بەواتای دەوڵەتێکی یەکگرتوو، بەڵکو بەشێوەی سەربەخۆییەکی خێڵەکی کۆن. ئەوان خاوەن زمانێکی یەکگرتوو و باوەڕی ئایینی و

---

١- درباره این اربابان تازەوارد بە فلات ← جوادی ، غلامرضا، ١٣٨٠، *مدیریت در ایران*، تهران: سازمان چاپ و انتشارات فرهنگ و ارشاد اسلامی. لاپەڕە ٣٩ — ٤٠.

٢- لینتون، رالف، ١٣٧٨، سیر تمدن، ترجمە پرویز حزربان، تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ٣٣٤-٣٣٥.

٣- بهمنش، احمد. ١٣٦٩، *تاریخ ملل قدیم آسیای غربی*. تهران. انتشارات دانشگاه تهران لاپەڕە ١٤٠ بەدواوە.

کۆمەڵایەتی هاوبەش بوون. ئەگەر لە کۆتایی سەدەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز، لە رۆژهەڵاتەوە، لە سنوورەکانی دەریاچەی باڵخاش لە قەزاقستان، تاکو ناوچەی دانووب لە رۆژئاوا، بە شوێنی نیشتەجێبوونی هیندوئەورووپییەکان دابنرێت، شوێنی نیشتەجێبوونی ئارياييیەکان لە بەشی رۆژهەڵاتی ئەم سنوورە واتا لە دەریاچەی باڵخاشەوە تاکو ناوچەکانی رۆژئاوای ڤێلگا بووە، واتا نیشتەجێی زەوییە بەپیتەکانی ئەم ناوچەیە و مێرگەکانی ئەم سنوورە بوونە. ئارياييیەکان يان هیندوئێرانییەکان لە سێ بەشی گرنگ پێکدێن. ١) ئەوانەی لەکۆتاییدا بەرەو شوێنێك بەرێکەوتن کە دواتر ناوی هیندی بۆ دانرا. (٢) ئەوانەی لە سەرەتادا بەرەو (ئايريانامـا ڤائيجا Airyanamhvaejah )[1] ناوچەی (خوارەزم) و ماوەراونەهر و دواتر دەشتە بەرزەکانی ئێران بەرێکەوتن. (٣) بەشی سێیەم نەتەوەکانی (ساکا یان ئەسکوتا Saka/Sakuθa)[2] بوون، کە بریتی بوون لە نەتەوە کۆچەرەکان[3].

بە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و لایەنەکانی ژیانی نەتەوە هیندوئێرانییەکان یان ئارياييیەکان، دەردەکەوێت بەردەوامبوون و پێکەوەبوون و نزیکایەتی نێوان نەتەوەکانی سەربەم گرووپە زۆر زیاتربێت لە کۆمەڵەکانی تری سەربە خێزانی هیندوئەورووپییەکانەوە. بە بەراوردکردنی دوو زمانی ئێرانی و هیندی بەدیاردەکەوێت رۆژگارێك لەنێوان ئەم دوو زمانە هاوبەشایەتی و هاوسانییەك هەبووە. ئەم دوو نەتەوەیە، زاراوەی "ئاريايي"يان بۆ ناساندنی خۆیان بەکاربردووە و دەشێ بگووترێت

١- لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ئێیریەناڤەئیبیجا) واتا نیشتمانی ئارياييیەکان هاتووە و زۆربەی رووداوە ئایینی و ئۆستوورەییەکانی ئێران کە لە ئاڤێستادا ئاماژەیان پێکراوە لەم ناوچەیە و لەلێواری رووباری دایتیا روویانداوە. بەپێی دەقەکانی ئاڤێستا لەم نیشتمانە و لە کەناری ئەم رووبارە پیرۆزەیە کە زەردەشت لەگەڵ ئاهوورامەزدا و ئەمشاسپەندەکان گفتوگۆ دەکات. بۆیە ئەم نیشتمانە و ئەم رووبارە بەپیرۆزترین شوێن دادەنرێت. و.

٢- قرشی، امان الله. ١٣٨٠، *ايران نامك*. تهران، هرمس، لاپەڕە ٦١ — ٦٣.

٣- رییس نیا، رحیم. ١٣٧٩، *آذربايجان در مسير تاريخ ايران*، انتشارات مبنا، لاپەڕە ٢٦٢ بەدواوە.



زمانی ئاريايي[1] زمانێك بووە کە زمانی هیندییەکان و ئێرانییەکانی لێ جیابۆتەوە. بێگومان ئەمە گریمانەیەکە. یەکێك لە زمانە رەسەنەکانی هیندی، زمانێکە کە بۆ نووسینی (ڤیداکان[2]) بەکارهێنراوە و ئەوی تریشیان ئەو کۆمەڵە زمانانەیە کە لە زمانی ڤیدايیەوە سەرچاوەیان گرتووە. زمانی رەسەنی ئێرانی بریتییە لە، زمانی ئاڤێستایی کە لەخۆگری شێوەی کۆنی گاتەکان[3] و هەروەها ئەو شێوەیەیە کە خوردە ئاڤێستای پێنووسراوە و هەروەها زمانی فارسی کۆن کە نووسراوە بەردینەکانی فەرمانڕەواکانی هەخامەنێشی پێنووسراوە[4].

١- جوادی، غلامرضا. ١٣٨٠، *مديريت در ايران باستان*، تهران، سازمان چاپ و انتشارات فرهنگ و ارشاد اسلامی، لاپەڕە ٣٩ — ٤٠.

٢- کۆنترین نووسینە ئایینییەکان لە هیندا بریتینە لە نووسراوەکانی سانسکریتی هیندو — ئەورووپی کە ڤیداکانی پێدەگوترێت. وشەی ڤیدا بەواتای زانست دێت و مێژووی ڤیداکان دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠٠ تاکو ٦٠٠ ی پ.ز. و.

٣- لە ئاڤێستادا بە شێوەی گاپا یان گاثا هاتووە و ناوی کۆنترین بەشی ئاڤێستایە. لە پێنج سروودەکەی زەردەشتی سپیتمان پێکهاتووە، ئەم سروودانە بە هی خودی زەردەشت دادەنرێن. و.

٤- زمانی کوردیش سەربەم زمانەیە و هەروەها کۆمەڵێك وشەی هاوبەش لە نێوان زمانی کوردی و ئاڤێستایی و پەهلەوی و فارسی کۆن بەرچاودەکەون کە تاکو ئێستا بەکاردەبردرێن. و.

# گەلانی نیشتەجێی چیاکان و
# شارستانییەتەکانیان بەرلە هاتنی ئارياييەکان

**(ئاسيايیەکان Asianic)**

# هیتییەکان Hittites

هیتییەکان[1] کە لە تەوراتدا بە حەتتی یان حەتتییەکان ناویان هاتووە، کۆمەڵە خەڵکێکی خۆجێی- مەدیتەرانەیی بوون. سەربە ئەنجوومەنی دەسەڵاتداریەتی نەتەوە هیندوئەورووپییەکان بوون و لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز ، لەڕێگەی باڵکانەوە هاتنە ناو ئاسیای بچووك و ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەیان لە ڕۆژئاوای ئاسیا دامەزراند. و لەو ناوەدا ڕووبەڕووی دوو هێزی گەورەی ئەوسا واتا میسر و میتانی Mittani بۆوە. لە سنووری دەسەڵاتدارییەتی هیتییەکان کۆمەڵە نەتەوەیەکیتری خاوەن زمان و کولتوری جیاواز پێکەوە دەژیان. هیتییەکان لەسەدەی هەشتەمی پ.ز بەهێزتر بوون. بەڵام لە نزیك ساڵی ٦٥٠ ی پ.ز ، بەر هێرشی کیمیرییەکان Cimmerians کەوتن و لاوازبوون و لەناو ئیمپراتۆرییەتی ماد و هەخامەنشیدا توانەوە.

زمانی فەرمی ئەم ئیمپراتۆرییەتە، هیتیایی بوو و پێکهاتەی زمانەکەیان، پێکهاتەیەکی هیندوئەورووپی بوو و بەزۆری وشەکانی ئاسیانی- قەفقازی بوون[2]. ئەم زمانە بەدەر لە دابەشکردنی ساتێم Satem و کێنتۆم Centum خاوەن تایبەتمەندی خۆی بوو.

لە نیشتمانی هیتییەکان خەڵکانێك بەناوی هووریانییەکان Hurrians نیشتەجێبوون و لەژێر فەرمانی توێژێکی دەسەڵاتداری هیندوئێرانی دەژیان.

---

١- گرنی، آلور. *هیتی ها* ، ترجمه رقیه بهزادی، تهران، مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، و نیز: ایران نامك، لاپەڕە ٦٥ بەدواوە.

٢- لینتون، رالف. *سیر تمدن*، ترجمه پرویز مرزبان، تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ٤٠١ — ٤٠٢.



هووریانییەکان لەناوچە شاخاوییەکانی باشووری ڕۆژئاوای دەریای کاسپییەن نیشتەجێبوون. دوایی بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیانکرد و لەنزیکەی ٢٣٠٠ی پ.ز بەدواوە، چەند دەسەڵاتێکیان لە لێوارەکانی ڕووباری فورات و خابوور Khabur پێکهێنا کە یەکێك لەم دەسەڵاتانە دەوڵەتی میتانی Mittani بوو، ئەمانە لە نووسینەکانیاندا کەڵکیان لە زمانی هووریانی وەردەگرت کە زمانێکی قەفقازی ــ ئاسیایی بوو. ناوی هەندێ لە پاشاکانیان ڕیشەیەکی ئاریایی هەبوو و لەناو پۆلی خواوەندەکانیاندا خواوەندانێکی وەك ئیندرا Indra و ڤارۆنا Varuna دەبینران، کە لە دۆڵی سیند بایەخێکی فراوانیان پێدەدرا.

ئەو پۆلە ئاریاییانەی لە قەفقازەوە هاتبوون وردەوردە، لەناو خەڵکی ڕەسەنی هیتیایی و میتانی و کاسپییەکان Caspians دا توانەوە و لەناوچوون، و تەنیا هەندێك شوێنەواری کولتوری زمان و ناوی کەسان و ناوی کۆنی شوێنە جوگرافیاییەکانیان لێ ماوەتەوە.

# ئورارتووەکان Urartians

ئورارتوو[1] لە نووسراوە دێرینەکاندا بە شێوەی خالدی Khaldi هاتووە. لە تەوراتدا بە ئاراراتییەکان گوتراوە. تاڕادەیەکی زۆر هەمان ئەو سنوورە جوگرافیاییەی ئێستاکەی ئەرمینیای دەگرتەوە لەگەڵ ناوچەی وان Van کە ئێستا دەکەوێتە خاکی تورکیاوە.

دەوڵەتی ئورارتوو لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی پ.ز لە گۆڕەپانی مێژوودا بەدیارکەوت، ئەویش لەسەردەمێك کە ئەو دەوڵەتە بەهێزانەی وەك میسر، بابل و هیتی کە بەدرێژایی ماوەی هەزارەی دووەمی پ.ز لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەسەلاتیان دەگێڕا، یان بەیەکجاری لەناوچوون، یان بەرەو لاوازی و لەناوچوون دەڕۆیشتن. ناوی ئورارتوو بۆ یەکەمینجار لەناو بەڵگە ئاشوورییەکاندا دەبینرێت. لەم بەڵگانەدا، تەنیا باسی یەکگرتوویی گەلانی نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەکانی ئەرمینیای سەربە ئاسیای بچووك، و چیاکانی باشووری دەریاچەی وان کراوە. ئەم گەلانە ئۆرووئاتری Uruatri و نائیری Nairiیان پێدەگوترا و ولاتەکەیان سەربەخۆ و فەرمانڕەوای تایبەت بەخۆیان هەبوو.

لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی پ.ز، ئۆراڕتووەکان هەوڵیاندا سنووری خۆیان بۆ لای رۆژهەلات و باشوور فراوان بکەن. دوایی لە نزیك ٨٣٤ ی پ.ز، بۆ لای دەریاچەی ورمێ بەرێکەوتن و سنووری خاکی ئاشووریان بەزاند، بەشێوەیەك کە ئاشوورییەکان هەوڵی تۆڵە سەندنەوەیان دا. ئەو جەنگەی روویدا درێژەی پێدرا و بەسەرهاتەکەی

١- بهزادی، رقیه. ١٣٧٣، *قومهای کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*. تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی لاپەڕە ١٩٩ — ٢٢٢" فرای، ریچارد. ١٣٦٨، *میراث باستانی ایران*. ترجمە مسعود رجب نیا. تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی. لاپەڕە ١٠٩ بەدواوە.



لەسەر لەوحەیەکی مەفرەغی رازێنەرەوەی دەروازەی کۆشکی شەلمەنسەر Shalmanessar لە بالاوات Balawatـە. کۆمەڵە دیمەنێکی ئەم جەنگەی لەسەر نەخشێنراوە. ئۆراڕتووەکان کە لەم جەنگەدا شکستیان خواردووە، جلوبەرگیان بەشێوەی هیتییەکان و ئاشوورییەکانە. شەڕ و پێکدانانێکی زۆر لەنێوان ساڵانی ٧٤٣ تاکو ٧١٤ی پ.ز روویاندا، بەلام سەرەنجام ئاشوورییەکان کە بەگوێرەی ژمارە لە ئۆراڕتووەکان زۆرتر بوون، دوژمنانی خۆیان سەرکوت کرد و خستیانە ژێردەسەلاتی خۆیان و باجێکی زۆریان بەسەردا سەپاندن. لە بەڵگەکاندا باسی رادەیەکی زۆر لە کەلوپەلی زێڕین، زیوین و ئاسنین کراوە کە بە ئاشوورییەکان دراوە[1].

ئۆراڕتووەکان کە کەوتنە ژێردەستی ئاشوورییەکان، هەوڵیاندا پەیوەندییان لەگەڵ ئاشوورییەکان باش بکەن و لەئەنجامدا، لەسەردەمی دەسەلاتی یەکێك لە فەرمانڕەواکانیان بەناوی ئارگیشت Argisht ی دووەم، توانییان ئەو شارانەی بە هۆی جەنگ وێران ببوون نۆژەن بکەنەوە. لەم کاتەدا مادەکان کە بەدوای سەکاکان Scythians کەوتبوون، پێیان نایە ناو نیشتمانی ئەوانەوە و بڕیاریاندا فەرمانڕەوایانی ئورارتوو لە کار لابدەن و کۆتایی ئەم دەسەلاتە رابگەینن. بێگومان لەم مەبەستەیاندا بەتەواوی سەرکەوتن، چونکە دەوڵەتی ئۆراڕتوویان بەگشت دەسکەوتە کولتورییە پێشکەوتووەکەی لەناو برد.

ئۆراڕتووەکان بەهۆی کارامەیی سەرەنجڕاکێشیان لە پیشەسازیدا لەلایەن دراوسێکانیانەوە ستایش دەکران[2]. بەزۆری شتە دەسکردە مەفرەغییەکانیان بۆ لۆڕستان و ئاسیای بچووك و تەنانەت دوورتریش هەنارده دەکرا. هەندێك لەم کەلوپەلانە لەناوچەکانی تراکیا Tracia (تراس) دۆزراونەتەوە. پیشەسازەکانیان

١- تالبوت رایس، تامارا. ١٣٧٢، *هنرهای باستانی آسیای مرکزی تا دوره اسلامی*، ترجمە رقیە بهزادی، تهران: انتشارات تهران، لاپەڕە ٥٤ — ٥٥.

٢- کالیگان، ویلیام، ١٣٥٠. *مادی ها و پارسی ها*. ترجمە گودرز، اسعد بختیار، تهران: انتشارات مرکزی جشن های شاهنشاهی ایران، لاپەڕە ٢٤.

دەیانتوانی پەیکەری بە قەوارەی ئاسایی دروست بکەن. کۆمەڵە بەرهەمێکی لەم چەشنە هونەرە لە ناوچەی تۆپڕاق قەڵات Toprak Kala لە تورکیا و کارمیر بلوور Karmir blur و ئارین بێرد Arin Bhrd لە ئەرمینیا دۆزراونەتەوە. تۆپڕاق قەڵات، یەکەمین شوێنی توێژینەوە تاڕادەیەك گرنگە، کە سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی کۆمەڵە ئەفسانەیەکیان خوڵقاند و دروستکردنەکەیان دایە پاڵ سێمیرامیس Semiramis. لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی پ.ز ، ئۆراڕتووەکان دەستیان بە فراوانکردنی سنووری خۆیان کرد و بۆ ئەم مەبەستە لە ناوچەکانی نێوان دەریاچەی وان و ورمێ، واتا ناوچەی مووساسیر Musasir ی ئاشووری و لە هەرێمەکانی هەڵکەوتووی باشووری دەریاچەی ورمێ و ئەوپەڕی قەفقازیا، دەستیان بە جەنگ و پێکدادان کرد[1]. هەرێمی ناوەندی وڵات بەهێز کرا. پەرستنی ئەو پۆلە خواوەندانە هاتەئاراوە کە بەرلە ئێستا، هۆزە جۆراوجۆرەکان دەیانپەرستی. لە سەرووی گشت ئەم خواوەندانە، یەزدانی سێیینەی ئۆراڕتوویی بەناوی هالدی Haldi، تێئی شێبا Teisheba و شیڤینی Shivini دانرابوون.

ئورارتوو تەنانەت زۆرتر لە ئاشوور گەشەی کرد. لە رووداوەکانی ساڵانەی ساردووری Sarduri، یەکێك لە فەرمانڕەوایەکانی ئورارتوو کە کوڕی ئارگیشت بوو و لە نیوەی سەدەی هەشتەمی پ.ز بووە ئیمپراتۆر، باسی سەرکەوتنە سەربازییەکان کراوە دژبە ئاشوور و فراوانبوونی سنووری ئورارتوو و فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە تاکو دەریای ناوەڕاست و دەست بەسەر رێگە گرنگە بازرگانییەکان داگرتن. ئورارتوو بەم کارانە، ئاسیای بچووکی لەژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان دەرکردەوە و کولتووری ئۆراڕتوویی لەناو ئاسیای بچووك، لە ناوچەکانی دەوروپشتی دەریای ناوەڕاست، بەدیارکەوت. زاڵبوونی ئەم دەوڵەتە بەسەر رێگاکانی مەدیتەرانە، دژی بەرژەوەندییەکانی ئاشوور بوو و شێوەی دەوڵەتێکی پلە دووی بەم وڵاتە بەخشی. بەڵام ئاشوور ئەو توانایەی نەبوو بەرەنگاری ئورارتوو بێتەوە. شەڕوپێکدادانێکی بەردەوام روویدا بەڵام لەکۆتاییدا ئەوە ئۆراڕتووەکان بوون سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

١- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ٢٠٦.



ئورارتوو پاش لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشوور، هەروا بەردەوام ماوە، چونکە لە ٦١٢ی پ.ز نەینەوای پایتەختی ئاشوور، کەوتە ژێر دەستی هێزی یەکگرتووی بابل و ماد و نەتەوە کۆچەرەکان. بەڵام دەوڵەتی ئورارتوو لە ٥٩٠ی پ.ز ، بەدەستی مادەکان لەناوچوو، مادەکان تاکو ئەو کات سەربە دەسەڵاتی ئورارتوو بوون.

ئەوکات کە ئارياييەکان گەیشتنە ئێرانی رۆژئاوا، لەناو کۆمەڵە نەتەوەیەك نیشتەجێبوون کە خاوەن شارستانییەتێکی بەرز و بەرچاو بوون. بەم چەشنە، ئەم داگیرکەرانە لە نەتەوە بەزیوەکانی ژێردەستیان کۆمەڵێك شتی نوێ فێربوون. لەڕاستیدا ئەم بابەتە، کاری کردەسەر مێژووی گەشەسەندنی گەلانی تازەهاتوو، کە زۆر بەئەسپایی پێشدەکەوتن. پێدەچێت کە بەرەنگاربوونەوەیەك لەنێوان نەتەوەکانی نیشتەجێ و کۆچکردووەکان روویدابێت. بەپێی بۆچوون و گومان دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە کە لە سەدەی حەوتەمی پ.ز، ئەوکات مادەکان و پارسەکان گەیشتبوونە دوایین شوێنی نیشتەجێ بوونیان، نەتەوە ئارياييەکان لەم ناوچانەدا جێگربوون. لە ئاگرپادەگان[1] و رۆژئاوای ئێران، مادەکان و گەلانی تر تووشی خەڵکێکی رەسەنی ناوچەکە وەك ئۆراڕتوو، مانا و هووريانييەکان و نەتەوەکانی تر بوون کە بەزمانێکی جیا لە زمانی نەتەوە هیندوئەوروپييەکان دەدوان. ئەم نەتەوانە بەزمانێك دەدوان کە پێدەچێت پەیوەندی لەگەڵ زمانی قەفقازیای کۆن یان بە زمانی یافتی هەبوو کە ئێستا لە قەفقازیا پێدەدوێن. ئێرانییەکان ئیلامییەکانیان بەناوی ئۆجە Uja یان هۆجە Huja[2]

١- ئاگرپادەگان لە دوو بەشی ئاگر و پادەگان بەواتای پارێز پێکهاتووە و بەسەریەکەوە بەواتای پارێزەری ئاگرە. ناوی ناوچەیەکە لە رۆژئاوای ئێران و لە سەردەمی ساسانییەکان ئاگرگا و پەرسگەی ئایینی زەردەشتی تایبەت بە فەرمانڕەواکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە لەوێ دامەزرا. و.

٢- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ریشە و بنچینەی هوج= هوژ= خوج بەمانای ((خوش و خوز و هوز)) ← اقتداری، احمد. ١٣٥٤. *دیار شهریاران جلد نخستین آثار و بناهای تاریخی خوزستان*. تهران: سلسله انتشارات انجمن آثار ملی. لاپەڕە ١١٦٣ — ١١٦٤. *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ٢٧١.

دەناسـی. ئـەم وشـەیە لـە نـاوی هەنووکـەیی خوزسـتان بەرچـاو دەکـەوێت. لەوانەیـە ئیلامییەکان پەیوەندییان لەگەڵ خـەڵکێکی تـر لـەباکووری ئـەو ناوچـەیەدا واتـا لەگـەڵ لوولووبییـەکان Lullubians ، کاسـییەکان، Kassites و گـووتییـەکان Guttians دا هـەبو بێـت. گومـان دەکرێـت لـە هـەزارەی دووەمـی پ.ز دا لـەنێوان گـشت گـەلانی نیشتەجێی ئێرانی ئەوسا، پەیوەندییەکی پتەوی نەژادی و کولتوری هەبووبێت.

لە سنووری باکووری ئیلام کە تاکو سەدەی نۆیـەمی پ.ز ئـارام و بـێ هەسـتبوو، نیشتمانی ئێلیپی Ellipi دەبینرێت. ئەم نیشتمانە دۆڵەکانی زنجیرە چیاکانی باکووری رۆژهەڵاتی دەگرتەوە و لەوانەیە سـنوورەکەی تـاکو نەهاوەنـدی ئێـستا چـووبێت. ئـەو خەڵکانەی پێیان دەگوترا لوولووبی، دەشتی بەپیتی شـارەزووریان لەبەردەسـت دابـوو. سنووری ناوچە دێرینەکانی لوولووبییەکان، لێوارەکـانی باشـووری دەریاچـەی ورمـێ و دەورووبـەری رووبـاری ((جـەغتۆ)) بـوون. جـا ئەوکاتـەی لـە سـەدەی نۆیـەم وەك پارێزگایـەکی سـەربە ئاشـووری لێهـات، زامـووویـا Zamua یـان خـود مازامـوویـا Mazamua ی پێگوترا، بـاکووری ئـەم ناوچـەیەش نیـشتمانی ماننـاکـان بـووە، کـە یەکەمین وێستگەی پارسەکان لەکاتی رۆیشتنیان بەرەو پارسـوومـاش Parsumash و دواتر پارسە Parse بووە[1].

---

١- *ایران در سپیده‌دم تاریخ*. لاپەڕە ١٠٧ – ١٠٨. *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ٢٧٢ – ٢٧٣، فرای ریـچارد. ١٣٦٨، *مـیراث باستانی ایـران*. ترجمـه مـسعود رجـب نیـا. تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی لاپـەڕە ٩٧. گیرشمـن. ١٣٥٥. *ایـران از آغـاز تـا اسـلام*. ترجمه مسعود رجب نیا. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، لاپەڕە ٨٩.

# مانناکان Mannaeans

ولاتی ماننا[1] لە باشووری دەریاچەی ورمێ بوو کە بەشێکی گەورەی کوردستانی هەنووکەی دەگرتەوە و دانیشتوانەکەی ئاسیانی بوون و وەکو بەربەستێك لەبەردەم بەرەو پێشچوون و بەرفراوانکردنی سنووری مادەکان وەستابوون.

ئەو ناوانەی لە دوو نووسینی پارێزراوی پاشاکانی ئاشووری، کە گوزارشی وردی گەشتێکی جەنگی لە ساڵی ٧١٤ی پ.ز بەدەستەوە دەدات، پیشان دەدات سارگۆنی ئاشووری و سەربازەکانی بە تێپەڕین لە کێوی کوولار Kullar لە زێ ئاوی خواروو لەباکووری شارەزوور، گەیشتوونەتە خاکی مانناکان. فەرمانڕەوای ئێلیپی رۆیشتە خزمەت سارگۆن و سەرکردەکانی تری ناوچەکانی زاگرۆس بۆ پێشکەش کردنی دیاری پەیوەندییان بە دەوڵەتی ئاشووری کرد. بەگوێرەی بەڵگە ئاشوورییەکان لەناو دەسەلاتەکانی ناوچەی زاموا، دەوڵەتی ماننا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە.

دەوڵەتی ماننا لەسەدەی هەشتەمی پ.ز، چەندین جار لەگەڵ ئاشوور و ئورارتوو جەنگاوە. هیچ جۆرە نووسراوە بەردینێك لە پاشاکانی مانناییی لەبەر دەست دا نییە و زانیارییەکان تەنیا لەڕێگەی ساڵنامەکانی ئاشووری یان ئۆرارتووییەوە دەستکەوتوونە. دواتر ولاتی ماننا لەڕووی کولتوری و شارستانییەت و ئابووری، لە سەدەی هەشتەمی پ.ز توخمی سەرەکی دەسەلاتی دەوڵەتی مادی پێکهێنا. ولاتی ماننا تەواوە ناو دەوڵەتی ماد و مێژووی ماننا و مێژووی ماد ئاوێتەی یەکتری بوو[2].

١- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ٨٨.

٢- دیاکونوف، ا.م. ١٣٥٧. *تاریخ ماد*. ترجمە کریم کشاورز، تهران: انتشارات پیام، فلاپەڕەل دوم ١٦٣ بەدواوە. *قوم های کهن آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ٢٧٢ و بەدواوە.



ئایین لە بیروباوەڕی رۆژهەلاتی کۆندا فاکتەرێکی پڕبایەخ بوو. بڕیاردان سەبارەت بە ئایینی مانناکان بەگوێرەی دەقە ئاشوورییەکان و هەندێ لە ناوە تایبەتەکان کە لەناو ئەم دەقانەدا هاتوونە، ئەنجامدەدرێت. وشەی ئیلانی Ilani، بەواتای ((خواوەندەکان)) لە نووسراوی ئیمپراتۆرەکانی ئاشووریدا بەرچاودەکەوێت. سەبارەت بە شێوەی بوتەکانیان، تارادەیەکی زۆر بەپێی مەفرەغەکانی لۆرستان و وێنە نەخشێنراوەکانی سەر شوێنەوارە دۆزراوەکانی زێوییە Ziwiyyeh لە ولاتی ماننا، دەتوانین بڕیاربدەین. بەلام بەگشتی بەڵگەکان پیشاندەدەن ئایینی ولاتانی رۆژئاوای مادی کۆن لەگەڵ ئایینی هووریانییەکان و تارادەیەکیش لەگەڵ ئاشوورییەکان یەکبووە.

هونەری مەفرەغسازی لە لۆرستان و ناوچەکانی رۆژئاوا، هونەرێکی خۆماڵی بووە. گۆدار (Godar)ی مەفرغ ناسی بەناوبانگ، پێیوایە مێژووی ئەو مەفرغە درووستکراوانە لە بنارەکانی چیای زاگرۆس لە میزۆپۆتامیا، بۆ نزیکەی ١٢٠٠-١٠٠٠ی پ.ز دەگەڕێتەوە. گۆدار دەڵێت مانناکان لە لۆرستان گەشەیان بە هونەری کاسییەکان دا و سەکاکان کە لە ٦٨٠ی پ.ز هاتنە ناو خاکی ماد، فێری ئەو هونەرە بوون. ئەو ناوچەیەی کە کۆلێکسیۆنی زێویەی لێدۆزراوەتەوە، لە سەدەی حەوتەمی پ.ز سەر بە خاکی مانناکان بووە. مانناکان لە دەوروبەری ساڵانی ٦٦٠ ــ ٦٥٩ی پ.ز ، بەرامبەر بە سەکاکان شکستیان خوارد و نیشتمانەکەیان کەوتە ژێردەستی سەکاکان. لە ساڵنامەی سارگۆنی دووەم پاشای ئاشووردا باسی وێرانبوونی ((ئیزیریتۆ Izirt)) پایتەختی مانناکان و ((زیپیا Zippia)) کراوە کە هەمان زێویەیە. دوای رووخانی نەینەوا Ninveh لە ٦١٢ی پ.ز ، ماناکان کەوتنە بەر فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی مادەکان و دواتریش پارسەکان[1].

١- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ٢٧٥ — ٢٧٠. تاریخ ماد، لاپەڕە ١٦٧ — ١٦٨. *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ١٠٢ — ١٠٣ . رییس نیا، رحیم، ١٣٧٩. *آذربایجان در سیر تاریخ ایران از آغاز تا اسلام*، ج ١. تهران: انتشارات مبنا، لاپەڕە ٢١٣ بەدواوە.

## **لوولووەکان** Lullubians

نەتەوەیەکی کێونشینی ئاسیانی و نیشتەجێی زنجیرەچیاکانی زاگرۆس و باشووری ولاتی گووتییەکان بوون. لە زمانی ئۆراڕتوویدا لـوو Lu بـەواتای ((پیـاو و خـەڵك)) بووە. ئەم وشە ئاسیانییە بە وەرگرتنی وشەیەك لە زمانی سۆمەری یان بە هەڵکەوت، لەگەڵ ((لوو)) لە زمانی سـۆمەری هاوواتایـە کـە بـەواتای ((پیـاو و مـرۆڤ)) دێت و دووبارەبوونەوەی ئەم وشەیە واتـای ((کۆمـەڵانی خـەڵك)) دەدات. چـونکە لـە زمـانی سـۆمەریدا یـەکێك لەشـێوەکانی کـۆکردن، دووبـارە کردنـەوەی وشـە بـووە بـەم پێیـە ((لوولوو)) واتا ((کۆمەڵانی خەڵك))[1].

بەگوێرەی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان پێدەچێت لوولووبییەکان لە هـەزارەی سـێیەمی پ.ز خاوەن دەوڵەتێك بوونە کە لە چیاکانی بەشـی سـەرەوەی رووبـاری دیالـە تـاکو دەریاچەی ورمـێ بـەرفراوانبووە. لەسـەردەمی ئاشـوورییەکان، نیـشتمانی لوولووەکـان زاموئای پێگـووتراوە. لـە زمـانی هووریـانی وشـەی ((لوولـوو)) بـەواتای دوژمـن و بێگانە بووە.

لە باکووری شاری ((سەرپۆلی زەهاب)) لەسەر رێگای هەمەدان ـ بەغدا، لە هـەر دوولای ئاوی ((حەڵوان)) تەپکـەی ((میـان- کـەل Miyan-kal )) و ((کـەل- گـارا Kal-gara))، پیـــشاندەری ســـەرکەوتنی ئانووبـــانی نـــی Annubanini پاشـــای لوولووەکانە کە هۆزێکی سەربە کاششۆ بوون. مێژووی ئەم نەخـشە هەڵکەنراوانـە بـۆ

١- ***ایران نامك***، لاپـەڕە ٢٠٠. ***مـیراث باسـتانی ایـران***، لاپـەڕە ١٠٢. بـۆ کۆمەڵـەی نـەژادی ئـەم نەتەوەیە ← پێشوو، لاپەڕە ١٠٣. هینـتس، والـتر، ١٣٧١. ***دنیـای گمـشده ئـیلام***، ترجمـە فـیروز فیروزنیا، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ٩٠.



سـەردەمی نـارم- سـین Narm-sin ی پاشـای ئەکـەد دەگەڕێتـەوە. ئـەم نەخـشە هەڵکەنراوانە پیشاندەدەن کە لوولووبییـەکان لـە نیـوەی دووەمـی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز خاوەن دەوڵەتێك بوونە و کۆمەڵگاکـەیان بەسـەر چین و توێـژی جیـاواز دابـەش دەکرا. جلوبەرگی ئانووبانی نی لەم نەخشە هەڵکەنراوانەدا لەبـەرگی خـەڵکی ئاسـایی دەچـێت. زمـانی هۆزەکـەیان، گـووتی- لوولـووبی یـان میهرانـی بـووە و تاڕادەیـەك خزمایەتی لەگەڵ زمانە باوەکانی سەر بە خێزانی ئیلامی هەبووە.

هـۆی هێـرش و لەشکەرکێـشی فـەرمانڕەوایانی سـۆمەری و ئەکـەد بـۆ چیاکانی زاگرۆس دەسکەوتنی کۆیلە و دیل بـوو. سەرچاوە ئاشـوورییەکان لەسـەدەی نۆیـەمی پ.ز ، باسی کۆمەڵێك پیشەی کانزاکاری زۆر پێشکەوتوویان کردووە[1].

١- ***تاریخ ماد***، لاپەڕە ٦١، همان اثر، لاپەڕە ١٠٠ — ١٠١. ***قوم هـای کهـن در آسـیای مرکـزی و فلات ایران***، لاپەڕە ٢٨٨.

## کاسییەکان Kassites

نیشتمانی رەسەنی ئەم نەتەوەیە لەهەزارەی سێیەمی پ.ز ، دۆڵەکانی لۆرستان و بەختیاری بووە. لە هەزارەی دووەمی پ.ز هەندێك لە هۆزەکانی ئاریایی لە قەفقازیاوە هاتنە ناو ئەوان و کاریان کردە سەر ئایین و هونەری ئەوانەوە. ئاریاییەکان چۆنیەتی پەروەردەکردن و بەکاربردنی ئەسپیان فێری کاسییەکان کرد. کالیگان Kaligan لەڕووی نەژادییەوە ئەم نەتەوەیە وەکو میتانییەکان Mittanians بە قەفقازیایی دادەنێت، پێیوایە هونەری کانزاکاری کاسییەکان، واتا دروستکردنی مەفرەغەکانی ناوچەی لۆرستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەفقازیایین. هەروەها دەڵێت: ئەوان لە سوارچاکیدا لە نەتەوەکانی تر چالاکتر و کارامەتر بوونە و هەر ئەم کاسیانە بوونە کە نەژادی رەسەنی ئەسپیان بۆ ئێران و میزۆپۆتامیا هێناوە[1].

دۆڵە سەرسەوز و ناوچە شاخاوییەکانی چیاکانی زاگرۆس و ناوچەکانی کوردستان بۆ پەروەردەکردنی ئەسپ زۆر نایاب بوون و لە هەندێ شوێنی تایبەت لەم ناوچانەدا، ئەسپ بۆ گواستنەوەی سوپای ئێران بەکار دەهێنرا. خاوەندارییەتی ئەم شوێنانە کە بۆ پەروەردەکردنی ئەسپ شیاو بوو، خۆی یەکێك لە هۆکارەکانی ململانێی نێوان فەرمانڕەوایەکانی ماد و پارس لەگەڵ ئاشوورییەکان بوو.

هاتنی کاسییەکان بۆ لۆرستان بووە هۆی ئەوە تاکو گۆڕانکاری بەسەر هونەری ئەم ناوچەیەدا بێت. زۆربەی ئەم پیشانە بریتی بوون لە: ئامێرەکانی زین، لغاو و

١- کالیگان، ویلیام، ١٣٥٠، ***مادی ها و پارسی ها***، ترجمه گودرز اسعد بختیار، تهران: انتشارات شورای مرکزی جشن های شاهنشاهی، لاپەڕە ١٠ — ١١.



ئەو ئەڵقانەی کە قەڕاسەی لغاوی بەناودا تێدەپەڕی و بە کەژاوەکانەوە دەلکان. کۆمەڵێك چەك وەکو تەور و گوورز کە بە زۆری سەرەکەیان بەشێوەی ئەسپ بوو، دروست دەکران. سەردەمی کاسییەکان پڕبەرهەمترین چەرخی کانزاکاری لۆرستان بووە.

هەندێ لە مێژوونووسان بڕوایان وایە چیاکانی زاگرۆس شوێنی نیشتەجێبوونی کاسییەکان نەبووە. لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم لەناو بەڵگە ئاشوورییەکاندا ناوی ئەم نەتەوەیە هاتووە. لە هەزارەی دووەمی پ.ز، گەیشتوونەتە ناوچەکانی سەربە بابل. لەلایەن هەندێ لە مێژوونووسان جەخت لەسەر ئەم خاڵە کراوە کە فەرمانڕەوایەکانی کاسی نزیکەی ٥٧٦ ساڵ بەسەر بابلدا فەرمانڕەوایەتییان کردووە[1].

پێدەچێت فەرمانڕەوایەکانی کاسی سەر بە خێزانێکی ناوداری خاوەن دەسەڵاتی سەربازی بووبن و هەربۆیەش توانییان ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتداری بابل بن، ئەمە پێشاندەدات ئەوان فەرمانڕەوایانێکی لێهاتوو بوونە. جگە لە هونەری پەروەردەکردنی ئەسپ، دەبێ ئاماژە بە داهێنانەکەیان واتا دانانی هێمای بەردین بکەین کە بۆ دیاریکردنی سنووری زەوییەکان بووە. ئەم بەردانە کەبە کوودووروو Kudurru ناونراون[2]، بریتیبوونە لە کۆمەڵە تەختە بەردێك کە ئیمپراتۆرەکان بە پێی ئەوانەوە، دیارییان پێشکەش بەکەسانێکی دیاریکراو دەکرد و دیارییەکانیش بەشێوەی پارچە زەوی بوون. لەسەر ئەم بەردانە کۆمەڵە شتێك وەکو ناوەڕۆکی گرێبەستەکان و هەروەها نەفرین کردنی ئەو کەسانەی کە مافی پێشکەشکراوەکە پێشێل بکەن، هەروەها هێماکانی سەربە زانستی ئەستێرەناسی و سیمبولەکانی سەربەو خواوەندانە هەڵکەنرابوو کە دیارییەکان لەژێر چاودێری و ئاگاداری ئەوان دا

١- رو، ژرژ، ١٣٦٩، ***بين النهرين باستان***، ترجمه عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تهران: شرکت سهامی خالاپەڕە نشر آبی، لاپەڕە ٢١٧ — ٢١٨.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٢٤ — ٢٢٥.

دەبوون. گرنگی ئەم بەردانە تەنیا بۆ لایەنی ئابووری و ئایینییەوە ناگەڕێتەوە، بەڵکو خاوەن بەهای هونەریشن.

لێرەدا لەڕووی هونەرییەوە جگە لەمانە دەبێ باسی ئەو بەرهەمە هونەرییانەی تری کاسییەکان وەکو مۆرە لوولەییەکان بکەین کە کۆمەڵە هێمایەکی وەکو ((ابوالهول))[1]ی لەسەر هەڵکەنراوە و پیشاندەری پەیوەندی لەگەڵ میسرییەکانە و هەروەها خاچی یۆنانی، کەلوپەلە بازنەییە باڵدارەکە و پەیکەری باڵندەکان و گیانلەبەرانی تر کە پیشاندەری کاریگەری هونەری بێگانەکانە[2].

---

١- واتا تۆقێنەر، ئەو پەیکەرەی میسرییە کۆنەکان لە بەرد دروستیان کردووە لە نزیك هەرەمی خیووپس و لەشی لە شێوەی شێری نووستوو و سەری لە شێوەی مرۆڤە و بەرزییەکەی ١٧ مەتر و درێژییەکەی ٤٤ مەترە. و.

٢- ***تاریخ ماد***، ١٢٠ – ١٢١، ***قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران***، لاپەڕە ٣٢٢ – ٣٣٦.

## گووتییەکان Guttians

له بەرهەمە سۆمەری و هووریانیکاندا ئاماژە بەوەکراوە کە لەبنارەکانی رۆژئاوای زاگرۆس واتا لەو شوێنەی دواتر مادی رۆژئاوای لێدامەزرا، گووتییەکان[1] و ئەو هۆزانەی تری تێدا دەژیان کە نزیکایەتییان لەگەڵ ئیلامییەکان هەبوو. دەتوانین بڵێین پێکهاتەی نەژادی ئەم هۆزانەی ماد، لەهەزارەی سێیەم تاکو سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز ، نەگۆڕاوە و وەك خۆی ماوەتەوە و سەرجەم دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەدەریاچەی ورمێوە تاکو بەشی سەرووی رووباری دیالە، گووتی- لوولووبی بوونە. لوولووبییەکان لەناوچەکانی رۆژئاوا و گووتییەکان لە بەشەکانی رۆژهەڵات نیشتەجێ ببوون. بەڵگەی باوەڕپێکراو لەبەردەست دانە کە پیشاندەدات زمانی ئەم نەتەوانە سەربە زمانی ئیلامی بووە. ئەوان نەتەوەیەکی کێونشینی ئاسیانی بوون کە نیشتەجێی بەشی ناوەندی زاگرۆس بوون. لەوانەیە زاراوەی گووتی بۆ ناونانی ئەو کۆمەڵە هۆزە جیاجیایەی کە لە باکوور و رۆژهەڵاتی بابلدا ژیاون بەکارهاتبێت و پیشاندەری شوێن و وێستگەیەکی تایبەت نەبووە. لە ئەدەبیاتی کۆندا نیشتمانەکەیان لەگەڵ زنجیرە چیاکانی ((جوودی داخ)) لەباکووری ئاشوور بەیەك دانراوە. یاکۆبسۆن Jakobson سۆمەرناسی دانیمارکی پێیوایە یەکێك لە فەرمانڕەوایەکانی گەلی گووتی بەسەر نارام - سینگ دا سەردەکەوێت و نیپوور Nippur ی شاری پیرۆزی سۆمەرییەکان داگیردەکات. ئەگەرچی بەڵگەکان کەمن، بەڵام هەندێك بابەت لەبەردەست دانە کە بەگوێرەی ئەوان و بەپێی بۆچوون و گریمانەکان، دەتوانین تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتنی گووتییەکان و

١- *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ٢٦٣ — ٢٦٥. *ایران نامك*، لاپەڕە ١٩٣.



هەروەها فەرمانڕەوایەتی کردنیان لە ناوچەی میزۆپۆتامیا بەدیاربخەین. ناوی فەرمانڕەوایەکانی گووتی دوو تایبەتمەندی پێوەدیارە کە لەوانی تریان جیادەکاتەوە: تایبەتمەندی یەکەم، ماوەی کورتی فەرمانڕەوایەتی کردنیان و تایبەتمەندی دووەم، ئەو رستەیەی کە لەسەرەتای لیستی ناوەکانیان هاتووە، ((هۆزی گووتییەکان پاشای نەبوو))[1].

١- *ایران نامك*، لاپەڕە ١٩٣. *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ٢٦٣ — ٢٦٦. *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ١٠٠.

# ئیلام Elam

ئیلامییەکان بەناوی خووجا Khuja و ئووجا Uja ناسراون. خۆزستان و خووجستان ناوە فارسییەکەی ئەم نیشتمانەیە. سۆمەرییەکان ئیلامیان بە هێمای کوورتکراوەی NIM پیشاندەدا و ئەم وشەیە لە سۆمەریدا بەواتای ((سەروو)) بووە. ناوی شووش و ئیلام وەکو دوو نیشتمانی گەورە لە نووسراوە بەردینە دۆزراوەکانی رۆژگاری دەسەڵاتی گوودیَ ئا Gudea لە لاگاش Lagash بەرچاودەکەوێت کە یەکێك لە فەرمانڕەوا ناودارەکانی سۆمەر و بابل بووە و لەدەورووبەری ۲٤۰۰ی پ.ز فەرمانڕەوایەتی کردووە. لەسەر نووسراوە بەردینێك کە لە ۱۵۰۰ی پ.ز لە حەوتگردی خوزستان دۆزراوەتەوە و هی فەرمانڕەوایەکی ئیلامییە ناوی خوزستان بەرچاو دەکەوێت. ناوی خواوەندی ئینشووشیناك Inshusinak یش لەناو ئەم نووسراوە بەردینەدا هاتووە.

وشەی شووشەن Shusan لەزمانی عیبرانی بەواتای ((زەنبەق[1]، سووسەن)) هاتووە و ناوی شارێکە کە یۆنانییەکان بە سووسای ئیلامییەکان ناسیویانە و لە زمانی ئیلامیش سووسیانای Suaiana ی پێگوتراوە. شووشەن یان شووشان شێوەیەك لە ناوی شاری شووشە و ئەم وشەیە لەناو نووسراوەکەی ئاشووربانی پالAshur banipal[2] لەکاتی سەرکەوتنەکانی لە ئیلامدا ئاماژەی پێکراوە[3].

١- یان زەنبەق و زەنبەك ناوی رووەکێکە، گەڵاکانی درێژە و وەکو دەرمانیش بەکاری دەبەن. و.

٢- ئاشوور بانی پال (٦٦٩- ٦٢٧ پ.ز) دوایین فەرمانڕەوای مەزنی ئاشوور بوو و رێزێکی تایبەتی بۆ کولتور و فەرهەنگی بابلی دادەنا و فەرمانیدا تاکو دەقە کۆنەکانی بابلی کۆبکرێنەوە. و.

٣- اقتداری، احمد، ***١٣٤٥***، ***دیار شهریاران***، بخش دوم، تهران: سلسله انتشارات انجمن آثار ملی جمعی ١٠١٤ بەدواوە. ***ایران نامك***، لاپەڕە ١٩٨. هینتس، والتر، ١٣٧١، ***دنیای گمشده ئیلام***، ترجمه فیرز رفاهی، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ٢٥.



سەردەمی ئیلامییەکان بۆ رۆژگارێکی یەکجار کۆنی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە ئەوانەوە لەبەردەست دا نییە. دەڵێن یەکێك لە فەرمانڕەوایەکانی کیش Kish لە میزۆپۆتامیا، نیشتمانی ئیلامی داگیرکردووە، بەڵام ئەمەش جێگای گومانە. لەوانەیە ئەم نەتەوەیە پەیوەندی لەگەڵ گەلانی تری نیشتەجێی بنارەکانی زاگرۆس وەکو لوولووبییەکان و کاسییەکان و گووتییەکان هەبووبێت. دەشێ بڵێین لە هەزارەی دووەمی پ.ز جۆرە پەیوەندییەکی نەژادی و کولتوری بەهێز لەنێوان گەلانی نیشتەجێی رۆژئاوای ئێرانی کۆن لە ئارادابووبێت[1].

لە هەزارەی دووەمی پ.ز دەسەڵاتێکی نوێ لە ئیلامدا هاتەسەرکار کە فەرمانڕەواکانیان خۆیان بە ((پەیامبەر ــ خواوەند، باوك و پاشا)) (بۆ ئەنزان Anzan و شووش) دادەنا. بەڵگە ئابوورییەکان کە بە زمانی ئەکەدی و سەربەو سەردەمن پیشاندەدەن سیستەمێکی ئابووری گەشەسەندوویان هەبووە. لە سەرەتای هەزارەی دووەم ئیلامییەکان هێرشیان بردەسەر میزۆپۆتامیا و بابلیان داگیرکرد و شتێکی زۆریان دەسکەوت، لەو دەسکەوتانە ستوونی نایابی یاساکانی هاموورابیHammurabi[2] بوو کە لەگەڵ خۆیان بۆ شاری شووشیان برد. بەڵام سەرکەوتنی دواتری هاموورابی بەسەر ئەوانەوە، پێش بەرەو پێشچوونی ئیلامی گرت و لەم کاتەدابوو کە ناوی ئیلام لەناو ساڵنامەکاندا سڕایەوە. بەڵام دوای سەدەیەك

١- ***میراث باستانی ایران***، لاپەڕە ٩٧. ***ایران از آغاز تا اسلام***، لاپەڕە ٥٣ — ٥٤.

٢- یاساکانی حاموورابی کە لە بابل لە دەورووبەری ١٧٥٠ی پ . ز لە رۆژگاری دەسەڵاتداری حاموورابی یان حەموورابی داڕێژراوە. ئەم کۆمەڵە یاسایە کە لەسەر بەردێك بە بەرزی ٢/٢٥ مەتر نەخشێنراوە لە شووشی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی ئیلامی دۆزراوەتەوە. لە لای سەرەوەی ئەم یاسایانە شەمەشی خواوەندی خۆر کە خواوەندی دادپەروەریشە لەسەر تەختێك دانیشتووە و حاموورابی لە بەرامبەری وەستاوە و یاساکانی لێوەردەگرێت. نووسراوە بەردینەکە لە پێشەکی و ناوەڕاست و کۆتایی پێکهاتووە. و.

سـەرلەنوێ لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی کووتیرنـاخوونتێ Kutir Nahhunté ی ئیمپراتۆری ئیلام، ناوی ئیلام بەرچاو دەکەوێتەوە.

سەبارەت بە نەژادی ئیلامییەکان نـاتوانین بڕیارێـك دەربکـەین، تـەنیا دەتـوانین بڵـێین نەژادێکی تێکەڵیان هـەبووە. هەرچـەندە تـاکو ئێـستا نـەتوانراوە هـیچ جۆرە پەیوەست بوونێکیان بە یەکێك لەو نەتەوە ناسراوانە دیاری بکرێت، بەڵام پێدەچێت لەگـەڵ گـەلانی کێونشینی زاگرۆس نزیکایەتییەکیان هـەبووبێت. لەسـەر دیـواری کۆشـکی خـاپوورکراوی داریوش لە شووش کە لەدەورووبـەری ٥٠٠ی پ.ز دروسـتکراوە، رەچەڵەکناسـەکان سـێ جۆرە نەژادیان جیاکردۆتـەوە. هەنـدێکیان پێـست سـپی و بەڕواڵـەت ئێرانینـە ئەگەرچـی جلوبەرگی ئیلامیشیان لەبەردایە، دەستەیەکی تریشیان، قاوەیی و ئـەوانی تـر تاڕادەیـەك رەشن. تەنانەت ئێستاش خەڵکانێکی پێست رەش لە خوزستان هەن کە بە هیچ شێوەیەك لـە ئەفریقییـەکان ناچـن. گومانـدەکرێت دانیـشتوانی ئیلامـی کـۆن لـە چـەند نـەژادێك پێکهاتبوون و بە یەکەمین دانیشتوانی رەش پێستی ئەم ناوچەیە دەژمێردرێن.

لەلایەکی تر، پێدەچێت ئـەو پاسـەوانە پێـست قاوەییانـەی پەیکەرەکـەیان لەسـەر دیوارەکانی کۆشکی شووش هەڵکەنراوە، ئەو ئیلامییە کێونشینانە بـن کـە بەشـێوەی هۆزی لۆر ماونەتەوە. زۆربەی لۆرەکان قـژێکی رەش و پێـستێکی بۆریـان هەیـە و لـە ژیانی کێونشینی راهاتوونە و بالایان لە بالای دانیشتوانی دەشت بەرزترە[1].

سـەبارەت بـە رەش پێـستبوونی ئیلامییـەکان گـوتراوە لـە سـەردەمێکدا کـە مێژووەکەی نادیارە یەکەمین پۆلی کۆچەران کە لـە ئـەفریقیاوە رویـان لـە عـەرەبـستان کردبوو، لە کەناڵی هۆرمۆز تێپـەڕین و پێیـان نایـە باشـووری بـان. کۆمـەڵێکیان لـە بانەکە مانەوە و ئەوانی تر بەرەو نیمچە دورگەی هیند بەرێکـەوتن و لـەوێ نێگریتـوو (Negritu) یـان پێگـوترا. دوای ئەمانـەش باشـوورییەکان و مەدیتەرانەییـەکان و قەفقازییەکان رویان لە بان کرد[2].

١- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ٢٩٢ — ٢٩٣. *دنیای گمشده ئیلام*، لاپەڕە ٢٧.

٢- قرشی، امان الله، ١٣٨٠، *آب و کوه در اساطیر هند و ایرانی*، تهران: انتشارات هرمس با همکاری مرکز بین المللی گفتگوی تمدنها، لاپەڕە ٧٩.



زۆر ئاستەمە مرۆڤناسان بیرلـەوە بکەنـەوە لـەڕووی نەتەوەناسـییەوە دانیـشتوانی ئەمرۆکـەی ئێـران بتـوانن کۆمەڵەیـەکی خێزانـی یـەکگرتوو پێکبێـنن. چـونکە لـە دێرزەمانەوە دەشتەکانی ئێران گۆڕەپانی جـەنگ و پێکـدادان بـووە. لەڕاسـتیدا ئێـران پردێك بووە لە نێـوان رۆژهـەڵاتی دوور و نیـشتمانی میزۆپۆتامیـا. بـەم پێیـە بەشـی باشووری ئێران بەگوێرەی پێکهاتـەی نـەژادی و زمـانی لـە چـەندین نەتـەوە و زمـانی جۆراوجۆر و رەنگاڵە پێکهاتووە.

ئـەو مرۆڤناسـانەی خـەریکی لێکۆڵینـەوە لـە تایبەتمەندییـە فیـسیۆلۆژییەکانی گـەلانن، دڵنیـان میزۆپۆتامیـا هێڵـی سـنووری رۆژهـەڵاتی گـەلانی سـامی بـووە. سامییەکان ئەو نەتەوە مەدیتەرانەییە پێست بۆرانەن کە لـە عـەرەبـستانەوە هێرشـیان بردبووە سەر میزۆپۆتامیا، بەڵام لە رۆژگارە کۆنەکانەوە لە ئێراندا نیشتەجێ نـەبوون. کاتێـك لـە بەشـی دەیـەمی سـێفری ئەفرانـدن[1] ئـیلام بـە کـوڕی سام دادەنرێـت، بـە زاراوەیـەکی جوگرافیـایی و کولتـوری دەدوێـت[2]. لەلایـەکی تـریش پێدەچـێت لـە سەردەمێکدا کۆمەڵە خەڵکێکی رەش پێست لە نیمچە کیـشوەری عـەرەبـستانەوە بـە درێژایی کەناری کەنداوی عـەرەب یان کەنداوی فـارس بـەرەو رۆژهـەڵات بەرێکـەوتبن. مێژوونووسانی یۆنانی ئاماژە بە حەبەشییەکانی دانیشتووی رۆژهەڵاتی ئێران دەکـەن. جیاوازی ئەم حەبەشییانە لەگەڵ رەش پێستەکان دەگەڕێتەوە بۆ قـژی سـاف و کەلـەی سەری خڕیان. بەڵام هەرگیز وەکو پێکهاتەیەکی گەورە و گرنگ لەناو دانیشتوانی بـان لەقەڵەم نەدراون[3].

١- کتێب، کتێبی گەورە. بەشێك لـە بەشـەکانی تـەورات، نـاوی هـەر یـەك لـە پێـنج گوزارشـی یەکەمی رۆژگاری دێرینی تەورات (عـهدالقـدیم): سـێفری ئەفرانـدن، سـێفری دەرچـوون، سـێفری لاویان، سێفری ئامادەکردن و سێفری دوانەکردن یان تثنیة و کۆی ئەم سێفرانە اسـفار خمـسه یـان پێنج سێفری موسای پێدەگوترێت. و.

٢- کامرون، جورج، ١٣٦٥، *ایران در سپیده دم تاریخ*، ترجمه حسن انوشه، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ١٦ — ١٧. *تاریخ ماد*، فلاپەڕەل پنجم، لاپەڕە ٣٣١.

٣- *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ١٦.

تایبەتمەندییەکانی زمانی ئیلامی تەنیا لەناو کۆمەڵەیەکی زمانیدا ماوەتەوە کە لە ناوچەکانی قەفقازیا قسەی پێدەکرێت. بەڵام جگە لەمەش کۆمەڵە لێکچوونێکی دەنگی و ڕێزمانی لە نێوان زمانی ئیلامی و زمانەکانی تامیلی (دراڤیدی) ناوچەکانی باشووری هیند دەبینرێت. هەروەها زۆربەی پێکهاتەکانی زمانی ئیلامی لەناو زمانەکانی گووتی و لوولووەکانی دانیشتووی بنارەکانی چیای زاگرۆس و خالدی Khaldi یەکانی نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی ئەرمینیای کۆن و هووریانییەکانی دانیشتووی لێواری فورات و هەندێك لە گەلانی ئاسیای بچووك وەکو هیتییە کۆنەکان و لووکیاییەکان Lycians و لوودیاییەکان Lydians بەرچاودەکەوێت. نابێ ئەم کۆمەڵە لێکچوونە بە لێکچوون و هاوبەشایەتی زمانی دابنرێت، بەڵکو ئەم جۆرە لێکچوونانە پەیوەندی بە نزیکایەتی و خزمایەتی نەتەوەییەوە هەیە[1].

لەبەر کاریگەری و بەربڵاوبوونی ئێرانییەکانە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بەولاوە لۆرەکانی ئیلامی بە زمانی فارسی دواون. بەڵام لە دەورووبەری ١٠٠٠ی پ.ز دا جوگرافیناسە عەرەبەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی خوزستان ڕووبەڕووی زمانێکی نەناسراو دەبنەوە. ئەم زمانە، زمانی خوزی یان خۆزی واتا دوایین پاشماوەی زمانی ئیلامی بوو. ناوی خوزی بۆ ڕۆژگارێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، تەنانەت داریوشی گەورە ناوی ئیلامی بەکار نەهێناوە بەڵکو ئاماژەی بە ناوی هووزییەکان کردووە. بێگومان هووزی هەمان نەژادی ئیلامییە کە لەپاش ئەسکەندەر ملکەچی فەرمانڕەوا یۆنانییەکان نەبوون. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە شارەکانی سەربە ماوەی هەزارەی سێیەمی پ.ز ئەنجام دراون، کۆمەڵێك زانیاری سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئیلامی کۆن بەدەست هاتوون. ئەم زانیارییانە هەرگیز تەواو و پڕ نینە بەڵام هەندێ لە لایەنەکانی ژیانی ئەم نەتەوەیەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

ئیلامییەکان چۆن نەتەوەیەك بوونە، جوگرافیناسە عەرەبەکان لەسەردەمی ئیسلامی بەراییدا بەم چەشنە وەسفی ئیلامییەکان دەکەن، ئیلامییەکان خەڵکێکی ناشرین،

١- *ایران نامک*، لاپەڕە ١٩٢.



گەورە و نارێك و زەبەلاح، جەنگاوەر و چاوچنۆك بوونە. هەزاران ساڵ بەر لەم عەرەبانە ئاشووری و بابلییەکان بەمجۆرە باسی ئیلامییەکانیان کردووە، ((ئیلامییە شەڕخوازەکان)). بەڵام ئەمانە ڕوانگەی دوژمنانی ئیلامییەکان بووە. ئیلامییەکان لەلایەن دراوسێکانیانەوە زۆر بە بەدگومانییەوە سەیرکراون و پێیانوایە ئیلام نیشتمانی جادووگەران و گیانە ناپاکەکانە. بەڵام ئەو بەڵگە کەمانەی بە دەستمان گەیشتوون، باسی وەفاداری و هەستی خۆشەویستی ئیلامییەکان بۆ خێزانەکەیان دەکەن. زاناکان پێیانوایە بابلی و ئاشووری و سۆمەرییەکان سەبارەت بە ئیلامییەکان لە هەڵە دا بوونە و ئەمەش پیشاندەری گیانی ڕەشبینانەی ئەوانە سەبارەت بە ئیلامییەکان[1].

سەبارەت بە خەت و زمانی ئیلامییەکان دەبێ بڵێین لە ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز، لەپاش ئەوەی سۆمەرییەکان خەتی بزماریان داهێنا تاکو بتوانن بەهۆیەوە بنووسن، ئەم داهێنانە پاش ماوەیەك لەلایەن ئیلامییەکانەوە بەکار هێنرا. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت کەمێك جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێت، ئاشکرایە خەتی ئیلامی لەسەر بنەمای شێوەی سۆمەری بووە و هەر زوو لە کارە بازرگانییەکاندا بەکارهات و پێدەچێت خەتی ئیلامی کۆن زیاتر لە١٥٠ لۆگۆگرام Logogram[2]ی نەبووبێت و بەشێوازی جۆراوجۆر لێکدراون و هەر لەبەر ئەوەیە بینەر بەهەڵەدا دەچێت و وادەزانێت ژمارەی هێماکان بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زۆرە. لە سەدەکانی دوای ٢٩٠٠ی پ.ز بەولاوە ئەم خەتە شێوەیەکی سادەی وەرگرت، گەشەی خەت لە سۆمەریش بەم چەشنە ڕوویدا. لەوانەیە دەبیرانی[3] ئەم

١- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ٢٩٣. *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە، ٢٩٥. *دنیای گمشده ئیلام*، لاپەڕە ٣١ – ٣٢.

٢- هێما یان پیتێك کە لە خێرانووسیدا، نوێنەری وشەیەك بێت. واتا ئەو هێمایەی لە شوێن وشەیەك دادەنرێت. بۆ زانیاری سەبارەت بە خەتی بەرلە ئیلامی و ئیلامی ← فریدریش، یوهانس، ١٣٦٨. *تاریخ خطهای جهان و سیر تحول آن ها از آغاز تا امروز*، ترجمه فیروز رفاهی، تهران: دنیا، لاپەڕە ٦٠، ٦٥ – ٦٦.

٣- نووسەر، کەسێك کە ئەرکی نووسینی بە ئەستۆ بێت. دەویریشی پێگوتراوە. و.

دوو وڵاتە کاریان لە یەکتری کردبێت. بەم شێوەیە خەتی ستوونی لە ئیلام و سۆمەر شێوازێکی باوی وەرگرت و نەتەنیا بابەتە بازرگانییەکانی پێ دەنووسراوە بەڵکو بۆ کاری تایبەتی سیاسی، مێژوویی و مەزهەبی و کەسیش بەکاردەهێنرا. ئەم خەتە هەشتا هێمای هەبوو و لەسەرەوە بەرەو خوارەوە دەنووسرا[1].

گشت نووسراوە بەردینە دۆزراوەکانی خەتی ستوونی ئیلامی، هی ئیمپراتۆرێکە کە لە دەورووبەری ٢٢٥٠ی پ.ز فەرمانڕەوایەتی کردووە. ئەم نووسراوە بەردینانە گشتیان لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی خوێنرانەوە و بۆرك Bork زانای بەناوبانگ رایگەیاند، بابەتی یەکێك لەم نووسراوانە بە زمانی بابلییە. بەڵام توانی سێ هێما لە پەنجا و پێنج هێماکە بەباشی بخوێنێتەوە و دوایی کێشەی هێماکانی تر لەلایەن زاناکانی ترەوە چارەسەرکران[2].

خەتی ستوونی ئیلامی لە ٢٢٢٠ی پ.ز بە مردنی کلّتیك- ئینشووشی ناك — Inshushinak Klltik[3] لەناوچوو و لە ئەنجامدا خەتی سۆمەری- بابلی (ئەکەدی) شوێنی گرتەوە و لەکۆتاییدا گۆڕا و بووە خەتی بزماری. دەور و کاریگەری ئەم خەتە لە سەدەی ٢٥ یان ٢٤ی پ.ز دەستی پێکردبوو. ئەمە تا کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیلام لە ٦٤٠ی پ.ز بەردەوامبوو. خەتی بزماری ئەکەدی لەسەردەستی ئیلامییەکان گەشە و گۆڕانی بەسەردا هات. دەبیرە شووشییەکان بەوریاییەوە لەگشت تایبەتمەندییەکانی خەتی بزماریان کۆڵییەوە و هەوڵی سادەکردنیان دا و ئەم خەتە تاکو ئاستی ئەلف و پیتی گەشەی پێدرا و ئەم دەبیرانە لەدەورووبەری ٢٥٠ی پ.ز بەیارمەتی دەبیرانی ئارامی، خەتی بزماری فارسی کۆنیان بۆ داریوشی هەخامەنێشی داهێنا. دەتوانین ئەم خەتە بە سنووری نێوان خەتی بزماری و خەتی ئەلف و پیتی دابنێین[1].

پێشەنگانی سەدەی نۆزدەهەم لە بواری دۆزینەوەی خەتی بزماری ئیلامی بریتینە لە وێستێرگارد Westergard ، هینێکز Hineks ، راولینسۆن Rawlinson، نۆریس Noris، ئۆپێرت Oppert . لەدوای ئەوانە وایسباخ Weissbach یش لەسەر ئەم کارە بەردەوامبوو، لەوکاتەوە تاکو ئێستا چەند هێمای جیاواز بە تایبەتی لەناو نووسراوە بەردینەکانی کۆلێکسیۆنی داریوش دۆزراونەتەوە[2].

پێدەچێت پیشاندان و روونکردنەوەی مێژووی ئیلام تاڕادەیەکی زۆر ئاستەنگ بێت، چونکە ئەوەی راستی بێت زانیارییە مێژووییەکان سەبارەت بەم نەتەوەیە لە نووسراوە بزمارییەکانی ئەکەدییەوە دەسکەوتوون. ئیلامییەکان جگەلە ئارەزووی جەنگ کردن لەگەڵ فەرمانڕەوایەکانی میزۆپۆتامیا، خواست و ئاواتی تریشیان هەبووە. لە کۆمەڵگای ئیلامی کۆن، ژن دەورێکی باڵاتر لە پیاوی پێدرابوو و مافی دەسەڵاتداری لەلایەن دایکەوە دەگواسترایەوە. هاوسەرگیری لەگەڵ نزیکان وەکو دایك و خوشك بەڕەوا دادەنرا، پێدەچێت ئەم نەریتە لەوانەوە بۆ هەخامەنشییەکان گوازرابێتەوە.

ئیلامییەکان بەر لە نەتەوە رەسەنەکانی دانیشتووی بان، قۆناغی دایکسالارییان تێپەڕاند. لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغی پیاوسالاریدا ژن لەلایەن ئیلامییەکانەوە دەور و مافێکی زۆرتری پێدرا تاکو لەناو گەلانی تری ئاسیایی Asianc. ئافرەتی ئیلامی خەریکی کاری بازرگانی و ئاڵوگۆڕ و رێکخستنی بەڵگەکان دەبوون و لەڕووی

---

١- ***دنیای گمشده عیلام***، لاپەڕە ٣٢ بەدواوە، جمعی از متخصصین و پژوهشگران، ١٣٧٥، ***زبان، کتیبه و متون***، تهران: سازمان میراث فرهنگی، لاپەڕە ٢١٥ بەدواوە.

٢- ***تاریخ خطهای جهان و سیر تحول آن ها از آغاز تا امروز***، لاپەڕە ٦٥. ***قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران***، لاپەڕە ٣٠٢ و ٣٠٣ — ٣٠٤. فریدریش، یوهانس، ١٣٦٥، ***زبان های خاموش***، ترجمه دکتر یدالله ثمره — دکتر بدرالزمان قریب، تهران: مؤسسه مطالعات و فرهنگی (پژوهشگاه) لاپەڕە ٨٥ — ٨٦. جمعی از متخصصین و پژوهشگران، ١٣٧٥. ***زبان، کتیبه و متون***، تهران: سازمان میراث فرهنگی، لاپەڕە ٢١٥ — ٢٢٠.

٣- خواوەندی شاری شووشە و لە هەزارەی دووەمی پ.ز کاتێك شووش بە پایتەختی ئیلام دانرا، (ئینشووشی ناك) هاتە ریزی سێ خواوەندی گەورەوە. هەروەها خواوەندی سوێندخواردن و خواوەندی دادوەری مردووەکان و جیهانی مردووەکانیش بوو. ئینشووشی ناك و خۆر خواوەندانی شەو و رۆژن و لە ئایینی ئیلامیدا بە ((باوکی هەژاران)) دادەنرا و لەتەك هۆمبان سەروەری خواوەندەکانیان پێدەگوترا. و.



---

١- سەرچاوەی پێشوو.

٢- سەرچاوەی پێشوو.

میراتەوەش لەگەڵ پیاو یەکسان بوون. سەبارەت بە بەخشین و دابەشکردنی سامانەکەی بۆ میراتگران، وەسیەتنامەی دەنووسی، مافی ئەوەی هەبوو کۆیلە و کوێرکەری هەبێت. لە بەڵگە ئیلامییەکاندا بەردەوام ئاماژە بەوە کراوە کە دەسەڵات و تەختی فەرمانڕەوایەتی بەپێی نەژادی دایکییەوە بە فەرمانڕەوەای نوێ دەسپێردرێت[1].

ئایینی ئیلامییەکان جەوهەرێکی فرە یەزدانی هەبوو. ناوی زۆربەی خواوەندەکان تەنیا لە ڕێگەی گومان و بۆچوونەوە دیاریکراون. تایبەتمەندی ئایینی ئیلامییەکان لەسەر بنەمای ڕێزلێنان لە دایك و مارەکانەوە بونیات نرابوو کە لە جادوو و ئەفسوونەوە سەرچاوەی گرتبوو. لەڕاستیدا دیاردەی مار لە گشت لایەنەکانی شارستانییەتی ئیلامی بەرچاوە. وێنەی مار بۆ ڕازاندنەوەی پێشخۆر و جامی گڵی، سەرپۆشی گۆزە و هەروەها وەکو پارێزەری دەروازەکان بەکاردەهێنرا. لە هەڵکەندنە شوێنەوارناسییە کۆنەکانی سەربەو کات، وێنەی مار لەتەك داری ژیان و سیمبولی زاوزێ بوو، ئەم سیمبولە تاکو میسریش گواستراوە[2]. کۆمەڵە یەزدان ژنێکی وەکو پینی کیر Pinikir[3] و کیری ریشا Kiririsha[4] هەبوون کە دایك- یەزدان بوون و فەرمانڕەوا و شازادە ئیلامییەکان چەندین پەرستگەیان بۆ تەرخان کردبوون.

---

١- *ایران در سپیده دم تاریخ*، لاپەڕە ١٨. *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ٩٨. *ایران نامك*، لاپەڕە ١٩٢.

٢- مار پارێزەری ئاو و عەقڵ و سامان و ژیانە. بەبڕوای ئیلامییەکان مار پارێزەرێکە لە بەرامبەر هێزە ئەهریمەنییەکان. و.

٣- لە سەدەی بیست و سێیەمی پ.ز پینیکیری یەزدان ژن سەرۆکی خواوەندانی جیهان و دایکی خواوەندانی ئیلامی بوو. ئەم سەروەرییە تاکو هەزارەی سێیەمی پ.ز هەروا بەردەوامبوو و لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز هۆمبان Homban ی نێرینە بووە سەروەری گەورەی خواوەندانی ئیلامی. لە میزۆپۆتامیا پینی کیری ئیلامی بەرامبەربە ئیشتەری هاوسەری مەردۆك و بە یەزدان ژنی گەورە دادەنرێت. و.

٤- ناوێکی تری پینی کیرە و هاوسەری هۆمبان بوو. و.



لە هەزارەی دووەمی پ.ز کە وردەوردە دایکسالاری شوێنی خۆی بە باوکسالاری دەدا، پلەوپایەی یەزدان ژنەکان دابەزی و ئەو خواوەندە نێرینەیەی کە یەزدان ژنی گەورە ناچار بوو شوێنی خۆی پێبدات، ناوی هووم بان Humban[1] بوو. ئەم خواوەندە لەسەرانسەری ئیلام پەرسترا.

جگەلە خۆر - یەزدان بەناوی ناهوونتێ Nahhunteh کە ناوەکەی بەواتای ((بەدیهێنەری ڕۆژ))ە. مانگ- یەزدانێك لە ئیلامدا هەبوو و لەڕاستیدا گشت شێوەکانی ئەستێرەناسی و دیاردە سروشتی و تەنانەت دەریاکانیش لەلایەن ئیلامییەکانەوە دەپەرستران. ناوی مانگ- یەزدان، لەبەر نووسینی بە شێوە خەتی ئەکەدی بەردەوام بەشێوەی ((سین Sin)) پیشاندراوە. ((درەخشان)) سیفەتی ئەم خواوەندە بوو و لەناو ئیلامییەکاندا مانگ بە ((باوکی هەتیوان)) دادەنرا[2]. پایەبەرزترین خواوەندی ئیلامی سیمووت یان شیمووت Shimut ە، ناوەکەی بەواتای ((خواوەندی ئیلامییەکان))ە. ئەم خواوەندە بە ((ناردراوی بەتوانای خواوەندەکان)) دادەنرێت و لە گشت ناوچەکە دەیانپەرستی. ژنەکەی ناوی مانزات Manzat (مانزیت Manzit) بوو.

ئیلامییەکان بڕوایان وابوو گشت خواوەندەکان خاوەن توانا و هێزێکی سەرسووڕهێنەر بەناوی ((کیتێن Kiten[3]))ن. کیتێن شکۆ و گەورەیی یەزدانی بوو و

---

١- لەپاش ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی دایك سالارییەوە گوازراوە بۆ سیستەمی باوکسالاری هوومبان شوێنی ئینشووشی ناکی خواوەندی گەورەی گرتەوە و بووە سەروەری خواوەندەکان. و.

٢- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ٣٠٨. *دنیای گمشده أیلام*. لاپەڕە ٥٥.

٣- ئیلامییەکان پێیان وابووە خواوەند و فەرمانڕەوایەکان خاوەن هێز و توانایەکی تایبەت بەناوی (کیتێن) بوونە. ئەمەش خۆی هێزێکی شاراوە و ئاسمانی بووە و دوو لایەنی پاراستن و لەناوبردنی گرتۆتەوە. فەرمانڕەوایانی ئیلامی کیتێنیان بە سەرچاوەی دەسەڵات و هێز و توانای خۆیان دەزانی. ئەگەر کیتێن پشتیوانی لە فەرمانڕەوا کردبا ئەوە بەسەر دوژمناندا سەردەکەوت، بەڵام ئەگەر

بۆ مەبەستی پارێزگاری بەکاردەهێنرا و فەرمانڕەوایانی ئیلامی دەسەڵاتی پاشایەتی خۆیان لەسەر بنەمای پشتیوانی لێکردن لەلایەن کیتێنەوە بوونیات نابوو. ئەوەی راستی بێت زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە ئایینی ئیلامییەکان لەدەستدا نییە. لەسەر یەکێك لە مۆرەکان پەیکەری خواوەندێك نەخشێنراوە کە لەسەر تەختێك دانیشتووە و کۆمەڵە کەسێکیش هەڵیان گرتووە. ژەنەرێك لەبەردەم پەیکەرەکە دانیشتووە و چەند پیاوێك لە تەکیەوە بەڕێوە دەڕۆن. بەڕێوە رۆیشتنی ئەو کۆمەڵە کەسەی کە پەیکەری خواوەندەکانیان دەگواستەوە لە سەرجەم ناوچەکانی نیشتمانی میزۆپۆتامیادا باو بووە. ئەگەرچی تایبەت بە ئیلامییەکان بووە. لە پەرستگەکان کۆمەڵە پەیکەر و شوێنێکی تایبەت بۆ مەبەستی قوربانیکردن هەبوونە کە رێوڕەسمی پێشکەشکردنی قوربانی تێدا بەڕێوەدەچوو. بەزۆری ئەم پەرستگانە لە شوێنە بەرزەکان دروست دەکران. پەرستگەیەك بەوپەڕی شکۆ و گەورەییەوە لەناوەندی ئەنشان ماوەتەوە. ئەم پەرستگەیە دەکەوێتە سەر چیایەك کە بەسەر رووباری فێهلییان دەڕوانێت. نەخشێکی هەڵکەنراو لەوێدا بەدیدەکرێت کە لەوانەیە بۆ ٢٠٠٠ی پ.ز بگەڕێتەوە و کۆمەڵە کاهینێك[1] پیشان دەدات کە خەریکی قوربانی کردنن[2]. لەم پەرستگەیەدا پەیکەری دوو خواوەند لەگەڵ چەند تەختێك دەبینرێن،

تورەیی و نەفرەتی خواوەندەکان بەرۆکەی فەرمانڕەوایەکی گرتباوە، کیتێنی لێدەسەنراوە و دوژمنان بەسەری دا سەردەکەوتن و لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی دەکەوت. لەناو ئاشوورییەکاندا ئەم هێزە ئاسمانییە مێلامو Melammu ی پێگووتراوە. لە ئاڤێستادا بەشێوەی خوڤەرنە واتا شکۆی یەزدانی هاتووە و لە پەهلەوی و فارسی کۆن ((فەڕ))یان پێگووتووە. لە کوردیدا وشەی فەڕ بەکارهاتووە و لە شێوەی بەدفەڕ بەواتای ئەهریمەنی و خراپکار بەدیدەکرێ. و.

١- واتا غەیبگۆ، موخبیل، پیاوی ئایینی، لە میسری کۆن و لەناو یەهوودی و نەسارییەکان و زۆربەی ئایینە باوەکانی میزۆپۆتامیا ئەو کەسانەی ئەرکی ئایینییان بە ئەستۆبوو و چاودێری رێوڕەسمە ئایینییەکانیان دەکرد، کاهینیان پێدەگوترا.و.

٢- ***قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران***. لاپەڕە ٣١٠. ***دنیای گمشده ئیلام***. لاپەڕە ٦٨.



تەختەکان لە شێوەی لاشەی کۆمەڵە مارێك دروستکراون. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی پەرستگەکانی ئیلامی ((باخە پیرۆزەکان))ی بوو کە لە هەندێك لە نووسراوە بەردینەکان ئاماژەیان پێکراوە. ئاشووربانی پاڵ لە نووسراوە بەردینەکەی خۆی لەساڵی **٦٣٦**ی پ.ز دا سەبارەت بە خاپوورکردنی شووش دەڵێت: ((پەرستگەکانی ئیلامییەکانم لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد. خواوەندان و یەزدان- ژنانی ئەوانم لەناو برد. سەربازەکانم چوونە ناو باخە پیرۆزەکەی کە هیچ بیانییەك پێی نەنابووە ئەم باخە پیرۆزە...))[1].

ئەوشتەی جێگەی سەرەنجدانە ئەویە کە رێوڕەسمی پەرستن بەزۆری لەگەڵ مۆزیقا و گۆرانییەوە بەڕێوەدەچوو. لەسەر نەخشێکی هەڵکەنراوی رۆژگاری کۆنی ئیلام کە مێژووەکەی بۆ **٢٢٥٠**ی پ.ز دەگەڕێتەوە، کووتیك- ئینشووشی ناك -Kutik Inshushinak ی فەرمانڕەوای ئیلامی کۆمەڵە ژەنەرێکی تەرخانکردبوو تاکو لەبەردەم دەروازەی سەرەکی ئەو پەرستگایەی بۆ خواوەندی ئینشووشی ناکی دروستکردبوو، مۆسیقا بژەنن و گۆرانی ببێژن[2].

قوربانیکردنیش بەشێکی رێوڕەسمی رۆژانەی پەرستگای ئیلامی بوو. وێنە و نووسراوە بەردینەکان دەسەلمێنن قوربانیکردن هەبووە و چاودێری بەردەوام و سەرپەرشتی پەرستگاکان، ئەرکی کاهینەکان بووە. پێدەچێت کاهینەکانی ئیلامی لەکاتی بەڕێوەبردنی رێوڕەسمەکان رووت بووبن. لەسەر پارچە نووسراوێکی مەفرەغی کە لەلایەن شیلهاك ئینشووشی ناك Shilhak-Inshushinak ەوە لەنیوەی دووەمی سەدەی دوازدەهەمی پ.ز پێشکەش بە یەکێك لە خواوەندەکانی ئیلامی کراوە، نووسراوێك بەخەتی ئەکەدی بەرچاو دەکەوێت کە واتاکەی ((خۆرهەڵاتن))ە، ئەمەش هێمایەکە بۆ سەلماندنی میتراپەرستی.

١- ***میراث باستانی ایران***، لاپەڕە ١٠٠. ***قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران***. لاپەڕە ٣١١. ***دنیای گمشده ئیلام***. لاپەڕە ٧٦. ***قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران***. لاپەڕە ٣١٣.

٢- ***دنیای گمشده ئیلام***. لاپەڕە ٦٨.

ئاندرێ پارۆت Andre Parrot گوتوویەتی کە ((هیچ کردەیەکی پەرستن روونتر و ئاشکراتر لەمە پیشان نەدراوە...)) پەرستگەکان بەشێوەی زیگۆرات Ziggurat[1] بینادەکران و کاهینانی ژن و پیاو تێیدا خزمەتیان دەکرد. یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی پەرستگەکانی ئیلامی کە لەسەر مۆرێکی سەربە هەزارەی سێیەمی پ.ز دۆزراوەتەوە، پەرستگە قۆچییەکانە. نووسراوە بەردینەکان دەسەلمێنن قۆچ (e.w) بەشێکی گرنگی پەرستگەیان پێکدێنا چونکە سیمبوولی خواوەندی بوون و لەڕاستیدا شیلهاك ئینشووشی ناك لەسەدەی دوازدەهەمی پ.ز شانازی بەوە کردووە کە بیست ((پەرستگەی قۆچی)) نۆژەن کردۆتەوە و ٥٠٠ساڵ دواتر ئاشووربانی پاڵ لەکاتی سەرکەوتن بەسەر شووشدا رایگەیاند: ((قۆچە مەفرەغییە قاڵبڕێژکراوەکان))م لە زیگۆرات لەناو برد[2].

لەسەرەتای سەدەی بیستەم شوێنەوارناسە فەڕەنسییەکان سەرسامبوون ئەو کاتەی چاویان بە گۆزە و جامی رەنگاوڕەنگی لەچەشنی چینی کەوت کە زۆر بەباشی مابوونەوە. چونکە ئەم جام و گۆزانەی شووش، لە پۆلی گرنگترین بەرهەمە گەشەسەندووەکانی هەزارەی چوارەمی پ.ز بەژماردێن. شوێنەوارناسان لە چۆغامیش سەلماندیان جام و گۆزە قوڕییەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەمی چەندین سەدە بیرکردنەوە و ئەزموون بوونە و هونەرەکەیان بەشێوەیەك بووە کە دوای تێپەڕبوونی پێنج هەزار ساڵ هێشتا جێگەی سەرەنجدانە و بەپێی بڕوای شوێنەوارناسان گەشەی هونەری ئیلامییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز دا جێگەی سەرەنج و بایەخە و پیشاندەری کولتوری پێشکەوتووی ئەم گەلە ئاسیایی و خاوەن شارستانییەتەیە[3].

---

١- ئەو بینا ئایینییە چەند نهۆمییەیە کە نهۆمی سەرەوە لە نهۆمەکەی خوارەوە بچووکتر دروستدەکرا و شێوەیەکی هیرەمی هەبوو. ***دنیای گمشده أیلام***. لاپەڕە ٦٤ — ٦٥.

٢- پرادا، ایدت، ١٣٥٧، ***هنر ایران باستان***، ترجمە یوسف مجیدزادە، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، لاپەڕە ٤٥ بەدواوە.

٣- سەبارەت بە هونەر و شارستانییەتی ئیلام ← گشایش، فرهاد، ١٣٨١، ***تاریخ هنر***، تألیف و ترجمە، تهران: عفاف، لاپەڕە ٢٠٠ — ٢٠١.

# گەلانی ئاریایی ئێرانی زمان لە ئاسیای ناوەڕاستدا

# ئۆراسیا Urasia

ئوراسیا[1] ئەو ناوچە بەرفراوانەیە کە لەماوەی هەزارەی یەکەمی پ.ز لە ژێردەستی هۆزە کۆچەرەکان دابوو. لە زەوییە هەموارەکانی ئەوروپای ناوەندی بەرەو ڕۆژهەڵات و بۆ لای سنوورەکانی چین دەگرێتەوە. لەبەشە ئاسیاییەکەی، بیابانگەردان دەستیان بەسەر لەوەڕگاکان داگرت و ئەمەش بەرلەوە ڕوویدا کە مێژووی گەلانی نیشتەجێی ناوچە بەپیتەکانی لێواری باشووری سەرزەمینەکە تۆماربکرێت. لە دەورووبەری هەزارەی یەکەمی پ.ز تاکو کۆتایی هەزارەی یەکەمی پاش زایین ئەم هۆزانە توانییان تاڕادەیەکی زۆر دەورێکی بەرچاو لەڕووداوەکانی جیهانی کۆندا ببینن. ئەم دەشتە بەرفراوانە لە پادۆلیا Padolia وە کە کەوتۆتە لێواری ڕۆژئاوای ڕووسیای ئەورووپییەوە تاکو سنوورەکانی وڵاتی چین دەڕوات و هەروەها لە کۆمەڵێك مێرگی سروشتی پۆشرابوو. بەڵام لە ئاسیادا زنجیرە چیاکانی پامیر و تیان شان و ئاڵتایی، ئەم بەرفراوانییە دەپچڕێنن. لەکاتێکدا چیاکانی ئۆراڵ بەشی ئاسیایی لە بەشی ئەوروپایی جیادەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرجەم ئەم ناوچە بەرفراوانە هەرگیز بەهۆی کۆسپی جوگرافیاییەوە پەیوەندییەکان نەپچڕاون، چونکە دوو دەروازەی زوونگاریا Dzungaria و فرغانا ڕێگەی هاتووچۆ دەدەن و بەشەکانی ئەورووپی و ئاسیایی سەرزەمینەکە بەیەکەوە دەلکێنن. ئەو هۆزە جیاجیایانەی کە بەدوای یەکدا لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوون، هەمان ئەو ڕێبازەیان گرتەبەر کە لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوو باب و باپیرانیان گەشەیان پێدابوو. ئەم گەلانە توانییان دەورێکی باڵا لە ڕووداوەکانی جیهانی دێریندا ببینن.

١- وشەیەکی لێکدراو لە دوو بەشی یەکەمی ناوی ئەوروپا و ئاسیا. تالبوت رایس، تامارا، ١٣٧٠، *سکاها*، ترجمه رقیه بهزادی، تهران: انتشارات یزدان، لاپەڕە ٢٦.



ئەم ناوچەیە لەڕووی سامانی ئاژەڵییەوە زۆر دەوڵەمەندبوو و بە شێوەیەکی گشتی بەشی ئەورووپی ئوراسیا، کەش و هەوایەکەی، مام ناوەندی و بەپیت تر لە بەشە ئاسیاییەکەی بوو. ئەو ڕووبارە گەورانەی کە تێیدا دەیانخرۆشاند، سەرچاوەی بەرهەم هاتنی ماسی و خوێ بوون. بەهۆی ئاوی ڕووبارەکانەوە دۆڵەکان سەرسەوز دەبوون و هۆزە کۆچەرەکان بەساکاری دەیانتوانی لە گشت ناوچەکەدا بگەڕێن و مێگەل و ماڵاتەکانیان بلەوەڕێنن. سەدەکانی نێوان ٣٠٠٠ — ١٧٠٠ پ.ز سەردەمی کۆچکردنی مرۆڤەکان بوو. لەم ماوەیەدا هۆزەکانی دانیشتووی ڕۆژئاوا بەرەو ڕۆژهەڵات و هۆزەکانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتیش بەرەو ڕۆژئاوا بەڕێکەوتن. پێدەچێت هۆکاری گەورەی ئەم کۆچە بەرفراوانە بۆ ئەو وشکەساڵییە بگەڕێتەوە کە ناوەناوە هەرجار بەشێکی بەرفراوانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئاسیای ڕۆژئاوای دەگرتەوە. ئەم قۆناغە سەرەتاییەی کۆچکردن هەزار ساڵ دواتر لە باشووری ئەوروپا بووە هۆی درووستبوونی دوو شارستانییەتی تایبەت، واتا سەکایی لە باشووری ڕووسیا و ئەترۆسکی لە باشووری ئیتاڵیا.

# سەکاکان Scythians

لەناو هۆزە جیاجیایەکانی ئاسیای ناوەندی و ئەورووپای رۆژهەڵات، گرنگی و بایەخی سەکاکان[1] لە سەردەمی خۆیان و هەروەها لە سەدەکانی تاریك[2] لە هۆزەکانی تر زۆرتر بوو. زۆر ئاستەمە بتوانین بڵێین سەکاکان سەربە کام نەژادن. هەندێك پێیانوایە سەربە هۆزی هوون و هەندێك دەڵێن لە نەژادی تورك یان مەغۆڵن، بەڵام زۆربەی توێژەران لەسەر ئەم رایە کۆکن کە سەکاکان لە نەژادی هیندوئەورووپین و لەوانەیە ئاریایی بن. ئەو زمانەی هۆزە کۆچەرەکان بەکاریان دەبرد لە بنچینەدا زمانێکی ئێرانییە، بەڵام پێدەچێت رەگ و ریشەی بۆ زمانی ئاڤێستایی بگەڕێتەوە نەك بۆ زمانی فارسی کۆن.

یۆنانیانییە کۆنەکان زاراوەی ((ئێسکۆت Scyth[3]، سەکا Saka، کا Ka)) یان بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو بیابانگەردانی دەشتی ئۆراسیا بەکاردەبرد. لەسەدەی دووەمی زایینی بەتەڵمیووس ناوچەی سینێریا Sineria ی کە دەکەوتە ئاسیای ناوەندی بە ئێسکۆتیا Scythia ناوبرد. هیرۆدۆت پێیوابوو ئەم هۆزانە گشتیان لە ئاسیاوە هاتوونە و لە کات و رۆژگارێکی نادیاردا سەکاکانی ئاسیایی لە دانیشتوانی

١- تالبوت رایس، تامارا، ١٣٧٠، ***سکاها***، ترجمە رقیە بهزادی، تهران: انتشارات یزدان.

٢- لە سەدەی پێنجەمی زایینی تاکو سەدەی دەیەمی زایینی سەدەکانی تاریکی یان سەدەکانی ناوەڕاستی پێدەگوترێت.

٣- ((سیت)) بەفەرەنسی کراوی ئەم ناوەیە. ئێسکۆت لە زمانی یۆنانیدا بەواتای پیاڵەیە. لەبەرئەوە ئەم ناوەیان بۆ ناونانی ئەم نەتەوەیە دانا، چونکە هەرکام لە تاك و ئەندامەکانی ئەم هۆزە بەردەوام پیاڵەیەکیان پێبووە ← فرهنگ فارسی.



کەناری دەریای رەش جیابوونەتەوە. لەبەر ئەوەی گشت بیابانگەردانی کۆچەر لەسەردەمی سەکاکان بە زمانی ئێرانی دواون، پێدەچێت زۆربەیان بەهۆی پەیوەندییەکی نەژادییەوە بەیەکەوە بەسترابن.

هۆی دانانی ئەم ناوە و ریشەی ناوی ((سەکا)) دیارنییە، بەڵام پرۆفیسۆر بیلی Bailey دەڵێت ئەم وشەیە واتای ((پیاو)) دەدات و لە رەگی Sak بەواتای ((بەهێزبوون))ەوە هاتووە و لە (ریگ ڤیدا Rig-Veda[1])ش بەم واتایە بەکارهاتووە. یۆنانییەکان ئەم ناوەیان بۆ سەکاکانی رۆژئاوا بەکاردەبرد کە لە سەدەی هەشتەمی پ.ز لە رۆژهەڵاتەوە پەلاماری رووسیای باشووریان دابوو. ناوی سەکاکان لە کتێبی پیرۆزدا بەشێوەی ئاشکێناز Ashkenaz هاتووە.

لە نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنشییەکاندا ناوی سێ دەستە سەکا هاتووە[2]: ((سەکاکانی ئەوپەڕی دەریا Saka pradrya))، ((سەکاکانی خودەتیژ Tigrakhauda)) و ((سەکاکانی خوێن مژ Haumavarga)).

لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز لەکاتی کۆچڕەوە بەرفراوانەکانی هیندوئەورووپی و ئاریاییەکان، لە دەریای باڵخاشەوە لە سیبیریا تاکو ناوچەی دانووب، ورووژان و هاموشۆیەکی سەرسامهێنەر لەئارادابووە. زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و کەمبوونی پێداویستییەکان و هەروەها هێرشی هۆزە هەژارەکان کە

١- ریگ ڤیدا، کۆنترین دەقی ئایینی گەلانی هیندوئەورووپییە و لە دە بەش پێکهاتووە، ئەم کتێبە پیرۆزە بەزمانی سانسکریتی نووسراوە و سەربە لقی ئاریایی هیندوئێرانییە. پەیوەندی و هاوبەشایەتییەکی زۆر لەنێوان ریگ ڤیدا و ئاڤێستادا هەیە، بەڵام مێژووی ریگ ڤیدا بۆ سەردەمێکی کۆنتر لە ئاڤێستا دەگەڕێتەوە، کۆنترین بەشی یەکەمین گوزارشە دەدانەییەکانی ریگ ڤیدا لەوانەیە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز بگەڕێتەوە. و مێژووی ئاڤێستاش لە ٩٠٠ی پ.ز دانابەزێت. و.

٢- فرای.ن. ریچارد، ١٣٦٨، ***میراث باستانی ایران***. ترجمە مسعود رجب نیا. تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی لاپەڕە ٢٠٧١.

پێکهاتەیەکی فرە خێزانی و شەڕخوازیان هەبوو بۆ سەر ناوچەکانی هۆزە پێشکەوتووترەکان، بووە هۆی ململانێی درێژخایەن و کۆچ و کۆچڕەوی. هیرۆدۆت لە کتێبی چوارەم بەندی ١٢ ئاماژە بەوە دەکات کە کۆچکردنی سەکاکان بۆلای ئەوروپا لە ئەنجامی ئەو گۆشارانە بووە کە لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات لەلایەن ((ئیسیێدونەکان Issedoni)) ەوە بەسەریان دا کراوە. جێگەی ئاماژەپێکردنە خودی ئیسیێدونەکانیش لەژێر گۆشاری ئاریماسپاکان Arimaspaha ی ئاریایی دا بوونە[1].

زۆربەی زانایانی یۆنانی کۆن بەهەڵە پێیان وابووە کە سەکاکان کۆنترین نەژادی جیهان بوونە. ترۆگووس پۆمپیووس Trogus pompeius ی مێژوونووسی سەدەی یەکەمی پ.ز جەختی لەسەر ئەوە کردووە، بەلای گشت نەتەوەکان جگە لە میسرییەکان کە لە دێرزەمانەوە لەگەڵ ئەم ڕایەدا نین، سەکاکان وەکو کۆنترین نەژادی جیهان بەژمارهاتوون. لەم بارەوە میسرییەکان خاوەن مافن چونکە سەکاکان ماوەیەکی زۆر بەر لە سەدەی هەشتەمی پ.ز ناسنامەیەکی نەتەوەیی دیاری کراویان نەبووە. بەم پێیە نەیاندەتوانی لە بابەت سەربردەی مێژووییەوە خۆیان لە قەرەی میسرییەکان بدەن.

شوێنەوارناسی کۆمەڵە بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی هەندێك لەم بیرورا دێرینانە بەدەستەوە دەدات. لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵی نووسراوە کۆنەکان هەروەها لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە لە هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسییەکانی دەشتەکان دەستەبەرکراون، تاڕادەیەك دابونەریتی سەرەتایی سەردەمی سەکاکان ڕووندەکاتەوە.

لە ڕاستیدا سەکاکان لەناو پێکهاتەیەکی بیابانگەردی کۆچەریدا، نەتەوەی زۆرینە بوونە کە ناتوانین بەپێی ئاماژەی نووسەرانی ڕۆژگاری دێرین هۆزەکانیان لەیەکتری جیابکەینەوە[2]. لەم نووسراوانەدا زاراوەی سەکایی بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو هۆزە

١- قرشی، امان الله، ١٣٨٠، *ایران نامك*، تهران: هرمس، لاپەڕە ١٢٣.

٢- دورانت، ویل، ١٣٦٥، *تاریخ تمدن، مشرق زمین گاهواره تمدن*، ترجمە احمد آرام. ع پاشایی، امیرحسین آریانپور، تهران: سازمان انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، لاپەڕە ٣٣٢٦ — ٣٢٧. دیاکونوف، ا. م. ١٣٧٥، *تاریخ ماد*، ترجمە کریم کشاورز، تهران: انتشارات پیام، لاپەڕە ٢٢٦ بەدواوە.



سەکاییانە بەکارهاتووە کە لە کووبان و هەندێ لە ناوچەکانی کریما و باشووری رووسیا نیشتەجێ بوونە. زاراوەی ((سەکاکانی خەزم)) بۆ ناونانی هۆزە بیابانگەردەکانی ئاڵتایی بەکارهاتووە. لەڕاستیدا ئێسترابۆ Strabo ناوچەی دووبرۆجا بە ((سەکاییەی بچووك)) دادەنێت، کەچی گشت ئەو دەشتەی کەوتۆتە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی دەریای رەش ((سەکاییەی رۆژهەڵات))ی پێگوتووە.

سەکاکان لە سەردەمی خۆیاندا وەها گرنگ بوونە کە هیرۆدۆت کتێبێکی تەواوی لە مێژووی خۆی بۆ ئەوان تەرخان کردووە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر سەفەرێکی بۆ ئۆلبیا Olbia کرد. ئەگەرچی نووسراوەکانی هیرۆدۆت لەبەر دەست دانە بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڵگەی نووسراو لەلایەن خودی سەکاکانەوە ناسینی راست و تەواوی ئەم نەتەوەیە تاڕادەیەکی زۆر ئاستەنگ بووە[1].

بڵاوبوون و کۆچکردنی سەکاکان ئەگەر بە ئارەزوو بووبێت یان لە ژێر گوشار دابووبێت رێڕەو و هێڵێکی دیاریکراو و رێکوپێکی نەبووە. لە هەزارەی سێیەمی پ.ز بەهۆی رووبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ لق و خێزانەکانی گەلانی ئێرانی و هیندوئاریایی بەرەو باکووری دەریای کاسپی و ناوچەی سەیحوون رۆیشتن. لەماوەی هەزارەی دووەمی پ.ز لە ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ئەفغانستان لەگەڵ هۆزە ئێرانییەکان لە جەنگ دا بوون و لە ئەوروپای باشووریش کێشە و گرفتیان بۆ هۆزەکانی رۆژئاوایی هیندوئەوروپی سازدەکرد. بڵاوبوونی سەکاکان بەرەو رۆژهەڵات بووە هۆکارێك تاکو سەرچاوە چینییەکان لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز هەواڵی هاتنی خەڵکێکی بیانی بۆ سنوورەکانی چین رابگەینن و لە نووسراوەکانیاندا ئەو خەڵکانەیان بە خاوەن قژی سوور و چاوی سەوز ناساندووە کە ئەمە خۆی پیشاندەری سیمای ئاریاییەکانە بەرلە کۆچ و تێکەڵبون لەگەڵ دانیشتووانی رەسەنی ئێران و نیمچە دوورگەی هیند[2].

١- هرودوت، بی تا، *تواریخ*، ترجمە وحید مازندرانی، تهران: فرهنگستان ادب و هنر ایران، لاپەڕە ٢٧٤ — ٢٧٦.

٢- قرشی، امان الله، ١٣٨٠، *ایران نامك*، تهران: هرمس، لاپەڕە ١٢٢ - ١٢٤.

لەگەڵ ونبوونی سەکاکان لە گۆڕەپانی سیاسەت، تاکو سەدەی چوارەمی پاش زایین بەتەواوەتی فەرامۆشکرابوون و نزیکەی ١٥٠٠ ساڵ بەسەرچوو تاکو هونەری سەکایی سەرلەنوێ ناوی سەکاکانی زیندووکردەوە.

یەکەمین هەنگاو بۆ ناسینەوەی سەکاکان لەسەدەی هەڤدەهەم هەڵبڕا و ئەویش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە ئەو کۆمەڵە دزانەی بەدوای شوێنەواری کۆندا دەگەڕان لە سیبریا گۆڕە تەپۆلکەییەکانیان هەڵکەند، بەڵام بە فەرمانی پێتری گەورە ئەم کۆمەڵە کەسە دوورخرانەوە و تاوانباران سزا دران. ئێستا ئەم پاشماوە بەنرخانە لە مۆزەخانەی ئارمیتاژی پێترۆگراد دانراون کە تاکو ئێستاش وەکو کۆمەڵەیەکی بەنرخ و بەهادار ماونەتەوە.

هەنگاوی دواتر لە ١٨٦٠ هەڵبڕا و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی رادلۆڤ Radlov لە سیبریا خەریکی دۆزینەوە و توێژینەوە بوو. ئەم توێژینەوانە ئەوی بەرەو کاتاندا Katanda کە دەکەوتە باشووری ئالتایی برد و زانی کە زۆربەی ئەو کەلوپەل و تەرمانەی لەژێر چینەکانی سەهۆڵ مابوونەوە وەك خۆیان ماونەتەوە[1].

ئەوەندەی پرۆسەی هەڵکەندنە شوێنەوارییەکان لە رووسیا بەرەو پێشتر دەچوو، نموونەیەکی زیاتر لە جۆری هونەری گیانلەبەری دەدۆزراوە. لەڕاستیدا بەهۆی ئەم دۆزینەوانە سەربردە و مێژووی نەتەوەیەکمان بۆ روونبۆوە کە لە کاری هونەری رازاندنەوەدا خاوەن بەهرەیەکی سەرەنجراکێش و کارامەییەکی رادەبەدەر بوون و خاوەن کولتور و فەرهەنگێکی بەرز بوون.

لەوانەیە مێژووی پەیدابوونی سەکاکان بۆ نزیکەی ١٧٠٠ی پ.ز بگەڕێتەوە[2] کە هاوکاتە لەگەڵ گەیشتنی یەکەمین هۆزەکانی هیندوئەورووپی بۆ یێنی سیئی. سەکاکان بیست و هەشت ساڵ بەسەر بەشی هەرە گەورەی ئاسیای رۆژئاوا فەرمانڕەوایەتییان کرد و لەوانەیە هەر لەم رۆژگارەدا بوو بێت کە کۆمەڵێکیان بەرەو رۆژئاوا گەڕابنەوە تاکو بەشێك

١- *سکا ها*، لاپەڕە ١٩.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٠.



لە دەشتی نێوان دەریای کاسپی و دەریای ئاراڵ داگیر بکەن. لەوێ لەگەڵ خزمانی داهێ[1] Dahai یی خۆیان تێکەڵبوون و ئەو کۆمەڵە نەژادییەیان پێکهێنا کە نزیکەی سێسەد ساڵ دواتر گەلی ئەشکانی یان پارتەکان لەناو ئەواندا سەریان هەڵدا.

لە باشووری رووسیا سەکاکان خاوەن پێکهاتەیەکی سیاسی جیاواز بوون. خۆیان بە نەوەی کەسێك بەناوی تارگی تایووس Targitaus دادەنا و پێیانوابوو تارگی تایووس لە ئەنجامی هاوسەرایەتی خواوەندی ئاسمان و کچی رووباری دێنیپێر کە بوونەوەرێکی نیوە ژن و نیوە مار بووە خوڵقاوە. بەڵام لە ئەوروپا هەریەك لە کۆمەڵە گەورەکانی سەکایی خاوەن دەسەڵات و گەورەیی و شکۆی تایبەت بەخۆیان بوون[2]. کۆمەڵەی کووبانی یەکێك لە پێشەنگانی ئەم کۆمەڵانەبوون کە ئارەزووی خۆیان بۆ گەیشتن بەتوانایی و شکۆ و گەورەیی بەدیارخست. گۆڕەکانیان پڕە لە کەلوپەلی بەنرخی ئاڵتوونی کە زۆربەیان لەڕووی پیشەسازییەوە پیشاندەری نموونەیەکی نایابی مامۆستایی و کارامەیین. لەم ناوچەیەدا ژمارەی ئەو ئەسپانەی لەکاتی مەرگی سەرۆك هۆزێك قوربانی دەکران دەگەیشتە سەد سەر ئەسپ.

سەکاکانی فەرمانڕەوا تاکو سەدەی شەشەمی پ.ز و لەوانەیە تاکو سەد ساڵ دواتریش لە ناوچەیەك کە سنوورەکەی دەگەیشتە دۆن Don و دێنیپێر نیشتەجێ بوون. هەروەها ناوچە بەپیتەکانی پۆڵتاڤا Poltava یان داگیر کرد و لەوێ بەوپەڕی دیکتاتۆرییەتەوە ژیان[3]. زۆربەی فەرمانڕەوایەکانی سەکایی چێژیان لە کولتوری

١- داهێ کۆمەڵە هۆزێکی سەکایی بوون، بەشێوەی خێڵەکی دەژیان و لە دەشتەکانی نێوان دەریای کاسپی و ئاراڵ رەشماڵیان هەڵدابوو. ئەم نەتەوەیە سوارچاك و جەنگاوەری لێهاتوویان هەبوو کە بەپێی بەرهەمی نووسەرەکانی رۆژگاری کۆن، گەورەترین شانازییان، مردن لەکاتی جەنگکردن بووە و مردن لەناو پێخەو شوورەیی بووە ← گیریشمەن، ر، ١٣٥٥، *ایران از آغاز تا اسلام*، ترجمه محمد معین، تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، لاپەڕە ٢٨٦.

٢- *سکاها*، لاپەڕە ٤٤.

٣- *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ٤٥. *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ١٣٦.

یۆنانی وەردەگرت و ستایشی بەرهەمە هونەرییەکانی یۆنانیان دەکرد. لەڕووی بەڕێوەبردنەوە سەکاییەی فەرمانڕەوا یان سەکاییەی تایبەت، بەسەر چوار ناوچەدا دابەش دەبوو و هەر ناوچەیەك لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەك دابوو. ئەم فەرمانڕەوایانە دەبوایە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی جەنگاوەران بەشداری بکەن. لەم دانیشتنەدا ئەو کەسانەی کە یەکەمین دوژمنی خۆیان کوشتبێت لەبەردەم فەرمانڕەوا و بینەران خوێنی دوژمنەکە هەڵدەدات و بەم چەشنە بوێری دوژمن دەخاتە ناو لەشی خۆی. تەنانەت هیرۆدۆت دەگێڕێتەوە کە لە پێستی سەری دوژمن دەسماڵیان بۆ خۆیان دروستدەکرد و کەلەی سەریان لەناو ئاڵتوون یان ماددەیەکی بەهادار دادەنا و بەناوقەدی خۆیانیان هەڵدەواسی و ئەم کەلە سەرەیان بۆ بەستنی پەیمانی برایی یان سوێندخواردن بەکاردەبرد[1].

لەتێڕوانینێکی سادەدا وابەدیاردەکەوێت کە ژیانی خێڵەکی بەهۆی بەرپرسیارنەبوون و ئەرك نەناسی ژیانێکی سادە و خۆش بێت، بەڵام ئەمە تەنیا هەستێکی دەرەکییە چونکە تاکی بیابانگەرد دەبێ پەیڕەوکاری سیستەمێك بێت کە چی وا کەمتر لەو سیستەمە نییە کە لە کۆمەڵگایەکی نیشتەجێکراو و شارستانی پەیڕەو دەکرێت. ئەو نەتەوەی لە کەش و هەوایەکی ئازاد و سەربەستدا دەژیت و لە بەرامبەر بەهێزترین گۆڕانە کەش و هەواییەکان هیچ جۆرە پارێزەرێکی نییە، تەنیا پشت بە خۆی و بە سەرۆکەکەی دەبەستێت. کۆچکردن هەوڵ و کۆششێکی فراوانتر لەلایەن هەموو ئەو کەسانە دەخوازێت کە خاوەن سوود و بەرژەوەندییەکی یەکسانن. هەرکاتێك بڕیار بدرێت کە کۆچکردن لە ڕۆژدا بە شێوەیەکی خێرا و کاریگەر ئەنجام بدرێت، ئەم کارە پێویستی بە سازگاری کەش و هەوا و هەماهەنگی کۆچەران بەشێوەیەکی یەکسان هەیە.

سەکاکان باوەڕیان بە دیاردەی فرەژنی هەبووە و کوڕەکان بەزۆری لەپاش مردنی باوکیان [جگە لە دایکی خۆیان] هاوسەرەکانی باوکیان بە میرات بۆ دەماوە. ئەگەرچی یەکێك لەم ژنانە لەکاتی مەرگی هاوسەر دەبوایە بکوژرێت تاکو

١- *مشرق زمین گاهواره تمدن*، لاپەڕە، ٣٣٦.



لەجیهانەکەی تر لە خزمەت مێردەکەی دابێت. ژن و منداڵەکان لەناو کەژاوەکاندا دەژیان و کەژاوە داپۆشراوەکان خانووی بەردەوامیان بوو. سەکاکان جلوبەرگی رازاوەیان دەکردەبەر و جلوبەرگی ژنان لە بەرگی پیاوان رازاوەتر بوون. لەسەر گۆزە و جامە بەنرخەکان کە لە ئاڵتوون دروستکراون و لە ناو گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە، دیمەنی ژیانی کۆمەڵگای کۆچەرە خیوەتنشینەکان بەوێناکێشراون. لەدەورووبەری ٣٠٠ی پ.ز چینییەکان کە لەدەست هۆزەکانی هیوونگ نوو Hiung-nu بێزاربوون، زانییان بەبێ یەکەی سەربازی سوارکار و جلوبەرگی سەربازی، بەرگریکردن و خۆڕاگرتن لەبەرامبەر دوژمن سەرکەوتوانە نییە. بەم چەشنە بە فەرمانی ئیمپراتۆری چین جلوبەرگە گەورەکان بەولاوە نران و جلوبەرگی تەسکی بیابانگەردی هەڵبژێردرا کە تاکو جەنگی دووەمی جیهانیش هەر وەکو جلوبەرگی میللی چینی مابۆوە، ئەم جلوبەرگە شوێن پەنجەی کولتوری سەکایی پێوە دیاربوو.

سەکاکان دیاردە سروشتییەکانیان دەپەرەستی و گەورەترین نەریتی ئایینییان بۆ تابیتی- ڤێستا Tabiti-Vesta[1] بەرپادەکرد، کە خواوەندی گەورە و سیمبوولی ئاگر و بوونەوەران بوو[2]. رۆستۆڤتسێڤ Rostovtzeff زانی ماوەیەکی زۆر بەرلە هاتنی سەکاکان لە رووسیادا ئەم خواوەندەیان پەرستیوە[3].

سەکاکان یەکەمین نەتەوە نەبوون کە ئەسپیان ماڵی کرد بەڵام لە یەکەمین نەتەوەکانی ئاسیای ناوەندی بوون کە فێری سوارکاری بوون. لە هەزارەی دووەمی پ.ز لەوانەیە لە میسر و چین و هیندوستان بۆ راکێشانی عارەبانە و کەژاوە ئەسپیان بەکارهێنابێت. سەرکەوتنی سەکاکان دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەسپ بۆ مەبەستی سوارکاری ئەمەش دەبووە هۆی سەرکەوتنی سەربازانی سوارکاری سەکایی بەسەر

١- *سکاها*، لاپەڕە ٦٤.

٢- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*، لاپەڕە ١٤٥.

٣- بۆ زانیاری سەبارەت بە ئایینی سەکاکان ← بویس، مری، ١٣٧٥، *هخامنشیان*، ترجمە همایون لاپەڕەنعتی زادە، تهران: قومس، لاپەڕە ٦٨.

جەنگاوەرە پیادەکانی دوژمن. لە پازیریك Pazyryk پێویستبوو هەمو بیابانگەردێك بەلایەنی کەم ئەسپێکی هەبێت و هەندێکی تر وەکو سەرۆك هۆز ژمارەیەکی زۆرتریان هەبێت. چونکە ژمارەی ئەو ئەسپانەی لەناو گۆڕە تەپۆلکەییەکانی سەرۆك هۆزەکانی سەکایی دۆزراونەتەوە گەیشتوونەتە سەد سەر ئەسپ.

ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو لەلایەن سەکاکان بەوپەڕی شکۆ و گەورەییەوە بەڕێوەدەچوو. ناشتنی مردوویان بەدوادەخست جا بۆیە پێویست دەبوو تەرمەکان مۆمیایی کرابان. هەروەها بەهۆی دۆزینەوەی تەرمی مۆمیایی کراوی مردووی گۆڕەکانی پازیریك پشتگیری لەو باسە تێروتەسەڵەی هیرۆدۆت کراوە کە سەبارەت بە شێوازی مۆمیایی کردنی مردوو لەلایەن سەکاکانەوە پێشکەشی کردووە. ئەو بابەتانەی هیرۆدۆت سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو لەلایەن سەکاکانەوە ئاماژەی پێکردوون، لەگەڵ ئەو هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسییانەی کراون تەواو یەك دەگرنەوە. هیرۆدۆت دەڵێت لە یەکەمینساڵیادی کۆچی دوایی سەرۆکی کۆچکردوو وا باوبووە کە پەنجا کەس لە پاسەوانەکانی سەرۆك لە سەر ئەسپ دادەنران و گشتیان دەکوژران و پاشان پاسەوانە قوربانیکراو و ئەسپە زینکراوەکان لە شیشێکی گەورە هەڵدەکێشران و لە دەوروپشتی سەرۆك دەخرانە ناو گۆڕەکە و دوایی لەسەر گۆڕەکە تەپۆلکەیەکیان دروست دەکرد.

جێگەی داخە کە سەکاکان سکە یان نووسراو و خەتیان نەبووە، ئەگەرچی ڕەنگالەیی سەرسامهێنەری ئەو کەلوپەلانەی لە گۆڕەکانیان دۆزراونەتەوە، پیشاندەری شێوەی ژیانی رادەبەدەر ئالۆز و بەهرەی بێ وێنەیان لە هونەر و پیشەسازیدا بووە. ژیانی سەکاکان بەندبوو بەو ئاژەڵەماڵیکراوانە کە بە پشتیوانەی ئابوورییان دادەنرێت و هەر لەبەر ئەمەش بوو سەکاکان کەلوپەلەکانیان بە وێنەی چوارپێ و ئاژەڵ، بەتایبەتی بزنی کێوی و ئاسك دەڕازاندەوە[1].

---

١- گیرشمن، رومان، ١٣٧٦، ***فرهنگ های هنری ایران***، ترجمه یعقوب آذند، تهران: انتشارات مولی، فلاپەڕەل اول، لاپەڕە ٥. ***هنرهای باستانی آسیای مرکزی تا دوره اسلامی***، لاپەڕە ٢٩ — ٣١.



هەروەك چۆن لەناو ئەرمەنییەکاندا پەیکەری ماسی جەمسەرێکی سەرەکی هونەری بوو، نەخشاندنی پەیکەری ماسی لەناو سەکاییەکانیشدا لایەنێکی گرنگی هونەری بووە. ئەم هونەرە لە سیبیریا زیاتر لە نیشتمانی سەکاییە بایەخی پێدراوە و لە قەفقازیا تاکو سەرەتای سەدەکانی زایینی هەڵگری چەمکێکی تایبەتی سیمبوولی هەبووە. لە ئەرمینیا پەیکەری ماسی کە لە بەرد دروستدەکرا، ڤیشاپ Vishap ی پێگوتراوە و تاکو ئێستاش لە ناوچە جیاجیاکان ئەم هونەرە بەدیدەکرێت و پێدەچێت سیمبوولی یەزدان ــ هەوا بێت. لە پازیریك لەسەر قاچی سەرۆك هۆزێك وێنەی ماسی نەخشێنراوە. ئەو وێنانەی لەسەر لەشی سەرۆك هۆز نەخشێنراون وێنەی گیانداری خەیاڵینە. وێنەی گیانلەبەران لەسەر گشت بەرهەمەکانی گەلانی ئاسیای ناوەندی دەبینرێت. لەسەر تابووتێك کە لە ناوچەی نۆین ئوولا Noinula دۆزراوەتەوە، وێنەی گیانلەبەری باڵدار هەڵکەنراوە.

شوێنەواری قۆچی ئاسك و گا لەناو هونەری بیابانگەردانی ئۆراسیایی بەئاشکرایی پیشاندەدات، قۆچی ئاسك لەماوەی هەزاران ساڵ بەرلە چاخی مێژوویی، دەورێکی زۆر گرنگی لە بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی نەتەوە جیاجیاکاندا هەبووە.

# سارماتەکان Sarmatians

ئەو کاتەی کە سارماتەکان لەناو گۆڕەپانی مێژوودا بەدیارکەوتن، لە لێواری ڕۆژهەڵاتی سەکاییەی کۆن یان ئۆکرانیای ئێستا نیشتەجێ ببوون. هیرۆدۆت یەکەمین کەسە کە لە کتێبی چوارەمی ((مێژووەکان))یدا ناوی سارماتەکانی هێناوە و دەڵێت: ((دوای پەڕینەوە لە ڕووباری تانایس Tanais[1] ئیتر لە خاکی سەکاییە دا نیت، یەکەمین ناوچە سەربە سارماتەکانە کە لە دەریاچەی مایۆتیس Maeotis[2]ەوە دەست پێدەکات و ڕووبەرێکی زۆری ناوچەکانی باکوور دەگرێتەوە و هیچ جۆرە دارێکی کێوی یان چاندراوی لێ نییە)).

سارماتەکان لە نەژادی هیندوئەورووپی و سەربە لقی باکووری کۆمەڵەی ئێرانی زمان بوون کە بەزۆری سەربەو گرووپانەن کە سەکاکانی ئاسیای ناوەندیش دەگرێتەوە. ئەوان خزمایەتییان لەگەڵ پارتەکان و پارسەکان هەبوو و زمانیان سەربە زمانی ئاڤێستایی بوو.

سارماتەکان لە چەندین نەتەوەی جیاواز و کۆمەڵە هۆزێك پێکهاتبوون کە ناویان لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە. بەڵام هەندێ لە نەریت و تایبەتمەندییەکانی یەکێك لەم هۆزانە بەتەنیایی، بە تایبەتمەندی سەرجەم ئەم کۆمەڵە فرە نەتەوەییە دانراوە[3].

یەکەمین نەتەوەی ناسراوی سارماتی ئەوانە بوون کە لەناو هەندێك لە بەڵگە کۆنەکان بە سووروماتەکان Surumatian ناوبراون. لەئەنجامدا ئەم ناوە لەلایەن

١- ناوێکی تری ڕووباری Don.

٢- ناوی دەریای ئازۆف.

٣- سولیمیرسکی، تادئوتس، ١٣٧٤، *سارمات ها*، ترجمە رقیە بهزادی، تهران، نشر میترا، لاپەڕە ٢٣ بەولاوە.



مێژوونووسان بەگشت ئەو هۆزانە و ئەو خێڵانە گوترا. پێدەچێت لەناو ئەم هۆزانەدا ئالانەکان یەکێك لە بەهێزترین هۆزەکانی ناو ئەم کۆمەڵە هۆزە بووبن و دواتر ئەم ناوە لە جێگەی زاراوە کۆنەکە بەکارهات. نەتەوەکانی تری سارماتی بریتی بوون لە: یازیگەکان Yaziges[1] و دوو یان سێ ناو لە هۆزە گەورەکان کە لە گەشتەکەی ئاریستیاس Aristeas ی پرۆکۆنێسووس Proconesus[2]دا هاتووە. سیما و لایەنی تێکەڵاوی سارماتەکان، بەپێی وێنە دێرینەکان و توێژینەوە مرۆڤ ناسییەکان لە پاشماوەی ئاناتۆمی کەلەی سەریانەوە لە شێوەی ئاندرۆنۆڤۆ Andronovo ی چاخی مەفرەغ و لە ئەوروپاییەکان دەچن.

مێژوونووسەکانی ڕۆژگاری کۆن سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سارماتەمان کەمتر دواون. ئامیانووس مارسێلینووس Ammianus Marcellinus[3] لە سەدەی چوارەمی پ.ز سەبارەت بە ئالانەکانەوە دەڵێت: ((ئەوان کۆیلەیان نەبوو و گشتیان سەر بە توێژی خانەدانەکان بوون.)) ئەم خاڵە سەبارەت بە سارماتەکانیش دەگونجێت چونکە هیچ نووسەرێکی ڕۆژگاری کۆن باسی بوونی کۆیلە لەناو کۆمەڵگای سارماتییەکانی نەکردووە.

خاڵی سەرەنجڕاکێش سەبارەت بە هۆزەکانی سارماتی دەگەڕێتەوە بۆ پلە و پایەی ژن و بەتایبەتی ئەو بارودۆخەی کە هیرۆدۆت لە کتێبی حەوتەمی خۆیدا ئاماژەی پێکردووە. هیرۆدۆت بڕوای وایە سارماتەکان لە نەوەی ئامازۆنەکان Amazons و سەکاکانن و وەکو ئامازۆنییەکانی ڕۆژگاری دێرین دەژیان و ژنەکانیش بەسواری ئەسپ هاوشانی مێردەکانیان دەجەنگان، هەروەها دەڵێت

١- ئەو نەتەوانەی کە لە نزیك ڕووباری دێنیستر denistre دەژیان. *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ٢٦٢.

٢- هرودوت، *تواریخ*، ترجمە وحید مازندرانی، کتاب چهارم تهران: انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، لاپەڕە ١٣ – ٢٧.

٣- مێژوونووسی لاتینی ٣٣٠ – ٤٠٠ی زایینی، دانەری کتێبی ((مێژووی فلۆڕانس)).

هیچ کچێکی سارماتی ناتوانێت شووبکات تائەوکاتەی پیاوێك لە هۆزی دوژمن نەکوژێت. هیپۆکراتس Hippocrates یش ئاماژە بەوە دەکات کە لە منداڵیدا مەمکی لای راستی ژنەکانیان دەبڕییەوە تاکو نەبێتە کۆسپ لە کاتی رمبازی و تیرهاوێژی.

هیپۆکراتس پێیوایە ژنانی سارماتی نەتەنیا جەنگاوەر بەڵکو ((پێشگوو))ش بوونە. لەناو گۆڕی هەندێك لە ژنانی سارماتی لەناو گۆڕستانەکانی ئۆڕاڵی باشوور، تاقی بەردینی پایەدار یان پێشخۆری بازنەیی لێواردار دۆزراوەتەوە. لە قەزاقیستانی ناوەندی کۆمەڵە گۆڕێکی لەم چەشنە دۆزراونەتەوە کە کەلوپەلی لەشێوەی سەکایی تێدابووە. ئەم کەلوپەلانە تایبەت بە ژنە پێشگووەکان بووە[1].

زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە بیروباوەڕی ئایینی سارماتەکان لەبەر دەستدا نییە پێدەچێت ئاگر و خۆریان پەرستبێت. و باوەڕیان بە تایبەتمەندی پاکژبوونەوە بەهۆی ئاگر هەبووە. پاشماوەی ئەو خەڵۆزانەی لە نزیك و لەناو گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە دەسەلمێنن کە تەرمی مردووەکانیان دەسووتاند. بەگوێرەی گێڕانەوەکانی هیرۆدۆت لە کتێبی چوارەم نەریتێکی تر دەبینرێ کە بریتی بوو لە پەرستنی چەقۆی ئاسنین بەناوی ئاکیناکێ Akinake ئەم چەقۆیەیان لە زەوی رادەکرد و سوێندیان بەناوی مارسMars[2] دەخوارد.

ئەو نەریتە هەڵەیەی کە بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سارماتەکان دادەنرێت گۆڕینی شێوەی کەللەی سەر بوو. ئەمە بەچەشنێك بوو کە سەری منداڵەکانیان بەشێوەیەکی تایبەت دەبەستەوە تاکو بەشێوەیەکی تایبەت گەشە بکات، لەسەدا هەفتای کەللەی سەری پیاوان کە لە ناو گۆڕەکانەوە دۆزراونەتەوە شێوەیەکی سروشتییان نییە. ئەم نەریتەی ئاسیای ناوەندی لەسەرەتاکانی چەرخی ئایینی

١- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ١٠٦ — ١٠٧.

٢- لەلای ڕۆمییەکان خواوەندی جەنگە و کوڕی ژووپیتێر Jupiter و ژونۆن Junon.



مەسیحی، بە تایبەتی لەناو (هوونەکان) باو بووە و لەوانەیە ئالانەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەو سەردەمەی کە هێشتا لە دەشتەکانی قەزاقیا دەژیان، ئەم کارەیان کردبێت[1].

سارماتەکان باوەڕیان بە ژیانی پاش مەرگ هەبوو و پێیانوابوو درێژەی ژیانی ئەم جیهانەیانە. ئەم بڕوایە لە ڕێوڕەسمی ناشتن و دۆزینەوەی کەلوپەلی ناو گۆڕەکانەوە بەدیاردەکەوێت. ئەو کەلوپەلانەی بۆ گەشتی جیهانەکەی تر بەپێویست دەزانرا بۆ کۆچکردوو دابین دەکرا[2]. ژنەکانیش دەبوایە لەگەڵ هاوسەرەکانیان بەرەو جیهانەکەی تر بڕۆن. ئەم نەتەوەانە هەندێجار مردووەکانیان دەناشت و هەندێجار دەیانسووتاندن.

سارماتەکان وەکو سەکاکان سەربە پۆلی ئێرانییەکانی ئاسیایی بوون و لەو کۆمەڵە ئێرانییانە دەچوون کە بەشێوەیەکی گشتی ساکییەکان Sacians یان پێدەگوترا تاکو لە تیرەکانی تری ئێرانییەکان واتا ماد و پارسەکان جیابکرێنەوە، کە دوژمنانی سەکاکان بوون. بەهۆی لێکۆڵینەوە لە زمانی ئۆستیایی Ossetian یەوەیە کە بەدیاردەکەوێت سارماتەکان لە کۆمەڵەی نەژاد و گەلانی ئارییایینە. ئۆستییەکان سەربە ئالانەکانن کە بەهێزترین و گەورەترین هۆزی سارماتەکانن. زمانی ئۆستی زۆر لە فارسی نزیکە (هیرۆدۆت کتێبی چوارەم)[3].

١- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ١٠٨ — ١٠٩.

٢- *سارمات ها*، لاپەڕە ٣٧ — ٣٨.

٣- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ١١١. *ایران نامك*، لاپەڕە ١٢٧— ١٢٩.

# کیمێرییەکان Cimmerians

لەسەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی پ.ز شوێنەواری نەتەوەیەکی سوارچاك لە ڕووسیای باشووری دۆزراوەتەوە کە سەرچاوەکان پێیانوایە شوێنەواری کیمێرییەکانە[1]. ئەوان بە زۆرەملە بەرەو باکووری قەفقازیا و کەنارەکانی ئەو دەشتەی کەوتۆتە باکووری دەریای ڕەش ڕەوانەکران. کۆمەڵەیەکیان لەڕێگەی قەفقازیاوە گەیشتنە ئاسیا. لە نووسراوەکانی ئاشووریدا ناوی سەرۆك هۆزانی کیمێری هاتووە، ناوەکانیان بەشێوەی گیمێرییەکان Gimmerians یان گیمێریاییەکان Gimirrai نووسراوە و شێوەیەکی ئاریایی هەبووە. ئەوان لەڕێگەی دۆڵ و کوێرەڕێیەکان بۆلای باشوور بەڕێکەوتن و گەیشتنە بانی ئانادۆڵی.

کیمێرییەکان و سەکاکان کێشە و ئاڵۆزییەکی زۆریان لە ئاسیای بچووك و سووریا و فەڵەستین ناندەوە. ئەوان وەکو گەلانی تری بیابانگەرد بەدوای لەوەڕگادا نەدەگەڕان بەڵکو وەکو ئاگری گڕکان بەرەو بنارەکانی باشووری قەفقازیا شۆڕبوونەوە[2]. هیرۆدۆت و هەندێ لە مێژوونووسانی ڕۆژگاری دێرین هاوکات لەگەڵ ئەوەی باسی سەکاییە دەکەن، کیمێرییەکان بە یەکەمین دانیشتوانی باشووری ڕووسیا دادەنێن و بۆسفۆرووسی کیمێریایی Bosporus Cimmerius (ئاودرگەی کراچ) و ناوچەکانی تر بەناوی ئەوانەوە ناونراون (هیرۆدۆت کتێبی چوارەم، بەندی ١١- ١٣). ئێسترابۆن دەڵێت: ئەوان لەڕێگەی باڵکان و داردانێلز بەرەو ئاسیای بچووك ڕۆیشتن و ئەوێیان تالانکرد[3]. ئاشوورییەکان ناوی کیمێرییەکان لەگەڵ گۆمێر

١- *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ١٢٥. *ایران در سپیده‌دم تاریخ*، لاپەڕە ١٢٩.

٢- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ٩٧.

3- eographica, XIV, 1. 95.



Gomer ی کوڕی یافت کە لە تەوراتدا ئاماژەی پێکراوە، بەیەك دادەنێن (سێفری ئەفراندن، بەشی دەیەم، بەندی ٢- ٣). بەڵگە ئاشووری و یۆنانییەکان، کیمێرییەکان و سەکاکان بەیەك نەتەوە دادەنێن[1].

ناسینی کیمێرییەکان لای مێژوونووسانی ڕۆژگاری کۆن دوو ڕوانگەی پێوە دیارە. لەلایەك کیمێرییەکان بەنەتەوەیەکی ئەفسانەیی دادەنێن کە پەیوەندییان لەگەڵ نیشتمانی ئەڕواح (گیانەکان)دا هەیە و بەم پێیە ژێرزەوی بە شوێنی دانیشتن و نیشتمانی ئەوان دادەنرێت. لەلایەکی تر هەندێك کەناری دەریاچەی ئاڤێرنووس Avernus ی ئیتاڵیا بە نیشتمانی ئەوان دادەنێن. لەناو بەرهەمەکانی هۆمێردا، لە ئۆدیسێ (XI، 19 -13) ناوی کیمێری زیاتر لە ڕاستییەوە نزیك دەبێتەوە، چونکە نیشتەجێ بوونی کیمێرییەکان لە لێوارەکانی کەناری باکووری دەریای ڕەش و ئاسیای بچووك ڕاستییەکی مێژوویی سەلمێنراوە و تەنانەت ناوی نیمچە دوورگەی کریمێش لەناوی ئەوانەوە وەرگیراوە. ڕێگای هاتوچۆی ئەم نەتەوەیە لە ڕێگەی ناوچەکانی دانووب یان وەك هیرۆدۆت دەڵێت لەڕێگەی قەفقازیاوە بووە. لەکاتی کۆچکردن و ڕۆیشتن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، لەگەڵ نەتەوەکانی سەر ڕێگایان تووشی جەنگ و ململانێ و پێکدادان بوونە. زمانەکەیان زمانی ئێرانییە و یان بەلایەنی کەم دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانیان ئێرانی بوونە. بەپێی گێڕانەوەی هیرۆدۆت ناوی گشت فەرمانڕەوا ناودارەکانیان وەکو تێووسپا Teuspa، تووگداما Tugdamma و سانداخشاترا Sandakhsatra ئێرانینە[2].

ئەو هەوڵانەی لەڕێگەی شوێنەوارناسییەوە بۆ بەدیارخستنی زێدی کیمێرییەکان و دیاریکردنی شوێنەکەیان ئەنجام دراوە تاکو ئێستا ئەنجامێکی نەبووە، بەڵام زۆربەی زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە باکووری قەفقازیا و کەناری دەریای ئازوف ژیاون و

١- *قوم های کهن آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ١٧٢ - ١٧٣.

٢- *هرودوت*، کتێبی چوارەم، ١١ — ١٣.

سەربە کولتوری کاتاکۆمب Catacomb بوونە[1]. هەربەوجۆرەی کە لەنیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز سەکا هێرشبەرەکان شوێنی کیمێرییەکانیان گرتەوە، قۆناغێکی چەند سەدەییش دەکەوێتە نێوان سەکاکان و ئەو کیمیرییە مێژوویانەی کە تازە لە ئاسیادا پەیدابوون[2].

لە سالآنی نێوان سەدەکانی هەشتەم و حەوتەمی پ.ز سەکاکان و کیمێرییەکان بەرەو قەفقازیا و ئاسیای رۆژئاوا رۆیشتن. ئەم نەتەوانە لەسەر رێیان لە نیشتمانی جۆرجیا و ئەران (کۆماری ئازەربایجانی ئێستا) تێپەڕین و کۆمەڵێکیان لە ئەراندا نیشتەجێ بوون و خۆیان بەدەست دەوڵەتی مادەوە دا. لە ئەنجامدا ئاشووربانی پاڵ سەکاکانی کەلوکۆم کرد و ئەوانیش بە ناچاری بە سەکاکانی قەفقازیاوە لکان[3].

تاکو ئێستا سەبارەت بە هونەری کیمێرییەکان بەتایبەتی بەر لە هاتنیان بۆ ئەورووپا، زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەر دەست دا نییە و لە پشت پەردەی تاریکی و خامۆشییەوە ماوەتەوە. سەبارەت بە ریشە و نەژادی لۆڕەکانیش زانیارییەکانمان کەمن. هەندێ لە زانایان پێیانوایە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە پێیان دەگوترێت لوڕ، لەڕاستیدا پاشماوەی کیمێرییەکانن. بەلآم کۆمەڵێکی تر دەڵێن لۆڕەکان سەربە کۆمەڵەی پیشەسازانی هیتییایی Hittites بوونە کە لە رۆژگاری نێوان ١٢٠٠ تاکو ١٠٠٠ی پ.ز بەهۆی دەستدرێژی ئێرانییەکان بەرەو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس

١- کولتوری کاتاکۆمب واتا کولتوری ((گۆڕی دەخمەیی)) یان ((گۆڕی ئەشکەوتی)). دەخمە واتا ئەو گۆڕانەی بەشێوەی ژێرزەمین دروستدەکرێن و لەناو ئەم ژێرزەمینەش کۆمەڵە دەلاقەیەك بۆ دانانی لاشەی مردوو دروستدەکرێت. لەم جۆرە گۆڕانەدا مردوو لەناو کفن دەپێچرێت و لەناو دەلاقەکان دادەنرێن و سالآنە لەلایەن خزم و کەسانی بەسەردەکرێتەوە و کفنەکەشی بۆ دەگۆڕن. لە رۆژگاری ساسانییەکان لەژێر رۆشنایی ئاییینی "نوێ زەردەشتی" و ئاییینی موغان زۆربەی گۆڕستانەکان لەسەر ئەم شێوەیە بوون. و.

٢- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ١٧٦.

٣- *ایران نامك*، لاپەڕە، ١٢٧. *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ٩٨.



هەڵاتوونە. لۆڕەکان لەوێدا نیشتەجێ بوون و شێوازە هونەرییەکانی خۆیانیان فێری ئەو ماننایانە کرد کە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە بوون.

بەلآم بەپێی بۆچوونێکی تر لۆڕەکان سەرەتا لە کیمێرییەکان و دوایی لە سەکاکانەوە فێری پیشەسازی و کانزاکاری بوون[1]. هەندێجار هەنگاو لەوە زیاتر هەڵدەبرن و دەڵێن ئەوە ماننا‌کان بوون کە لەنیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پ.ز بنەماکانی هونەری گیانلەبەری خۆیانیان فێری سەکاکان کرد. ئەو سەکایانەی کە تاکو ئەو کات بەسەر مادەکاندا فەرمانڕەوایەتییان دەکرد[2].

١- *فرهنگ های هنری ایران*، لاپەڕە ٤٠.

٢- *هنرهای باستانی آسیای مرکزی تا دوره اسلامی*، لاپەڕە ٢٦ — ٢٧.

## ماساژێتەکان Massagetae

ماساژێتەکان بەهێزترین نەتەوەی سەربە سەکاکان بوون و لە ئاسیای ناوەندی دەژیان و ناوچەیەکی نێوان دوو رووباری ئاموو دەریا و سیر دەریایان لەبەر دەست دا بوو کە دەکەوتە باکووری خوارەزم. ئەم ناوچەیە لە هەزارەی یەکەمی پ.ز کەڵکی لە ئاوی ئەم رووبارانە وەردەگرت. بەپێی گێڕانەوەکانی هیرۆدۆت (کتێبی چوارەم) ماساژێتەکان ئەو بیابانگەردانە بوون کە بەگوێرەی جۆری جلوبەرگ و شێوەی ژیان لە سەکاکان دەچوون. ناوی ئەم نەتەوەیە لە وشەی ((ماسی)) وەرگیراوە. هیرۆدۆت و ئێسترابۆن[1] جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە خواردنی ئەمانە بەزۆری ماسی بووە[2].

دواتر تۆلستۆڤ Tolstov لە توێژینەوەکانیدا لە ناوچەی ئاق چادەریا Aghchadarya توانی شوێنی کۆن و دێرینی چیریك- رۆبات Chirik-Robat بدۆزێتەوە. سەردەمێك بابیش- موولا Babish-Mulla دەکەوتە چل کیلۆمەتری ئەم شوێنە، تۆلستۆف پێیوایە لە سەرجەم ناوچەی دیلتا (دووئاوان)دا، ئاپاسیکەکان Apasiaks یان هەمان سەکائاوییەکان یان ماساژێتەکان نیشتەجێبوونە. تۆلستۆف بۆ دەربڕینی ئەم بۆچوونەی ئاماژە بە نوسراوی مێژوونووسەکانی یۆنانی کۆن وەکو ئێسترابۆن، بەتەلیووس و ترۆگۆس پەمپیووس دەکات[3]. ئەم نەتەوەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی پ.ز توانی لەناوچەی سیردەریا پێش هێرش و پێشڕەوییەکانی

1- Geographia, XIV, 1. 40.

٢- مشکور، محمدجواد، *پارتی ها یا پهلویان قدیم*، تهران: انتشارات دانشسرای عالی، لاپەڕە ١٦٤ — ١٦٥.

٣- مێژوونووسی سەدەی یەکەمی زایینی.



ئەسکەندەر بگرێت. ناوچەی ئاپاسیاکەکان لەنێوان دوو رووباری سیردەریا و ئاموودەریا لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی پ.ز چۆڵ کرا[1].

ماساژێتەکان نەتەوەیەکی جەنگاوەر بوون، سوارچاکی جەنگاوەر و جەنگاوەرانی پیادەشیان هەبوو. ئاڵتون و مز لە نیشتمانی ئەواندا فراوان بوو و هەر بۆیە دەسماڵی سەر و بەرهەڵبێنەی سەر شان و کەمەربەندەکانیان بە ئاڵتون دەڕازاندەوە و هەروەها سینەپۆشیان بۆ ئەسپەکانیان دروست دەکرد و لغاو و زینبەندی ئەسپەکانیان بە زیو و زێڕ دەڕازاندەوە. مەدالیا ئاڵتونییەکانی کۆلێکسیۆنی جەیحوون جۆر و چۆنییەتی جلوبەرگی ماساژێتەکانمان پێ دەناسێنێ.

پێدەچێت لەسەرەتادا پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان لەسەر بنەمای دایکسالاری بوونیات نرابێت، هیرۆدۆت لە (کتێبی چوارەم)دا ئاماژە بەوەدەکات کە لەناو ئەواندا زەماوەندی بەکۆمەڵ باو بووە. خۆریان دەپەرستی و ئەسپیان بۆ دەکردە قوربانی و هەروەها دەڵێت ریوڕەسمێکی رەسەن لەناو ئەمانەدا باو بووە و بریتی بووە لە خواردنی مرۆڤ، ئەمەش بەو چەشنەبووە کاتێك پیاوێك پیردەبوو لەگەڵ گا و مەڕ دەیانکووشتەوە و گۆشتەکەیان دەکوولاند و دەیانخوارد[2].

لە گۆڕە تەپۆلکەییەکانی ئۆی گاراك Uygarak ، تەرمی مردووەکانیان بەشێوەی چەماوە داناوە و سەریان بەرەو ئاراستەی رۆژهەڵات لارکردۆتەوە. کەلوپەلی جۆراوجۆر لەناو گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە بەتایبەتی مێهرابەی بچووکی لە بەرد دروستکراو کە زۆرتر لەناو گۆڕی ژناندا دۆزراوەتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی ماساژێتەکان و هەخامەنشییەکان دەبێ بڵێین لەسەردەمی کۆروش نیشتمانی ئێران بەرەو باکووری رۆژهەڵات بەرفراوان ببوو، ئەم ناوچانەش بە

١- فرامکین، گوگوار، ١٣٧٢، باستان شناسی در آسیای مرکزی، ترجمه ملك شهمیرزادی، تهران: موسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، لاپەڕە ١٤١.

٢- *قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران*. لاپەڕە ٩٣ — ٩٤.

بەردەوامی رووبەڕووی هێرشی سەکاکان و ماساژێتەکان دەبۆوە. کۆروش هەوڵیدا ئـەم نەتـەوە باکوورییانـە چاوترسـێن بکـات. لـەم کاتـەدا ژنێـك بـەناوی توومـۆرۆس Tumoros فەرمانڕەوای ماساژێتەکان بوو. کۆروش پێی راگەیاند کە خوازیاری ئەوە و دەیەوێت زەماوەندی لەگەڵدا بکات. بەڵام توومۆرۆس زانی ئەمە پیلانە و دستی بـە جەنگ کرد. کۆروش لەم جەنگـەدا کـوژرا و تەرمەکـەی بـۆ پاسـارگاد هێنـراوە و لـە **٥٢٩**ی پ.ز لەوێدا ناشترا[١].

دەسەڵات و فەرمانڕەوایـەتی ماسـاژێتەکان زۆری نەخایانـد. ئـەو رووداوانـەی لـە رۆژهـەڵاتی دوور روویانـدا هەرەشـەی لـە ماسـاژێتەکان و گـشت هۆزەکـانی ئاسـیای ناوەندی کرد. بـەگوێرەی بەڵگـە چـینییەکان تـاکو کۆتـایی هـەزارەی سـێیەمی پ.ز، ئاسیای ناوەندی گۆڕەپانی گۆڕانکارییە مەزنەکان بووە، لە ئـەنجامی ئـەم گۆڕانانـەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی ماساژێتەکان هاتووە[٢].

---

١- ***هنرهای باستانی آسیای مرکزی تا دوره اسلامی***، لاپەڕە، ٧٣. ***ایران نامك***، لاپەڕە ١٤١.

٢- ***قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران***. لاپەڕە ٩٩.

# ئاریاییەکان Aryans

لەماوەی نێوان ١٨٠٠ تاکو ١٥٠٠ی پ.ز کۆمەڵە هۆزێکی مێگەلدار لە رووبەرێك کە لە هیندەوە تاکو باڵکانی دەگرتەوە بەرەو ئاراستەی باشوور پێشڕەوییان کرد. ئەو گەلانەی دەکەوتنە سەر رێگەیان بەر هێرشی ئەم کۆمەڵە مێگەلدارانە دەکەوتن، ئەو بەڵگانەی کە لەم نەتەوانەوە بەدەست هاتوون پیشاندەدەن، گشت ئەم هێرشبەرانە بە کۆمەڵە زمانێکی سەربە ریشەی زمانی هیندوئەورووپی دواون. ئەو هۆزانەی کە خاکی هیندیان داگیرکرد خۆیان بە ئاریا ناودەبرد. لەڕاستیدا وشەی ((ئاریایی)) دەبێ بۆ ناونانی ئەو هۆزانە بەکاربردرێت کە هەم خاوەن نەریتێکی مێگەلداری بن و هەمیش بە زمانی هیندوئەورووپی بدوێن[1].

سەرۆك هۆزانی هیندوئەورووپی سوارچاکی کارامە بوونە. لە دەورووبەری دەستپێکی هەزارەی دووەمی پ.ز لە دەشتەکانی باکوور و مێرگەکانی باکووری قەفقازیا و دەریای کاسپییەوە پێیان نایە ناو خاکی ئێران. کۆمەڵێکیان رێگەی باشووری رۆژهەلاتیان گرتەبەر و رۆیشتنە هیند و دانیشتوانی رەسەنی ئەم ناوچانە ملکەچی دەسەلاتی ئەوان بوون، زمانی خۆیان بەسەر ئەم خەڵکەدا سەپاند و ئەم زمانە تازەیە گەشەی کرد و ناوی سانسکریتی پێدرا. کۆمەڵەکی تر بەرەو رۆژئاوای ئێران بەرێکەوتن بەڵام تەنیا لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس نەوەستان و وردەوردە دەسەلاتی شارە قەلاییەکانیان لە دەست فەرمانڕەوا رەسەنەکانی ناوچەکە دەرێنا. لە ئازەربایجان و رۆژئاوای ئێران مادەکان و ئێرانییە تازە هاتووەکان رووبەرووی دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە بوونەوە کە بە زمانێکی جیا لە زمانی هیندوئەورووپی دەدوان. وەکو ئۆراڕتووەکان Urartians و

١- لینتون، رالف، ١٣٧٨، *سیر تمدن*، ترجمه پرویز مرزبان، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ٣٣٧.



ماناکان Mannaeans و هووریانییەکان Hurrians. لە کۆتاییدا ئەم کۆمەڵە بە درێژایی رووباری فورات بەرەو باشوور بەرێکەوتن و لە شوێنێك دا لە فوراتەوە پەڕینەوە و گەیشتنە نیشتمانی ئەنزان و ئەنشان و دوایی پێیان نایە پارس و یەکەمین باپیرەگەورەیان بەناوی هەخامەنێش لە ساڵی ٧٠٠ی پ . ز، بناغەی دەسەلاتدارییەتی بنەماڵەی هەخامەنشی دامەزراند.

ناتوانین بڵێین ئاریاییەکان نەتەوەیەکی بیابانگەرد بوونە بەڵکو دەتوانین بڵێین سەبارەت بە نیشتمان و شوێنی دانیشتنیان کەمتەرخەم بوونە. لەگەڵ هەر پێشهاتێك ماڵ و حاڵی خۆیان کۆدەکردەوە و بارگەیان تێکدەنا و دەیانخستە ناو عارەبانەی بارهەڵگر و خانوو و کەپرەکانیان دەسووتاند و بەرەو شوێنێکی نادیار و نامۆ بەرێ دەکەوتن. سەرکەوتنی ئەوان دەگەڕاوە بۆ دۆزینەوەی مێرگ و لەوەڕگای تازە و دەشتی بەپیت بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون، پاشان وردە وردە نەتەوەیەکی سەرکەوتوو و دەسەلاتداریان لێکەوتەوە.

کۆمەڵگای ئاریایی لە سێ توێژی خانەدان، خەڵکی ئاسایی و کۆیلەکان پێکهاتبوو. بەزۆری کەسێکی لێهاتوو سەرۆکایەتی هۆزی پێدەسپێردرا. خانەوادە لەژێر فەرمانی باوك دا بوو و ناوی خێزانی و خوێن و نەسەب لەلایەن باوکەوە بوو. هۆزەکانی ئاریایی لە کۆمەڵە خانەوادەیەکی گەورە پێکدەهاتن. توێژی خانەدان لە سەرۆکی هەر یەك لەم خانەوادە گەورانە پێکدەهات و سەرۆکی زەنگین ترین و گرنگترین خانەوادەی گەورەی ئاریایی بۆ سەرۆکایەتی هۆز هەڵدەبژێردرا[1].

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبابەت ئاریاییەکانەوە لەبەردەست دانە بەدیار دەکەوێت کە گرنگییەکی زۆریان بە لایەنی سێکسی و بواری هاوسەردارییەتی نەداوە و هیچ جۆرە جەهیزە و ماڵێك لەم کارەدا ئاڵوگۆڕ نەدەکرا. ملکەچبوون و پەیوەستبوونی ژن بە خانەوادە و خزمانی زۆر گرنگتر بوو تاکو بە هاوسەرەکەی. بەچەشنێك کە لەکاتی شەڕ و ناکۆکی ژن دەبوایە لایەنگری خزمەکانی خۆی بێت و بەرگرییان لێبکات.

١- جوادی، غلامرضا، ١٣٨٠، *مدیریت در ایران باستان*، تهران: سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، لاپەڕە ٣٩ – ٤١.

بنەمای هاوسەرگیری لەسەر بناغەی تاکهاوسەری بونیات نرابوو! بەلاّم دەشیا پیاوە زەنگین و خانەدانەکان دوو یان سێ ژنیان هەبێت[1].

ژنەکان لەلایەن باوك و دایکەوە پلەوپایەی کۆمەلاّیەتییان بۆ بەمیرات دەماوە، جابۆیە ئاسایی بوو ژنێك لە هاوسەرەکەی پایەبەرزتر بێت.

سەبارەت بە بیروباوەڕی ئایینی، ئارياییەکان ئایین و پێکهاتەیەکی تایبەتی ئایینییان نەبووە. لەسەرەتادا سەرۆکی خانەوادە ئەرکی پێشەوای ئایینیشی بەئەستۆ بوو. وردەوردە کاهین و شارەزایانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینیش پەیدابوون، بەلاّم پلەوپایەیەکیان نەبوو. وەك ئاشکرایە ئایینی ئارياییەکان پەرستنی ئەژداد و ئاباد نەبوو. مردووەکانیان دەسووتاند، بەم کارەیان دلّنیادەبوون کە گشت پەیوەندییەکانی مردووەکە لەگەلّ جیهانی دەوروبەر دەپچڕێنن و پێش مەترسی هاتنەوەی گیانی مردووەکەش دەگرن.

شارستانییەتی ئارياییەکان شارستانییەتێکی سادە و سەرەتایی بوو و تەنیا هەندێك جۆری چەك و هەندێك تەکنیکی جەنگی تایبەتیان هەبووە. لەناو ئەوان سیستەمی دەرەبەگایەتی و بەهرەمەندبوون لە دەسکەوتی خەلّکی ئاسایی، باو بووە. ڕێوڕەسمی سوارچاکی و بەخێو کردنی ئەسپ و ڕاوکردن، تایبەت بە توێژی خانەدان بوو و کەمتر خەریکی کاری جووتیاری و هونەرەکانی تر دەبوون. بەلاّم هاندەری هونەرمەندان و پیشەسازان بوون. لەکاتی جەنگدا ڕێنمایی جەنگاوەرانیان دەکرد و هەندێجار گیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە و هەرکەسێك کە بە هۆی ترسنۆکی لە ئەرکی پیاوانەی خۆی پاشگەز ببوایە بە خەیانەتکاری هۆز و گەل لەقەلّەم دەدرا[2].

---

١- *سیر تمدن*، ٣٤١ – ٣٤٢. *مدیریت در ایران باستان*، لاپەڕە ٤٠.

٢- *سیر تمدن*، لاپەڕە ٣٤٣ - ٣٤٤.

# ماده‌كان Medes

ماده‌كان نه‌ته‌وه‌یه‌كی ئێرانی و سه‌ربه‌ نه‌ژادی هیندوئه‌ورووپی بوون. له‌ ساڵی ٦٠٦ی پ.ز به‌ هاوكاری هێزه‌كانی بابلی توانییان ئیمپراتۆرییه‌تی ئاشووری له‌ناو به‌رن. یه‌كه‌مین ئیمپراتۆری ئاشوور كه‌ هێرشی كردبووه‌ سه‌ر ناوچه‌ شاخاوییه‌كان، ناوی تیگلات پیلێسار Tiglatpilessar بوو كه‌ له‌ده‌وروبه‌ری ١١٠٠ی پ.ز ده‌سه‌ڵاتی ئیمپراتۆرییه‌تی ئاشووری پێ سپێردرا. ئه‌م سه‌رده‌مه‌ تاڕاده‌یه‌ك هاوكاته‌ له‌گه‌ڵ سه‌رده‌می ژیانی زه‌رده‌شت. ئه‌م فه‌رمانڕه‌وایه‌ ناوی ماد و نیشتمانی ماد ناهێنێ چونكه‌ هێشتا به‌ ماد ناوبراو نه‌بوون له‌كاتێكدا هۆزه‌ پێشه‌نگه‌كانی ئه‌م گه‌له‌ له‌ باشووری توركه‌مه‌نیستان و باكووری گورگان نیشته‌جێ ببوون. ماده‌كان له‌ ده‌وروبه‌ری ١٢٠٠ تاكو ٩٠٠ی پ.ز ناوچه‌ گرنگه‌كانی مه‌رڤ و نێسا و گورگان و دامغان و ناوچه‌كانی تری ئه‌م مه‌ڵبه‌ندانه‌یان داگیركرد و گه‌یشتنه‌ سنووری شاری ڕێگا و كاشان[1]. له‌سه‌ر ڕێی خۆیان په‌یوه‌ندییان به‌ سه‌رۆكی هۆزه‌كانی دانیشتوی ناوچه‌كان ده‌كرد. واپێده‌چێت له‌ ٩٠٠ی پ.ز ئه‌و خه‌ڵكانه‌ی له‌گه‌ڵ دانیشتووانی ڕه‌سه‌نی ناوچه‌كه‌ تێكه‌ڵ ببوون، مادیان پێگوترا. ئاترۆپاتس Atropates یان ئاترۆپاتێ Atropate ئه‌و ناوه‌یه‌ كه‌ بۆ مادی ئاترۆپاتێ دانراوه‌. ئێسترابۆن جوگرافیناسی به‌ناوبانگی یۆنانی ده‌ڵێت، كاتێك هه‌خامه‌نشییه‌كان له‌ناوچوون و ئه‌سكه‌نده‌ری مه‌قدوونی به‌سه‌ر ئێراندا زاڵبوو، سه‌ردارێك به‌ناوی ئاترۆپات كه‌ خه‌ڵكی ئاترۆپاتا بوو، فه‌رمانڕه‌وایه‌تی به‌شێك له‌ وڵاتی مادان Madan كه‌ ((مادی بچووك))ی

١- *ایران نامك*، لاپه‌ڕه‌ ٢١٨ — ٢١٩. *آذربایجان در سیر تاریخ ایران*، ٢٨٤.



پێده‌گوترا، به‌ده‌سته‌وه‌گرت. له‌به‌ر ناوی سه‌رداره‌وه‌ ئه‌و ناوچه‌یه‌ ((ئاتوورپاتكان))ی پێگوترا. خه‌ڵك ئاترۆپاتیان به‌ فه‌رمانڕه‌وا هه‌ڵبژارد و ئه‌ویش سه‌ربه‌خۆیی ناوچه‌ی ژێرده‌سه‌ڵاتی خۆی ڕاگه‌یاند[1].

به‌م چه‌شنه‌ ته‌نیا به‌شێك له‌ ناوچه‌ی ماد یان خاكی مادان "نیشتمانی ماد"ی پێگوتراوه‌، یان ئه‌وپه‌ڕی هه‌مه‌دان و ناوچه‌كانی ده‌وروبه‌ری به‌ مادی گه‌وره‌ و ئازه‌ربایجانیش به‌ مادی بچووك ناوبراوبووه‌. ئه‌م ناوه‌ تاكو ئه‌م ڕۆژگاره‌ دواییانه‌ش هه‌ر ماوه‌ته‌وه‌ چونكه‌ ئه‌و ده‌شته‌ به‌رفراوانه‌ی كه‌ له‌ ڕۆژئاوای شاری ته‌وریزه‌وه‌ تاكو كه‌ناری ده‌ریاچه‌ی ورمێی ده‌گرته‌وه‌، تاكو ڕۆژگاری هێرشكردن و داگیركردنی له‌لایه‌ن مه‌غۆڵه‌كان، ده‌شتی "ماهان یان ده‌شتی مایان"ی ناوبووه‌ كه‌ مه‌به‌ست هه‌مان ((ده‌شتی مادان)) بووه‌.

ناوی ماد بۆ یه‌كه‌مین جار له‌ نووسراوه‌ به‌ردینه‌كانی شه‌ڵمه‌نسه‌ر Shalmensserی دووه‌مدا هاتووه‌. ئه‌م فه‌رمانڕه‌وایه‌ له‌ ساڵی ٨٤٤ی پ.ز هێرشی بردۆته‌ سه‌ر ئه‌و ناوچانه‌ی كه‌ هۆزه‌ به‌ربڵاوه‌كانی ماد و دانیشتوانی ڕه‌سه‌نی ناوچه‌كه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ له‌وێدا ده‌ژیان. سه‌ده‌یه‌ك دواتر كاتێك تیگلات پیلسار گه‌یشته‌ نیشتمانی ماده‌كان، ماده‌كان له‌م ناوچه‌یه‌دا ببوونه‌ هێزێكی گه‌وره‌ و سه‌رۆكایه‌تی یه‌كێتی دانیشتوانی ئاریایی ــ ناوچه‌یی بانی ناوه‌ندیان به‌ده‌سته‌وه‌ گرتبوو. وادیاره‌ زۆر به‌رله‌وه‌ هۆزه‌كانی ماد له‌ شارێكدا نیشته‌جێ بوونه‌ كه‌ له‌ نووسراوه‌كانی ئاشووریدا به‌ناوی كار- كاشی Kar-Kashi و له‌ نووسراوه‌ یۆنانییه‌كانیش به‌ ئاكاسیا Acacia ناوی هاتووه‌. شاری كارــ كاشی به‌زمانی ئاریایی هێگمه‌تانا

١- بویس، مری. گرنر، فرانتز، ١٣٧٥، *پس از اسكندر گجسته*، ج٣، ترجمه همایون نعمتی زاده، تهران: قومس، لاپه‌ڕه‌ ٩٣ به‌ولاوه‌. كسروی، احمد، ١٣٥٦، *كاروند كسروی*، به كوشش یحیی ذكا، تهران: شركت سهامی كتاب های جیبی، لاپه‌ڕه‌ ٣١٤. قرشی، امان الله، ١٣٨٠، *آب و كوه در اساطیر هند و ایرانی*، هرمس، لاپه‌ڕه‌ ٣٦ — ٣٧.

Hagmatana بووە واتا "شوێنی کۆبوونەوە" لە یۆنانیدا ئێکباتان و لە چاخەکانی دواتر، هەمەتان و هەمەدانی پێگوتراوە[1].

یەکەمین دەوڵەتی یەکگرتووی ماد لەساڵی ٧٠٥ی پ.ز دامەزرا کە یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی ئارياییەکان بوو. هیرۆدۆت (لە کتێبی یەکەم بەندی ١٠١) ئاماژە بە ناوی شەش هۆزی مادی دەکات: پارێتاکێنەکان Paretakenoi، بۆوساکان Bousai، ئێستروخاتەکان Stroukhates و ئاریزانتەکان Arizantoi و بوودییەکان Boudioi و مۆغەکان Magoi. لەناو ئەم هۆزانەدا ناوی ئێرانی و نائێرانی بەرچاودەکەون و زۆر هەوڵدراوە گشت ئەو ناوانە بە ئێرانی دابنرێن. لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی سنوورەکانی لای رۆژهەڵاتی دەوڵەتی ماد نەکراوە بەڵام دیانۆکۆف دەڵێت: بێگومان مادەکان فەرمانڕەوای پارت و گورگان و ناوچەکانی هەرات بوونە[2].

بێگومان مادەکانیش وەکو مانناکان نووسین و خەتیان هەبووە. ئەم بابەتە جێگەی باسە کە مادەکان لەکەیەوە وازیان لە زمانی ئاشووری هێناوە و بەزمانی مادی شتیان نووسیوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بە دۆزینەوەی ریشە و رەچەڵەکی خەتی بزماری فارسی کۆن. زۆربەی توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە خەتی فارسی کۆن وەکو خەتی بڕگەیی لە ئەکەدییەوە وەرگیراوە. کۆمەڵێکی تر پێیانوایە خەتی فارسی کۆن لەخەتی مادی کۆن یان ماننایی وەرگیراوە، لەکاتێکدا ئەم دوو خەتەش لەژێر کاریگەری خەتی ئۆرارتووەکان Urartuian دا بووە. کۆمەڵێکی تر پێیانوایە داریوش خەتی فارسی کۆنی بۆ کارەکانی خۆی داهێناوە. بەکارهاتنی وشە و شێوازی زمانی مادی لە خەتی فارسی کۆندا

1- Hagmatana لە شێوەی کۆنتری Ham. Gmatana.و وەرگێڕاوەکە بەواتای ئەنجوومەن دێت.

٢- ئاریزانتەکان لە ناوچە رۆژهەڵاتییەکانی دەوڵەتی ماد و لە نزیک مۆغەکان لە رێغا (رەیی)، بوودییەکان لە رۆژئاوای ماد، بۆوساکان لە دەوروپشتی هەمەدان، پارێتاکێنەکان لە دەوروپشتی ئەسفەهان نیشتەجێبوون. ← هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٧٢ — ٢٧٣.



دەسەلمێنن، زۆربەی وشە و شێوازەکانی نووسین لە زمانی مادییەوە هاتۆنەتە ناو زمانی فارسی کۆن[1].

هیرۆدۆت دەڵێت لە سەردەمی رابردوو لەو کاتەی مادەکان لە دێهاتەکاندا دەژیان، سەرکردەیەکی راستکردار بەناوی دیۆك Diok لەناویاندا دەژیا کە کوڕی فرائۆرتیس Phraortes بوو. چونکە بەدادوەرێکی راستگۆ لەناو خەڵکیدا ناوی دەرکردبوو لە گشت ناوچەکەدا داوای دادوەریکردنیان لێدەکرد، سەرەنجام مادەکان پێشنیاری پاشایەتییان پێدا. دیۆکس هەرکە دەسەڵاتی وەرگرت فەرمانیدا شارێك دروست بکەن بەناوی هێگمەتانە (شوێنی کۆبوونەوە) کە حەوت دیواری هەبوو. گشت هۆزەکانی ماد دانیان بە فەرمانڕەوایەتی ئەو دانا[2].

بە گوێرەی نووسراوە بەردینەکانی تەختی جەمشید کە بە زمانی ئیلامینە و هەروەها بەپێی نووسراوە بەردینەکانی بێستوون بەدیاردەکەوێت مۆغەکان لەناو پارسەکاندا ناسراو بوونە. هیرۆدۆت لە کتێبی یەکەم بەندی ١٠٧ دا دەڵێت، مۆغەکان لەناو دیوان و کۆشکی مادەکاندا وەکو راوێژکار و ئەستێرەناس دەورێکی گرنگیان هەبووە. ئاشکرایە کە مۆغەکان لەناو ماد و پارسەکان و بەگشتی خەڵکی رۆژهەڵاتی ئێران توێژێکی چالاك بوونە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی رێوڕەسمە ئایینییەکان وەکو دانانی تەرمی مردوو لەبەردەم باڵندە و ئاژەڵەکان کە لە کتێبی یەکەمی هیرۆدۆت بەندی ١٤٠ ئاماژەی پێکراوە، هەروەها کۆمەڵێك کرداری تر کە لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا سازگارن[3].

جێگەی داخە کە لەڕووی هونەری و میعمارییەوە بەرهەمێکی کەم لە مادەکان ماونەتەوە. بەڵام بەڵگەکان دەسەلمێنن هونەری ئاوێتەیی هەخامەنشییەکان کە ئاوێتەیەك لە هونەری ئیلامی و میزۆپۆتامیا و ئۆرارتووەکان بووە لە هونەری ئیمپراتۆرییەتی مادەوە سەرچاوەی گرتووە.

١- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە خەتی مادەکان ← *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ١٢١ — ١٢٢.

٢- *ایران در سپیده دم تاریخ*، لاپەڕە ١٣٣ — ١٣٤ . *آذربایجان در سیر تاریخ ایران*، لاپەڕە ٢٧٤.

٣- *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ١٢٣ — ١٢٦.

ئیمپراتۆرییەتی ماد مەڵبەندی کولتوری و ئایینی بووە و لەمڕووەوە بەسەر گشت ئێران واتا باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەوروکاریگەری خۆی هەبووە. بێگومان سەردەمی ماد ڕۆژگاری گۆڕان و گەشە و بەرەو پێشچوون بووە و بەرزی هونەر و کولتوری ئێرانی هەخامەنێشی لە هونەر و کولتوری مادەوە سەرچاوەی گرتووە[1].

ڕەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ پەیوەندی نێوان ناوچەکان و هەروەها ئاسانکاری نواندن بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری لە نێوان هۆزە جۆراوجۆرەکاندا، یەکێکی تر لە دەسکەوتە پێشکەوتنخوازەکانی شارستانییەتی ماد بوو کە بووە هۆی گەشە و پێشکەوتنی ئەم ئیمپراتۆرییەتە[2].

---

١- ئەو گۆڕ و گڵکۆیانەی لەناو قەدی چیاکان لەسەر شێوەی خانوو دروست دەکران، بە هونەری مادەکان دادەنرێن . لەسەر گۆڕێکی ئەوها لە شاری سنەی کوردستان لەڕێگەی نێوان کرمانشان و هەمەدان نەخشی فەرڤەهر هەڵکەنراوە کە سیمبولی ئاهوورامەزدایە. لەسەر زۆربەی نەخشە هەڵکەنراوەکانی ڕۆژگاری هەخامەنشییەکان وێنەی فەرەڤەهر بەرچاودەکەوێت، و تەرمی ئیمپراتۆرەکانیان لەناوقەدی چیاکان ناشتراوە. و.

٢- *آذربايجان در سير تاريخ ايران*، لاپەڕە ٢٨٣.

# هەخامەنشییەکان Achamenids

هۆزەکانی ئاریایی بە تایبەت هۆزە پارسی زمانەکان پێدەچێت لە هەزارەی دووەمی پ.ز بەناچاری ناوچەی هیرمەندیان چۆڵ کردبێت [1] و بەرەو رۆژئاوا بەرێکەوتبن. زیاتر لە دوو سەدە، پێچوو تاکو یەکەمین دەستەی کۆچەرانیان گەیشتنە ناوچەکانی باکووری پارێزگای فارسی ئێستا و دەورووبەری رووباری کوڕ. هۆزەکانی ساگارتی Sagarti[2] و گێرمانەکان لە هەندێ لە ناوچەکانی کێرمانی ئێستا نیشتەجێ بوون، هۆزی پاسارگادی لە ناوچەی فارسی ئەمڕۆدا نیشتەجێ بوون. دەستەیەکیان لە ساڵی ٦٩٥ی پ.ز بە سەرکردایەتی خانەوادەی ناوداری هەخامەنێشی لە پارسوماش Parsumash لە رۆژهەڵاتی شاری شوشتەری ئێستا و لە هەر دوو کەناری رووباری کارون جێگیربوون. دەوڵەتی ئیلام نەیتوانی پێش جێگیر بونیان بگرێت و خانەوادەی هەخامەنێش پەیوەندییان بە ئیلامییەکانەوە کرد[3].

گرنگترین بابەت لەناو ئەفسانەکانی سەربە چۆنییەتی لەدایکبوون و ژیانی کۆروشەوە، رووخانی دەوڵەتی ماد و هاتنە سەرکاری پارسەکان بوو[4]. هەخامەنێش

١- قرشی، امان الله، ١٣٨٠، *ایران نامك*، تهران: هرمس، لاپەڕە ٢٢٧.

٢- ناوی هۆزێکی گرنگی مادەکانە کە لە دوورترین ناوچەکانی رۆژئاوای نیشتمانی ماد دەژیان. *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ٢٢١.

٣- *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ٢٢٧.

٤- بەپێی نووسراوەکانی تەورات و بۆچوونی هەندێ لە مێژوونووسان، وەکو هیرۆدۆت و گەزنەفوون و کتزیاس، کۆروش سەربە بنەماڵەی هەخامەنێش و کوڕی کەمبووجییەی یەکەم بوو کە لە ساڵی ٥٥٩ ی پ.ز لە خانەوادەی پارسی زمانی دانیشتووی ناوچەی پاسارگاد لەدایکبوو. کەمبووجییەی باوکی پاشای



لەڕووی نووسراوە بەردینەکانی داریوش دەناسرێت. داریوش لە نووسراوە بەردینە ستوونییەکەیدا خۆی بە ((داریوش، شای جیهان، شای مەزن، شای بەهێز، شای بابل، شای سۆمەر و ئەکەد و فەرمانڕەوای چوارکوچکەی جیهان، کوڕی کەمبۆجیە، شای شاری ئەنشان، نەوەی کۆروش، شای شاری ئەنشان، نەتیجەی چیش پیش شای گەورە، شای شاری ئەنشان، نەوەی نەمری خانەدانی پاشایی)) دادەنێت[1].

سەرەتا وادەزانین هەخامەنشییەکان مادەکانیان لەناو بردووە. لە راستیدا ئەم دوو نەتەوەیە بەیەك دادەنرێن کە ئەمیان لە شوێنی ئەویتریان دەسەڵاتی وەرگرتووە. لە نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنشیدا ناوی مادەکان هاتووە و مێژوونووسانی یۆنانی بە دوو نەتەوەی جیاوازیان دانانێن.

وشەی هەخە Hakha و هەخا Hakha لە زمانی ئاڤێستایی و فارسیدا بەواتای هاوڕێ و خۆشەویست هاتووە. بەم چەشنە دەتوانین بڵێین هەخامەنێش واتا ((باش رفتار)) یان ((ئەو کەسەی کە رفتارێکی هاوڕێیانەی هەیە)). ناوی پارسێ لە وشەی ئێرانی کۆنی Parsau/Parsu ((بە واتای پەراسوو)) هاتووە. ئەم وشەیە لە فارسی کۆن بەشێوەی ParØa-ParØu بووە کە لە زمانی فارسی نوێ شێوەی ((پهلو))ی لێماوەتەوە. هەروەها لە زمانی سانسیکریت بەشێوەی Parsu و لە زمانی ئاڤێستایی بەشێوەی Paresu < IE Parko (= پەراسوو، پاڵوو، تەك، کەلەکە)یە[2].

هیرۆدۆت ئاماژە بە ناوی دە هۆزی ئەندامی یەکێتی هۆزەکانی پارس دەکات کە کۆروش سەرکردایەتی دەکات: أ) هۆزە نیشتەجێ بووەکان وەکو: ١- پاسارگادییەکان

ویلایەتی پارس و فەرمانبەری دەوڵەتی ماد بوو، دایکی کۆروش ناوی ((ماندانا)) و کچی ئاستیاگ یان (ئاژی دەهاك)ی پاشای ماد بوو. کۆروش لە پاشای ماد هەڵدەگەڕێتەوە و بەسەری دا دەدات. ئاستیاگ خۆی بەدەستەوە دەدات و دەوڵەتی ماد دەڕووخێ، بەم پێیە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی لە ئیمپراتۆرییەتی مادەوە بۆ ئیمپراتۆرییەتی پارس دەگوازرێتەوە و ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنێشی دادەمەزرێت. و.

١- رجبی، پرویز، ١٣٨٠، *هزاره های گمشده*، بەرگی یەکەم، تهران: طوس، لاپەڕە ١٠٢.

٢- *ایران نامك*، لاپەڕە ٢٢٩.

Pasargadai، ٢- مارِافییەکان Maraphioi، ٣- ماسپییەکان Maspioi، ٤- پانێیالاّیاییەکان Paneyalayai، ٥- درائۆسیاییەکان Draosiaoi، ٦- گێرمانییەکان Garmanioi. ب) هۆزە کۆچەر و خێوەت نشینەکان: ١- داهایەکان Daoi، ٢- ماردۆیەکان Mardoi، ٣- درۆپێکەیەکان Dropikoi، ٤- ساگارِتییەکان Sagartioi[1].

سەرکەوتنی هەخامەنشییەکان بەسەر مادەکاندا بەشێوەی هێرشە خوێناوی و توندوتیژەکانی ئاشووری و بابلی و ئیلامییەکان نەبوو کە هەڵیان دەکوتایە سەر گەلانی تر. شاری هێگماتانا نەتەنیا بەتالاّن نەبرا بەڵکو وەکو خۆی بە پایەتەختی ماوە و کۆروش بەڵگەنامەکانی خۆی لەوێ دانا و لەوانەیە نووسراوە بەردینەکانی ئاریارمنا و ئارشاما و بەڵگەکانی تری بۆ ئەوێ گواستبێتەوە. کاربەدەستانی ماد لەسەر کارەکەیان مانەوە و لەگەڵ هاوکارە فارسەکانیان کاریان دەکرد. ئەم گۆڕان و گواستنەوەی دەسەلاّت لە مادەوە بۆ پارس وەها بە بێدەنگی روویدا کە پێدەچێت هەمان دەسەلاّتی پێشووە. هەردوو نیشتمانەکە کەوتنە ژێر ئالاّی کەسێك بەناوی کۆروش کە ببووە سەرۆکی ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێز و بەرفراوان.

ئامانجی سەرەکی کۆروش هێورکرنەوەی ناوچەکانی رۆژهەلاّت بوو، چونکە دەسەلاّتدارییەتی ولاّتێکی مەزنی وەرگرتبوو کە کۆمەڵێك کولتوری دێرینی لەناو خۆیدا تواندبۆوە. سنوورەکانی ولاّتی پێشکەوتووی کۆروش تاکو سنوورەکانی سەیحوون و جەیحوون دەڕۆیشت. لە راستیدا کۆروش لەڕێگەی داسەکاندنی ئەم هۆزە بیابانگەردانەوە گیانی خۆی لەدەست دا[2].

---

١- *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ٢٣٠.

٢- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ١٣٦. *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ١٤١.



سەرکەوتنە گرنگەکەی تری کۆروش گرتنی بابل بوو[1]. لە بابل کار و رفتارەکانی نابووکادنەسەر Nabukadnessar، کاهینەکانی (مەردووك Marduk )[2] و کۆمەلاّنی خەڵکی بێزارکردبوو. بەپێی نووسراوە ئەکەدییەکان کۆروش لە ساڵی ٥٩٣ی پ.ز گەیشتە بابل. ئەم ساڵە لە مێژووی میزۆپۆتامیا ساڵێکی گرنگە، چونکە لە سومەر و ئەکەد رۆژگارێکی زۆر دوورودرێژ کۆتایی پێهات. سەردەمی یەکگرتنی میزۆپۆتامیا و ئێران دەستی پێکرد و چەندین سەدەی خایاند. لە نووسراوەکانی ئەکەدیدا کۆروش بەم چەشنە باسی خۆی دەکات: ((من کۆروشم، شای جیهان، شای گەورە، شای یاسایی، شای بابل، شای سومەر و ئەکەد، فەرمانڕەوای چوار کوچکەی جیهان)).

کۆروش هەوڵیدا رێز لە مەردووك و خواوەندەکانی تری میزۆپۆتامیا بگرێت. جولەکەکانی لە بەندیخانەی بابل ئازاد کرد و بەرەو ولاّتی خۆیانیانی گەڕاندنەوە.

---

١- بابل بەرلەهاتنی هەخامەنشییەکان ولاّتێکی پڕستەم و ستەمکاری بوو، نەبۆئییدی فەرمانڕەوای بابل باوەڕی بە بیروباوەڕی ئایینی رۆژگاری خۆی نەبوو و هەوڵی گۆڕینی بیروباوەڕی ئایینی دەدا و پەیکەری خواوەندەکانی شارەکانی تری بۆ بابل هێنابوو. کۆمەلاّنی خەڵکی ناڕەزایەتی خۆیان بە ئاشکرا و نهێنیێ دەردەبڕی و لەم کاتەدا چەندجار جەنگ و پێکدادان لە نێوان کۆروش و نەبۆئیید روویدا و لەئاکامدا کۆروش سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بابلی گرت. کۆروش پەیکەری خواوەندەکانی شارەکانی تری بۆ شوێنی خۆیان و بۆ پەرستگەکانیان گەڕاندەوە. ئەو نەتەوانەی بەندکرابوون و راگوێزرابوون کۆکرانەوە و رەوانەی شار و ولاّتەکانیان کرانەوە. کۆروش سەروەت و سامانێکی زۆری بە یەهوودییەکان بەخشی و ئەوانی بۆ ئۆڕشەلیم گواستەوە و ئەو کەلوپەلانەی نابووکاد نەسر لە پەرستگەی ئۆڕشەلیم بەتالاّنی بردبوون پێشکەشی کردنەوە. و.

٢- مەردووك خواوەندی گەورەی شاری بابل بوو. کۆروش لەپاش گرتنی بابل و رزگارکردنی یەهوودییەکان پەرستنی مەردووکی باوکردەوە و گوتی: ((مەردووك، خوای مەزن، لە کارەکانی من دلّشاد بوو، و بەگەورەیی خۆی دوعای بۆکردم، من کە کۆروشم، ئەو فەرمانڕەوایەی مەردووك دەپەرستێ، و کەمبوجییەی کوڕم، و گشت سەربازەکانم، لەکاتێکدا ئێمە بەدڵنیایی و بەشادمانییەوە ستایشی شکۆ و گەورەیی خواوەندایەتی ئەومان کرد.)) و.

نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتی لەسایەی سیاسەتی جوامێرانەی ئەودا حەسانەوە. هێگمەتانەی بە پایتەخت دانا. لەبەر باشی و جوامێری و پیاوەتییەوە ئێرانییەکان بە کۆروشیان دەگوت باب و یۆنانییەکان کە نیشتمانەکەیان لەلایەن ئەوەوە داگیرکرابوو، ((سەرۆك و یاسادانەر)) و جوولەکەکان ((مەسیحی پەروەردیگار[1])) یان پێدەگوت[2].

کۆروش کاتێك تەنیا فەرمانڕەوای ئەنشان بوو شاری شووشی کردە پایتەخت، دواتر هێگمەتانە و بابلی بۆ پایتەختی هەڵبژارد. بەڵام بۆ وەچە و نەوەکانی، ناوەندی ئیمپراتۆرییەت، واتا پاسارگادی بەجێهێشت کە مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتی بوو. بەپێی بۆچوونی زانایەکان ئەم ناوە شێوەیەك لە شێوەکانی پارساگاد ((Parsagad[3]))ە و بەواتای ((پێگەی پارسییەکان)) ە[4].

لە پاش کۆروش کەمبووجیە بووە پاشا و لە مێژوودا بەباشی ناوی نەبراوە. هیرۆدۆت ئاماژە بە داگیرکردنی میسر و شێوەی جەنگی کەمبووجیە دەکات. بەڵام لەم کردە سەربازییە سەرکەوتنێك دەستەبەر نەکرا، چونکە ئەو سوپایەی بەرەو بیابانی ئاموون Ammon ی ڕەوانەکرد لەناو تۆفانی لم و خۆڵدا نقووم بوون. کوشتنی ناپەسندانەی ((کەڵەگای ئاپیس Apis)) یان خستۆتە پاڵ ئەم ئیمپراتۆرە. فەرمانە ناڕێکەکانی کەمبووجیە بوونە هۆی ئەوەی زۆربەی کاهینەکان لێی دوورکەونەوە.

١- تەورات، ئەشعیای نەبی، بەشی چل و پێنجەم، بەندی ١: خواوەند سەبارەت بە مەسحی خۆی، کۆرووش، دەڵێت دەستی ڕاستی ئەوم گرت تاکو بەسەر نەتەوەکاندا سەرکەوێت و دەرگاکان بەرەو ڕووی ئەو بکەمەوە و جارێکی تر دانەخرێن. و.

٢- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ١٤٣.

٣- لە یۆنانی بە شێوەی Pasargade بووە. لەڕاستیدا بەشی یەکەمی ئەو ناوە دەبێ بەشێوەی Pathra بووبێت کە شێوەیەکی ئێرانییە و بەواتای پاراستنە. بەڵام وشەی پاثرە ناتوانێت وشەیەکی فارسی کۆن بێت. گێرد Gird یش پاشگری شوێنە و بەسەریەکەوە بەواتای شوێنی پاراستن دێت. و.

٤- *سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ١٤٤. *ایران نامك*، لاپەڕە ٢٣١.



بەرەبەرە بەرەو ڕۆژگاری لاوازبوونی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنێشی دەڕۆین. هەندێ لە مێژوونووسان داریوش بەداگیرکەر و درۆزن دادەنێن[1]. کۆمەڵێکی تر دەڵێن: داریوش سەرلەنوێ ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنێشی بەهێزکردەوە. لە تراکییەوە تاکو سیند و لە قەفقازیاوە تاکو ئۆقیانووسی هیندی هێنا بەر فەرمانی خۆی، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی جیاوازی نەژادی و ڕەوشتی و بیروباوەڕی ئایینی بکات. کۆمەڵە یاسایەکی دانا. ئەو زانایانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسراوە بەردینەکانی بێستوون و تەختی جەمشید و شووش و نەقشی ڕۆستەمی داریوش کردووە، هەستیان بە کۆمەڵە لێکچوونێك کردووە کە لە نێوان ئەم نووسراوە بەردینانە و فەرمانەکانی داریوش و یاساکانی حامووڕابی Hammu Rabbi بەدی دەکرێن[2]. پارسەکان زمانی خۆیان بە ئاریایی دادەنا، کەچی ئەمڕۆ ئێمە پارسی کۆنی پێدەڵێین. لە نووسراوە بەردینەکەی داریوش کە لە بێستوون دۆزراوەتەوە جەخت لەسەر ئاریایی بوونی زمانی پارسەکان کراوە. لە شوێنێکی ئەم نووسراوەدا هاتووە کە بەپێی فەرمانی داریوش ناوەڕۆکی نووسراوە بەردینەکە بە زمانی ئاریایی Ariyan بۆ وڵاتانی ژێردەست ناردراوە. لە بەڵگە ئیلامییەکەی بێستووندا هاتووە کە ((ئاهوورا مەزدا خواوەندی ئارياييەکان))ە[3].

لە پاش داریوش و خەشایارشا ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنێشی بەرەو لاوازبوون و لەناوچوون ڕۆیشت و دانیشتوانی ڕەسەن ئاوێتەی ئارياييەکان بوون و زمانەکەیان وردەوردە فەرامۆش کرا. لەسەدەی چوارەمی پ.ز ئەسکەندەر دەسەڵاتی وڵاتی مەقدونییەی بەدەستەوەگرت و بەسەر یۆناندا سەرکەوت و دوایی هەڵیکوتایە سەر ئیمپراتۆرییەتی لاواز و بێ توانای هەخامەنێشی و بەیەکجاری لەناوی برد.

١- *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ١٤٤.

٢- *هەمان سەرچاوەی پێشوو*، لاپەڕە ١٦٨.

٣- *ایران نامك*، لاپەڕە ٢٣٦.

هیرۆدۆت سەبارەت بە ئایینی هەخامەنشییەکان گوتوویەتی پارسەکان پەرستگە و قوربانگا و پەیکەریان نەبووە بۆ پەرستن. بەڵام ئەوەی راستی بێت پارسەکان سێ پەرستگەیان هەبووە، یەکێکیان لە پاسارگاد و ئەوی تریان لە نەقشی رۆستەم و سێیەمیان لە شووش بوو کە بە فەرمانی ئیمپراتۆرەکانی هەخامەنێشی دروستکرابوون. هەریەك لەم پەرستگانە لەسەر شێوەی تاوەرێکی چوارگۆشەیی دروستکرابوون و مۆغ پارێزگاری لە ئاگری پیرۆز دەکرد[1]. لەگەڵ ئەوەشدا پارسەکان پەیکەری خواوەندەکانی خۆیانیان دروستدەکرد. ئەردەشێری دووەم پەیکەری ناهیدی لە شووش و هێگمەتانە و بابل و مەڵبەندەکانی تری ئیمپراتۆری دانا. لەسەر گشت نەخش و نیگارە هەڵکەنراوەکانی سەر گۆڕی فەرمانڕەوایەکانی هەخامەنێشی، پاشا بەرامبەر بە قووربانگایەك پیشاندراوە کە ئاگری پیرۆزی تێدا هەڵگیرساوە.

لە رۆژگاری هەخامەنشییەکاندا ئایینی مەزدایی وردەوردە لە گشت ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە بڵاودەبۆوە. سەبارەت بە زێد و سەردەمی ژیانی ((زەردەشت)) پەیامبەری ئەم ئایینە راوبۆچوونی جۆراوجۆر و دژبەیەك هەیە. هەندێك پێیانوایە سەربە نەتەوەی مادە و بەناچاری زێد و نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتووە. هەندێکی تر پێیانوایە خەڵکی رۆژهەڵات بووە و ((گێشتاسپا)) کە دەسەڵاتداری پارت و گورگان بووە، پشتیوانی لەو پەیامبەرە و ئایینەکەی کردووە. هەرچۆنەکی بێت ئایینەکەی لەگشت ناوچەکانی ئێران بڵاوبۆوە[2].

١- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ١٨٢.

٢- سەبارەت بە ژیان و سەردەمی ژیانی ((زەردەشت)) دامەزرێنەری ئایینی کۆنی ئارياييەکان، کۆمەڵێك بیروڕای جیاواز لەلایەن پسپۆڕان و لێکۆڵەران پێشکەش کراوە کە توێژەران دەخاتە ناو کێشەیەکی زۆرەوە. بەپێی ئەو ریوایەتانەی لەناو زەردەشتییەکاندا باوە، سەردەمی ژیانی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێسەد ساڵ بەر لە ئەسکەندەری مەقدونی، واتا نزیکەی نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەم تاکو سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی پ.ز (واتا ساڵانی نێوان ٦٦٠ تاکو ٥٨٣ی پ.ز). بەگوێرەی بۆچوونی زەردەشتییەکان، زەردەشت لە (خورداد رۆژ) واتا شەشەمین رۆژی مانگی فەروەردین (خاکەلێوە) و رێك لەسەرەتای چوارەمین



داهێنانی خەت لەلای پارسەکان تەنیا بۆ ئەو نووسراوە بەردینە دەگەڕێتەوە کە لە شووش دۆزراوەتەوە و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ((فەرمانی بیناکردنی کۆشك)) کە بەفەرمانی داریوش و بە زمانی فارسی کۆن نووسراوە. ئەم خەتە تایبەت بە دەستەیەکی تایبەتی توێژی دەسەڵاتدار بوو. لەلایەکی تر زمانی ئارامی لەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز بڵاوببۆوە. لە سەردەمی هەخامەنێشەکان لە ئاسیا و بەتایبەت لە میسر تاکو هیند زمانی ئارامی زمانی نێودەوڵەتی بوو و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتانە کۆمەڵێك بەڵگەی مێژوویی بەم زمانە دۆزراونەتەوە. گشت نووسەرانی ناو کۆشکی هەخامەنێشی خەتی ئارامییان بەکاردەبرد[1]. لەناو

هەزارەی خولقاندنی گەردوون، لەدایك بووە؛ ئەم بیروڕایە لەڕوانگەیەکی ئۆستورەیی و ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەرامبەر ئەم ریوایەتەدا، زانا و ئاڤێستاناسەکان بە پشت بەستن بە هۆکاری کۆمەڵناسی و کۆمەڵێك زانیاری کولتوری و مێژوویی و ئایینی، گەیشتونەتە ئەم ئەنجامە کە رۆژگاری ژیانی زەردەشت ساڵانی نێوان ١٥٠٠ تاکو ٨٠٠ ی پ.ز بووە و بەزۆری جەخت لەسەر هەزارساڵ بەرلە زایین دەکەن؛ کە تاڕادەیەك هاوکاتە لەگەڵ کۆچی ئارياييەکان لە ئاسیای ناوەڕاست بەرەو مەڵبەندی ئێرانی کۆن و زنجیرە چیاکانی رۆژئاوا. هەروەها سەبارەت بە زێد و شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت جیاوازییەکی زۆر لەناو را و بۆچوونەکاندا بەدیدەکرێت. هەندێك پێیانوایە زێدی زەردەشت شوێنێکە لە رۆژئاوای ئێرانی کۆن و هەندێك دەڵێن هەر لەو شوێنەی ئایینەکەی تێدا بڵاوکردۆتەوە، واتا لە رۆژهەڵاتی ئێرانی کۆن لەدایکبووە و هەندێك کەناری دەریاچەی ((چیچێست)) واتا ورمێ بەشوێنی لەدایکبوونی زەردەشت دادەنێن و هەندێکی تر دەڵێن زەردەشت لەشاری کۆنی ((رێگا)) لەدایکبووە و دواتر بەرەو رۆژهەڵات کۆچی کردووە. مێژووی دانانی کۆنترین بەشی ئاڤێستا واتا گاتەکان، هاوکاتە لەگەڵ رۆژگاری ژیانی زەردەشت و دەتوانین هەمان سەردەمی نێوان ١٥٠٠ تاکو ٨٠٠ی پ.ز ی بۆ دابنێین. بەڵام هێشتاش بەتەواوی نازانین ئەم سروودانە بۆ یەکەمینجار لە چ سەردەمێك و بە چ خەتێك نووسراونەتەوە.و.

١- سەبارەت بە پەیدابوونی خەتی ئارامی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ خەتی فینیقی ← فریدریش، یوهانس، ١٣٦٨، *تاریخ خطهای جهان*، تهران: دیبا، لاپەڕە ١٠١ بەدواوە. کۆمەڵێك توێژەر و پسپۆڕ، ١٣٧٥، *زبان، کتیبه و متون کهن*، تهران: سازمان میراث فرهنگی، لاپەڕە ٢٢٩ — ٢٣٠.

ئەو چەند هەزار نووسراوانەی لە کۆلێکسیۆنی بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆری لە تەختی جەمشید دۆزراونەتەوە، تەنانەت دانەیەکیشیان بە زمانی پارسی نەنووسراوە و تەنیا چەند دانەیەکیان بە خەتی ئارامی و ئەوانی تر گشتیان بە ئیلامی نووسراون[1]. ئێرانییەکان لە کۆنەوە ڕێزیان لەو دیاردە سروشتییانە دەگرت کە لە سروشتدا بەرچاوتر و بەهێزتر خۆیان دەنواند، و پەیوەندییەکی پتەو و قوڵیان لەگەڵدا دەبەستن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کاریگەری بەسەر هونەری ئێرانییەکانیشدا دەبوو. هونەری ئێرانییەکان خاوەن شکۆ و تایبەتمەندییەکی بەرچاوبوو، هەوڵی بەوێنەکێشانی بێ ویژدانی و شەڕ و خوێنڕشتنی نەدەدا. هونەرەکەیان واقیعی و ڕەنگاڵەبوو و دووربوو لە لاساییکردنەوە. ئێرانییەکان لاسایی سروشتیان نەدەکردەوە بەڵکو لەودیوی ڕواڵەتی هەست پێکراودا هەوڵی ئەفراندنەوەی چەمکە شاراوەکانیان دەدا..

ئێرانییەکان هەرگیز خواوەندەکانی خۆیان لە شێوەی پەیکەری مرۆڤدا دروست نەکردووە و سەرەنجی واتای ڕواڵەتی و دەرەکی خواوەندی خۆیان نەداوە. پەیکەری شێر و کەڵەگا و بازەکانی تەختی جەمشید کە لەریزی شاکارە هونەرییەکانن بۆ مەبەستی ستایشی جەستە و ڕواڵەت و سیما نەبووە، بەڵکو بە سیمبوولی بەهرە و بەرەکەت و بەڵێن و ئاسوودەیی دانراون. لە هونەری هەخامەنشیدا هیچ جۆرە بەرهەمێك بەرچاو ناکەوێت کە لە بەهای ڕەوشتی داشۆرابێت. هونەرمەندانی سەردەمی هەخامەنێشی هەوڵیانداوە مرۆڤ بەرەو ئەودیوی جیهانی مادی بەرن، ئەو جیهانەی کە بەدوای گەشەکردن، تەبایی و یەکێتی و یەکبوون و دۆزینەوەی چەمکە شاراوەکانەوەیە[2].

1- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ١٨٢.

2- پور عبدالله، حبیب الله، ١٣٧٨، *تخت جمشید از نگاهی دیگر*، بەرگی ٤، شیراز: بنیاد فارس شناسی، لاپەڕە ٥٣ بەدواوە.



کۆمەڵە بەرهەمێکی میعماری لەسەردەمی هەخامەنشییەکان ماوەتەوە. ئەو بەرهەمانە بریتینەلە: چەندین کۆشك و گۆڕ و هەروەها پەرستگەکانی ناوچەی خوزستان و فارس کە دوو مەڵبەندی سەرەکی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بوونە. لەڕوانگەی هونەرییەوە، هونەرەکەیان دوو سەردەمی سەرەتایی (وێرانەکانی پاسارگاد) و سەردەمی دوایی (وێرانەکانی تەختی جەمشید) دەگرێتەوە و هەروەها کۆشکی شووش کە بەفەرمانی داریوش بیناکراوە. بەپێی ئەو نووسراوەی کە دراوەتە پاڵ داریوش، ئەم کۆشکە بەیارمەتی هونەرمەند و پیشەساز و میعمارەکانی میسر و یۆنان و میزۆپۆتامیا بیناکراوە. بەشێوەیەکی گشتی شێوازەکانی میعماری ئەم کۆشکە لە پاسارگاد دەچێت[1]. هونەری هەخامەنێشی بەپلەی یەکەم زیاتر، لەسەر بنەمای هونەری میعماری کۆشك و پەرستگە خۆی دەنوێنێت بەچەشنێك کۆروش لەبەر بەزەیی هاتنەوە دەرفەتی بەگەلی یەهوود دا تاکو سەرلەنوێ پەرستگەی ئوورشەلیم[2] نۆژەن بکەنەوە و فەرمانی دا ئەو کەلوپەلانە بگەڕێننەوە کە لەم پەرستگەیە بەتاڵان بردرابوون[3].

ئەو شتەی لە میعماری هەخامەنشیدا جێگەی بایەخ بوو، دیاردەی دینگە یان ئەستوندە بووە. هەندێك بەکارهێنانی ئەم دینگە و ستونانە بەلاساییکردنەوەی

1- گشایش، فرهاد، ١٣٨١، *تاریخ هنر*، تهران: عفاف، لاپەڕە ٢٠٤ بەدواوە. گیرشمن، رومان، ١٣٧٦، *فرهنگ های هنری ایران*، ترجمه یعقوب آژند، تهران: مولی، لاپەڕە ٥٥ بە دواوە.

2- ئۆڕشەلیم پایەتەختی ئیمپراتۆرییەتی تازە دامەزراوی یەهوودییەکان بوو کە لە دەورووبەری ٩٣٥ی پ.ز لەلایەن یەکێك لە فەرمانڕەوایەکانی لیبیایی داگیرکرا و پەرستگەکەی تالان کرا. دواتر بۆ جارێکی تر نەبووکەدنەسری ئاشووری ئۆڕشەلیمی داگیرکرد و یەهوودییەکانی بەدیل گرت و پەرستگەیەکەیانی تالانکرد، بەڵام کۆروشی هەخامەنێشی ئەو نەتەویەی رزگارکرد و پەرستگەی ئۆڕشەلیمی نۆژەنکردەوە. و.

3- پرادا، ایدت، ١٣٧٥، *هنر ایران باستان*، یوسف مجیدزاده، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، لاپەڕە ٢٠٠ بەدواوە.

میعماری هۆڵی گەورەی پەرستگەی تێب Tebsی میسری کۆن دادەنێن. گەورەترین هـۆڵی تـەختی جەمـشید هـۆڵی بـارِی گـشتییە کـە پێـشخانووی نییـە و گـشت دینگەکانی یەکسانن.

لە راستیدا بینـای ئـایینی تایبـەت بـە هەخامەنـشییەکان، ئاگرگـا بـووە. گـۆڕی یەکەمین فەرمانڕەوایەکانی هەخامەنێـشی لەناوقـەدی تاشـە بەردینـە سـتوونییەکاندا دروستکراون. نەخش و نیگار و رازاندنەوەی کۆشـکەکانی تـەختی جەمـشید هونـەری ئاشووری و بابلیمان بیردەخاتەوە. لەم نەخشە هەڵکەنراوانەدا رێزی کاربەدەستانی نـاو کۆشـك و خزمـەتکاران و باجـدەران بەشـێوەیەکی فـەرمی و شـکۆدارانە پیـشاندراوە. پیشەوەرانی ئێرانی لەبواری زیوکاری، قاڵبسازی مەفرەغ، دوورینـی کۆتـاڵ و مـافوور کارامە بوونە و کەلوپەلـە دەسـتکردەکانیان تـاکو کـەنارەکانی جـەیحوون و پـازیریکی سیبیریای باشووری و میسر هەناردەدەکرا[١].

---

١- پاکباز، رویین، ١٣٧٨، *دائرة‌المعارف هنر*، تهران: فرهنگ معاصر، لاپەڕە ٧٦٤ – ٧٦٥.

## **پارتەکان** Parthians **(ئەشکانیان** Arsacids**)**

لە پاش رووخانی دەوڵەتی هەخامەنێشی، ئەسکەندەر و جێگرەکانی بۆماوەی هەشتا ساڵ بەسەر ئێراندا فەرمانڕەوایەتییان کرد و ئەگەرچی هەوڵێکی زۆریان دا شارستانییەتی ئێرانی و یۆنانی ئاوێتەی یەکتری بکەن بەڵام تارادەیەکی زۆر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رەوشی ئابووری سەردەمی هەخامەنێشی وەك خۆی ماوە.

هەر دوای مەرگی ئەسکەندەر لەساڵی ٣٢٣ی پ.ز جێگرەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتەیان دابەشکرد. یەکێك لە سێ جێگرەکانی ئەسکەندەر سلووکییەکان[1] بوون کە بەسەر بەشێکی مەزنی خاکی ئێران فەرمانڕەوایەتییان کرد. هەوڵیاندا کولتوری هێلینی لەم وڵاتەدا بڵاوبکەنەوە. بەڵام رووبەرووی کۆمەڵانی خەڵکی ئەوسای ئێران بوونەوە و لەلایەکی تریش هێزێکی دەسەڵاتداری نوێ لە رۆژهەڵاتەوە بەناوی پارتەکان بەرەنگاریان بوونەوە.

بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە شارستانییەتی پارتەکان (ئەشکانییەکان)، زانیارییەکی کەمان لەبەردەست دایە، چونکە بەداخەوە ساسانییەکان هەوڵیاندا رابردووی فەرمانڕەوایەتی ٥٠٠ ساڵەی ئەم نەتەوەیە بسڕنەوە و پێدەچێت لە بەئەنجام گەیاندنی مەبەستەکەیان سەرکەوتوو بوونە.

١- لەپاش مردنی ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٢٣ی پ.ز. بۆ مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات، جەنگ و ململانێیەکی زۆر لە ناو سەردارەکانی روویدا. لە ساڵی ٣١٢ی پێش زایین سلوکووس Seleucus سەردارەکانی تری شکست دا و هاتنی سلوکووس بۆ بابل سەرەتای دەسپێکی فەرمانڕەوایەتی سلووکییەکان بەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ئەسکەندەر بوو. شاری سلووکیا Seleucia کە دەکەوتە لێواری رووباری دیجلە پایتەختی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بوو. و.



لە سەدەی چوارەمی پ.ز یەکێتییەك لە هۆزە خێوەت نشینەکانی سەربە هۆزەکانی سەکایی- سارماتی بەناوی داها[1] لە ماوراء النهر (ئەودیوی رووبار)ەوە بەرەو باکووری ڤۆڕکانا= گورگان کۆچیان کرد، کە پاشان باکووری گورگان بەهۆی ناوی ئەوانەوە ((دێهێستان))ی پێگوترا.

هۆزی پاڕنی Parni (یان ئاپاڕنی Aparni) بەپێی نووسینەکانی ئێسترابۆن و ترۆگۆس پۆمپێیووس Trogos Pompeius یەکێك لە سێ هۆزی یەکێتی داها بوون کە لە دەشتەکانی نێوان رۆژهەڵاتی دەریای کاسپی و دەریای ئاراڵ دەژیان. ئەم هۆزە لە کۆمەڵە سوارچاك و جەنگاوەرێك پێکهاتبوون کە شێوەی ژیانیان لەسەر بنەمای بیابانگەردی بوو و مردن لەکاتی جەنگ گەورەترین شانازییان بووە[2].

لە سەرچاوە لاتینییەکاندا ئەم هۆزە بە پارتی ناوبراوبوونە و بەپێی ئەو توێژینەوە رەچەڵەك ناسیەی ژۆستین Justin کردوویەتی وشەی پارتی بەواتای ((جووڵاوە)) یان (بەڕێکەوتوو)) بووە. هەندێك لە مێژوونووسان ئەم ناوەیان لە هەمان وشەی پارتییەوە وەرگرتووە و ئاماژەیان بەوە کردووە کە پارتەکان لە ناوچەیەك لە ئاسیای ناوەندی ژیاون. دەتوانین بڵێین ریشەی ناوی پارتی لە زمانی پەهلەوی بەواتای ((سەرکەوتوو)) یان ((لەخۆبایی))یە، ئەگەر بەم چەشنە بێت ئەوا ئەم وشەیە ناوێکی وەسفی یان بەشێك لە نازناوی تایبەت بەم ئیمپراتۆرییەتە بووە. وشەی پارتی لەناو هیچ یەك لە سەرچاوە رۆژهەڵاتییەکاندا تەواو نەناسراوە و پێدەچێت رۆمییەکان ئەوکاتەی بۆ

١- داها یان داهێ لە زمانی ئێرانی کۆن و بەتایبەتی لە زمانی سکاییدا بەواتای "خەڵك و ناوچەی نیشتەجێبوونی خەڵك" ە. لە بەشی دووەمی ئەم وشەیە (( دێه )) یان (( دێ )) مان هەیە و لە کتێبی هیرۆدۆت ئاماژەبە ناوی (دهیۆك) و هەندێ هۆزی تر وەکو ((دیویی)) سەربە هۆزە پارسییەکان کراوە ← ***ایران نامك***. لاپەڕە ٢٥٢. کلێج، مالکوم، ١٣٨٠. ***اشکانیان***. ترجمە مسعود رجب نیا، تهران: هیرمند لاپەڕە ٢١.

٢- ***ایران از آغاز تا اسلام***، لاپەڕە ٢٨٦. ***اشکانیان***، لاپەڕە ٢١. ***ایران نامك***، لاپەڕە ٢٣٧. ***میراث باستانی ایران***، لاپەڕە ٢٩٠.

یەکەمینجار ناوی ئەم ئیمپراتۆرییەتەیان بیست وایان لێکداوەتەوە ئەم ناوە لەوانەیە نازناوی یەکێك لە ئیمپراتۆرەکانی پارتی بووبێت و دوایی هەمان ئەم ناوەیان بۆ ناونانی گشت ئەم ئیمپراتۆرییەتە بەکاربردبێت[1].

ئێستراپۆن بەم چەشنە ئاماژە بەو بابەتە دەکات ( XI، 1، 12): "پاشان ئەرەشکی سەکایی لەگەڵ کۆمەڵێك لە دائاکان Daae ( واتا ئاپارنییە بیابانگەردەکان کە لە لێواری رووباری ئۆخووس Ochus دەژیان)، هەڵیان کوتایە سەر شاری پارتیا و داگیریان کرد... و ئێستا بەسەر ئەو نیشتمان و هۆزانەدا فەرمانڕەوایی دەکەن کە دژی ڕۆمییەکانن. هەندێك دەڵێن ئەرەشك بەرەگەز سەکایی بووە کەچی هەندێکی تر پێیانوایە باکتریایی بووە. ئەنجوومەنی پارتییەکان بەپێی نووسینەکانی پۆسێیدۆنیووس Poseidonius لە دوو دەستە پێکهاتووە، یەکەم خانەوادەی شاهەنشایی و ئەوی تر زانا و مۆغەکان کە لەناو ئەمانەوە فەرمانڕەوایەکانیان هەڵدەبژارد[2])).

کۆنترین زانیارییەکان سەبارەت بە پارتەکان لە سەرچاوە چینییەکانی سەردەمی هان بەدەست هاتوون. لەناو چینییەکاندا پارتەکان ئان- سی An-Si یەکانیان پێگوتراوە. سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان ئان- سی و ئاسییەکان Asi و ئالانەکان Alans بەیەك دادەنێن. ئەم ناوە لە چینی و سانسکریتی و ئیغووری بەشێوەی Ar-ci و لە خوتەنی بەشێوەی Angi، و هەروەها لە سانسکریتی ئاگنی Agni و لە پراکریتیش بەشێوەی ئارسی Arsi هاتووە.

دەتوانین لەرووی ئاڵای پاشایەتییەوە ئەشکانییەکان و ئاس- ئارسەکان لێك جیابکەینەوە. وشەی ئارس بەواتای ((ئەژدیها))یە و ئاڵای جەنگاوەرە زرێپۆشەکانی ئیمپراتۆری لە کاراهێ Carrahe (حەران) کە لە ساڵی ٥٣ی پ.ز زۆربەسەختی ڕۆمییەکانیان تێکشکاند، بە شێوەی ئەژدیها بوو. هەروەها ئەژدیها ناوی هەر یەکەیەکی

١- لوزینسکی، پوهدان فیلیپ، ١٣٨٠، ***خاستگاه پارت ها***، ترجمە رقیە بهزادی، تهران: نشر پژوهندە، لاپەڕە ١٢.

٢- ***سەرچاوەی پێشوو***، لاپەڕە ١٧ — ١٨.



هەزار کەسی بوو کە پێکهاتبوو لە هەزار جەنگاوەری سوارچاك کە دە یەکەی لەم چەشنە بەژداری جەنگەکانیان دەکرد. نەریتی پەرستنی ئەژدیها لەناو ئەرمەنییەکاندا پیشاندەری پەیوەندی و نزیکایەتی کولتوری و ئایینی لە نێوان ئەرمەنی و پارتەکانە[1].

ناوی ویلایەتی پارت لە نووسراوە بەردینەکەی داریوش لە بێستون بەشێوەی پارتاڤا Parthava هاتووە. وشەی پارتاڤا یان پارت لە وەرگێڕانی ئەم نووسراوە بۆ سەر زمانی ئەکەدی بەشێوەی پا- ئاڕ- توو- ئوو Pa-ar-tu-u دەرکەوتووە و لە وەرگێڕانە ئیلامییەکەش بەشێوەی پار- توو- ما Par-tu-ma هاتووە کە بەرامبەرەکەی لە زمانی یۆنانیدا بەشێوەی پارتیا Parthia یە. دواتر ئەم وشەیە لەناو زمانە ئێرانییەکان گۆڕانی بەسەر داهات و شێوەی پەهلەڤ Pahlav ی وەرگرت و پەهلەوی و پارتی لەم وشەیە سەرچاوەی وەرگرتووە[2].

نەریتی کۆچەرایەتی پارتەکان کاری کردبووە سەر سیستەمی سوپایی و دامەزراندنی ئەو هەوارگەیانەی کە سەرکردەکانیان تێیدا نیشتەجێ دەبوون. یەکەمین پایەتەختیان شاری نەسا بوو[3]. هیرۆدۆت (III، 106“ VII، 4“ IX“ ٤) باسی ئەسپی نەسایی دەکات کە بە ئامێرە جەنگییەکان پڕچەك دەکران و نووسیویەتی لەبەرئەوە نەسایان پێدەڵێن چونکە لە دەشتی نەساوە دێن، نەسا دەشتێکی هەموارە کە کەوتۆتە ناو نیشتمانی ماد و ئەسپی بەهێز و ڕەسەنی تێدا پەروەردە دەکرێت. (XI، 13، 7، 14، 9) نووسینەکانی ئێستراپۆن سەبارەت بە مادەکان روونتر و ئاشکراترە ((ئەم نیشتمانە وەکو ئەرمینیا باشترین لەوەڕگە بۆ پەروەردەکردنی

١- بهزادی، رقیە، ١٣٧٣، ***قوم های کهن در آسیای مرکزی و فلات ایران***، تهران: دفتر چاپ و نشر وزارت امور خارجە، لاپەڕە ٣٧ — ٣٨.

٢- مشکور، محمدجواد، ١٣٥٠، ***پارتیها یا پهلویان قدیم***، ج، تاریخ سیاسی، تهران: انتشارات دانشسرای عالی، لاپەڕە ١٠٣ — ١٠٤.

٣- ***اشکانیان***، لاپەڕە ٥٩.

ئەسپە. مێرگە سەرسەوزەکانی نەژادێکی ڕەسەنی ئەسپی تێدا پەروەردە دەکرێت... ئەم ئەسپانە نەساییان پێدەگوترێت[1])).

لە بەڵگە نەساییەکانەوە بەدیاردەکەوێت ئەم شارە چەندین جار کەوتۆتە بەردەسەڵاتی ماد و پاشان پارتەکانەوە. نەسا کەوتۆتە دەشتی ئۆراسیا کە بەپانتایی چەندین فەرسەنگ[2] لەوەڕگای لەباری لێیە بۆ مەبەستی پەروەردە کردنی ئەسپ. لە دەشتە بەرزەکان ئەسپی سپی نەسایی بۆ خواوەندی خۆر قوربانی دەکرا.

ناوی نەسا لە ڤیندیداد[3]دا بەشێوەی نیسایا هاتووە، پێدەچێت لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا ناوەندی ویلایەتی پارتاڤا و مەڵبەندی ویشتاسپ Wistasp ی باوکی داریوش بووبێت کە دەسەڵاتداری پارتاڤا بوو. ئەم شارە لە سەدەی سێیەمی پ.ز و لەسەرەتای دەسەڵاتی ئەشکانییەکان پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی و میعمارییەکەی کە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری میعماری سلووکی و یۆنانی پێوە دیاربوو، لە داهاتوودا بووە نموونەیەك بۆ شارسازی سەردەمی ئەشکانی. ئیزیدۆر

١- *خاستگاه پارت ها*، لاپەڕە ٥٥ — ٥٦.

٢- وشەیەکی پەهلەوییە و پێوانەی مەودایە. بە شێوەی پەرسەنگیش بەکارهاتووە و بەرامبەربە شەش کیلۆمەترە. و.

٣- ناوی بەشێکی ئاڤێستای نوێیە کە بیست و دوو فەرگۆردی هەیە. ناوی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان واتا ڤیندیداد لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((ڤی دە ئێوە داتا))یە. ناوێکی لێکدراوە و لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم (( ڤی)) پاشگرە و دەخرێتە سەر زۆربەی ناو و ڕەگی کارەکانی زمانی ئاڤێستایی و واتای دووری و جیابوونەوەیان پێدەدات کە لە کوردیدا بە شێوەی (( ڤە)) وەکو ڤەگەڕیان و ڤەکردن ماوەتەوە. بەشی دووەمی ((دەئێوە))یە کە لە کوردیدا وەکو دێو ماوەتەوە. بەشی سێیەمی ((داتا)) بەواتای ((ڕێکخستن)) و (( یاسا))یە کە لە کوردیدا بەشێوەی ((داد)) ماوەتەوە. و (( ڤی دەئێوە داتا)) بەسەریەکەوە بەواتای (( دادی دژە دێو)) یان ((یاساکانی دژی دێو))ە. و.



خاراکسی Isidoros charcenos [1] دەڵێت گڵکۆی زۆربەی پاشاکانی پارت لەم شوێنە بووە کە بەدەستی ساسانییەکان وێرانکراوە.

دووەمین پایتەختی پارتەکان شاری دارا بوو کە دەکەوێتە نزیك ئەبیوەرد. ژۆستین دەڵێت ئەم شارە لەلایەن ئەشکی دووەم دروستکراوە. دواتر شاری سەد دەروازەیان کردە پایتەخت. زانایانی یۆنان و ڕۆمی کۆن ئەم شارەیان بە شاری شاهەنشایی پارتەکان ناسیوە، بەڵام تاکو ئێستا شوێنەکەی نەدۆزراوەتەوە. شاری ئاساك Asagیش لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی پارتەکان شارێکی گەورە بووە و ئیزیدۆر خاراکسی دەنووسێت ((ئەشك)) لەم شوێنەدا بە فەرمانڕەوایەتی هەڵبژێردرا و ئاگری نەمر و پیرۆز لەم شوێنەدا هەڵگیرسا. بەپێی بۆچوونی ئامیانووس مارکڵینووس شاری تیسفوون ((ڕازێنەرەوەی تاجی ئێران)) پایتەختی زستانی ئەشکانییەکان بووە[2].

ئەرەشك دەسەڵاتی وەرگرت و خۆی بە فەرمانڕەوای پارتاڤا (پەهلەو) دانا و دژایەتی و ڕق و کینەی خەڵکی بەرامبەربە سلووکییەکانی بەهەل زانی. ئەو و جێگرەکانی ئیمپراتۆرییەتێکیان دامەزراند کە لە ٢٥٦ی پ.ز تاکو ٢٢٤ی پاش زایین (واتا نزیکەی ٤٨٠ ساڵ) بەردەوامبوو و بەشی هەرە گەورەی سنووری ئیمپراتۆرییەتی ڕابردووی هەخامەنشی کەوتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەواییەتی

١- ئیزیدۆر خاراکسی لە خاراکس سپاسینی Charax spasini لە ناوچەکانی سەرووی کەنداوی فارس لەدایکبووە و لە کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی زایینی بەدەرکەوت. کتێبێکی نووسیوە بەناوی "وەسفی جیهان"، پلینی Pliny چەند بەشێکی لێوەرگێڕاوە. بەشێکی ئەم کتێبە بەناوی "گەشتێك بەدەوری نیشتمانی پارتەکان" سەبارەت بە مرواری و ڕاوکردنی مروارییە. دەقی تەواوی بەشێکی ئەم کتێبە بەناوی "پێگە سەربازییەکانی پارتی" لەبەردەست دایە کە هێڵی تێپەڕینی کاروانەکان لە ئەنتاکییەوە بۆ سنووری هیندوستان پیشاندەدات ← سارتون، جورج، ١٣٦٠. *مقدمه بر تاریخ علم از هومر تا عمر خیام*، ترجمه غلامحسین صدری افشار، تهران: هدهد، لاپەڕە ٢٨٤ — ٢٨٥.

٢- *اشکانیان*، لاپەڕە ٥٩.

ئەوانەوە. لەبەر ڕێزگرتن لە ئەرەشکی دامەزرێنەری ئەم ئیمپراتۆرییەتە، گشت فەرمانڕەوایەکانی داهاتووی ئەم ئیمپراتۆرییەتە ئەرەشکیان پێگوتراوە[1].

ئیمپراتۆرییەتی ئەشکانی بەپێچەوانەی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنێشی سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی بەکارنەدەبرد. تەنانەت ئەو ناوچانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئیمپراتۆر و شازادەکانەوە بەڕێوەدەچوو تاڕادەیەك سەربەخۆبوون. ویلایەتەکان باجیان دەدا و لەکاتی جەنگ سەرباز و جەنگاوەریان دەنارد و ئەرکی پاراستنی ڕێگاکانی پەیوەندی و بازرگانی و سەربازییان بە ئەستۆ بوو.

لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتە هەرێمییەکاندا ڕێز لە ئایینەکان دەگیرا و ڕەچاوی سەربەستی لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی بۆنە ئایینییەکان دەکرا. ناوی تیرداد و مێهرداد و ئەردەوان لەناو خانەوادەی ئەشکانییەکاندا پیشاندەدات ئەم گەلە لایەنگری سێ لایەنییەتی ئاهوورامەزدا- مێهر- ئاناهیتا بوونە[2]. لەو سەردەمدا ئازادی بیروباوەڕی ئایینی هەبووە و بۆ یەکەمینجار ئاڤێستا لەسەردەمی یەکێك لە بلاشەکان کۆکراوە. خانەوادەی ساسان (بابەك) سەرپەرشتی پەرستگەی ئاناهیتای

١- *ایران نامك*، لاپەڕە ٢٣٧ — ٢٣٨. *اشکانیان*، لاپەڕە ١ — ٢.

٢- لە یەشتەکانی ئاڤێستادا لەتەك ئاهوورامەزدا دوو خواوەندی مێهر (میترا Mithra) و ناهید (ئاناهیتا An-ahita) هێز و توانایییەکی ڕادەبەدەریان هەبووە. لە نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز ئەم دوو خواوەندە لە ئاڤێستا و نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنشیدا بەرامبەربە مەردووك و ئیشتەر بەژمارهاتوونە. بەڵام لەبەرئەوەی لە ئێرانی بەرلەم ڕۆژگارەدا ئاهوورامەزدا وەکو خواوەندی تاقانە جێگەی خۆی گرتبوو و هەروەها شوێنێکی تایبەتی لەناو نەتەوە ئێرانییەکاندا هەبوو. ناشێت مێهر و ناهید تەواو وەکو مەردووك و ئیشتەر بن. هەروەها لە سەردەمی یەکتاپەرستی ئاڤێستاییدا بەهۆی گەشە و پێشکەوتنی ئەم ئایینە، ئیتر دیاردەی هاوسەرایەتی و زاوزێی خواوەندەکان کۆتایی پێهاتبوو. بەم چەشنە مێهر و ناهید نابێ هاوسەری یەکتر بووبن. سێ لایەنییەتی ئاهوورامەزدا و میهر و ناهید زۆرتر لە نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنشیدا ئاماژەی پێکراوە. و.



ئیستەخریان بەئەستۆ بوو. جگە لە ئایینی زەردەشتی، زۆرڤانی[1]، بودایی (بوذی) و مەسیحییەت، لەناوچەکانی ڕۆژئاوا هەندێ لە خواوەندانی ناوچەیی یان خواوەندانی بابلی و تەنانەت میسری، پەرستگەی تایبەت بەخۆیان هەبوو[2].

ئایینی ئێرانی کۆن بەهۆی کەمی بەڵگەکان تاڕادەیەك بە ئاڵۆزی ماوەتەوە. ((خواوەندە سروشتییەکان)) دەپەرستران. لێکچوون و پەیوەندییەکی زۆر لە نێوان ئایینی کۆنی ئێرانییەکان و هیندەییکان بەدی دەکرێت، ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش کۆچکردنی ئەم دوو کۆمەڵە هیندوئەورووپییە. زۆربەی خواوەندەکان هەڵگری چەمك و واتای ناوەکەیانن. بۆ نمونە میترا کە بە واتای ((پەیمان))ە، بەڵگە زمانەوانییەکان ڕۆژگاری ژیانی بۆ دەوروبەری ٦٠٠ ی پ.ز دەگەڕێننەوە و

١- ئەم ئایینە لە ئێران زۆرڤان پەرستی و لە ئەورووپا بە کەمێك گۆڕان ئایینی میترایی (Mithraism) پێدەگوترێت. لەم ئایینەدا خواوەندی مەزن زۆرڤانە، کە بە بەدیهێنەر و لەناوبەری هەمو شتێك دادەنرێت. لە زۆرڤانەوە هۆرمۆزد (ئاورمەزد) و ئەهریمەن (ئاریمەن) بەدیهاتن کە یەکەمینەکەیان خواوەندی ڕووناکایی و ئەوی تریان خواوەندی تاریکی بوو. بەپێی بیروباوەڕی زۆرڤان پەرستانی ئێرانی دەسەڵاتدارییەتی جیهان بەسەر سێ قۆناغی سێ هەزار ساڵی دابەشدەکرێت دەسەڵاتی سێ هەزار ساڵی یەکەم بە ئەهریمەن درا. لە سێ هەزار ساڵی دووەم ئەوە ئاورمەزد و ئاهریمەن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات پێکەوە ململانێ دەکەن. لە سێ هەزار ساڵی سێیەم ئاورمەزد دەسەڵاتداری ڕەهای جیهانە. بەپێی بیروباوەڕی میتراپەرستان لە ئەورووپا لە سەرەتادا فەرمانڕەوایەتی جیهان بە ئاورمەزد سپێردرا، ئەهریمەن هەوڵیدا ئەم سەرورییە لە ئاورمەزد بستێنێ و خۆی ببێتە سەرووەری جیهان. بەڵام هەردوو لایەن باوەڕیان وایە کە لە ئاکامدا ئەوە ئاورمەزدە کە بەسەر ئەهریمەندا سەردەکەوێت. جگەلەمە باوەڕێکی تریش هەیە و دەڵێت: سەروەری جیهان بۆ نۆ هەزار ساڵ بە ئاهریمەن دەسپێردرێت و ئەمەش لە ئەنجامی پیلانێکەوە مسۆگەر دەبێت. لەپاش ئەم نۆ هەزار ساڵە هۆرمۆزد سەرکەوتن بە دەست دێنێت و دەبێتە سەروەر و سالاری جیهان.

٢- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ٣١٩. *ایران نامك*، لاپەڕە ٢٣٩. *آذربایجان در سیر تاریخ ایران*، لاپەڕە ٤٠٨ بەدواوە.

رۆژهەڵاتی ئێران بە ناوەندو پێگەی بڵاوبوونەوەی ئایینەکەی دادەنرێت. لەڕاستیدا هەندێ لە بەشەکانی ئاڤێستا لە سەردەمی ژیانی خودی زەردەشتەوە تاکو رۆژگاری ساسانییەکان دانراون[1].

گرنگی لەوەدایە پارتەکان دەورێکی باڵایان لە بوژاندنەوەی ئایینی زەردەشتیدا هەبووە. ئەوان نەتەنیا خواوەندە دێرینەکانی ئێرانیان پەرستی و ئاگرگایان دامەزراند بەڵکو خۆیان لە قەرەی کارێك دا کە هەخامەنشییەکان دوورەپەرێزیان لێکردبوو. بەپێی نەریتێکی ئایینی زەردەشتی تەرمی فەرمانڕەواکانیان لەبەردەم خەڕتەڵ و باڵندەکان دادەنا. لە رۆژگاری پارتەکان بوو کە بۆ یەکەمینجار هەوڵدرا گوتەکانی زەردەشت و پەیڕەوانەکەی کۆبکرێتەوە. بەڵام ئەم گوتە و فەرموودە پیرۆزانە لە سەردەمی پارتەکان شێوەیەکی تەواو و کاملّی بەخۆیەوە نەگرت. پێدەچێت بەشی هەرە گەورەی ئاڤێستا لە رۆژگاری ساسانییەکان کە شوێنی پارتەکانیان گرتەوە، بەتەواوی رێکخرابێت. بەڵام بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئاڤێستا و بەپێی زمانی کۆنی سروودەکان بۆمان دەردەکەوێت ئەم کتێبە پیرۆزە چەندین سەدە بەرلەوەی بنووسرێتەوە هۆنراوەتەوە و دواتر بەتێپەڕینی سەدەکان بەشە گەورەکانی فەرامۆش کراون و بەیەکجاری لەناو چوونە[2]. لە رۆژگاری دواتر کۆمەڵێك بابەت و نووسراوی نوێیان خستەسەری و بۆ مەبەستی تێگەیشتن وشە کۆن و رەسەنەکانی ئاڤێستایان گۆڕی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی ئەم کۆمەڵەی ئێستا بەم شێوەیە لەبەر دەست دایە، تاڕادەیەکی زۆر زانیارییەکی باش سەبارەت بە ژیانی ماددی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی ئێرانییە کۆنەکانمان بەدەستەوە دەدات. جێگەی ئاماژە و سەرەنجدانە کە بەشی هەرە زۆری بابەتەکانی ئاڤێستا پەیوەندی بە ئێرانی رۆژهەڵاتەوە هەیە[3].

---

١- ***اشکانیان و پارت ها***، لاپەڕە ٨٧ — ٨٩.

٢- ***ایران نامك***، لاپەڕە ٢٣٧ — ٢٣٨. ***اشکانیان***، لاپەڕە ١ — ٢.

٣- لەپاش ئەوەی زەردەشت ئایینی خۆی رادەگەینێ و ئایینەکانی پێشوو رەتدەکاتەوە و پەیکەری خواوەندەکان بە بێ دەسەڵات و لاواز پێناسەدەکات و پێیوایە تەنیا یەك یەزدانی



زمانی ئاڤێستا لە زۆر رووەوە لەگەڵ زمانی ئێرانی کۆن جیاوازە. کۆمەڵە بەڵگەیەك لەبەر دەست دایە پیشاندەدات ئاڤێستا بە شێوەزاری ناوچەیی دانیشتوانی ئێرانی رۆژهەڵات بووە. هەندێ لە زانایان بەوەش ناوەستن و پێیانوایە زمانی ئاڤێستایی هەمان زمانی باکتریایی کۆنە. ئاڤێستا تاڕادەیەکی زۆر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێرانییەکانی دانیشتووی رۆژهەڵاتمان بۆ روون دەکاتەوە[1].

زانیارییە نوێیەکان ئەو ئەفسانەیە رەتدەکاتەوە کە دەڵێت ئەسکەندەری مەقدونی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستای- کە لەسەر چەندین هەزار پێستی گا بە ئاوی زێڕ نووسرابوو- سووتاندووە. هەروەها بەڵگەیەکی تەواوی پێ نییە بۆ ئەو بۆچوونەی کە گوایە ئاڤێستا بە فەرمانی بلاشی یەکەم نووسراوەتەوە. نووسراوەبەردینە گەورەکەی شاپووری یەکەم کە لە سەر دیواری ئاگرگای نەقشی رۆستەم هەڵکەنراوە، بۆ کۆمەڵێك لە زاناکانی سەلماندووە لە سەردەمێکدا کە ئەم نەخش و نووسراوانە لە سەر ئەم دیوارە هەڵکەنراون (لە نیوەی دووەمی سەدەی

---

گەورە و مەزن هەیە کە دەتوانێ جیهان و گەردوون و بوونەوەرەکان بخولقێنێ و ئەویش ئاهوورامەزدای خوای تاقانەیە. لەم کاتەدا رووبەڕووی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵکی و دوژمنایەتی کاهین و دەسەڵاتدارەکان دەبێتەوە و وای لێدەکەن لە نیشتیمان و لە زێدی خۆی کۆچ بکات. زەردەشت بەرەو شوێنێك دەڕوات تاکو بتوانێ ئایینەکەی بڵاوبکاتەوە. لەپاش کۆچکردنێکی درێژخایەن خۆی و پەیرەوانە کەمەکەی دەگەنە سنووری دەسەڵاتداری ڤیشتاسپا و لەوێ ئایینەکەی رێزی لێدەگیرێ و پەسنددەکرێت. سەبارەت بە ژیان و نیشتمانی زەردەشت راوبۆچوونی جیاجیا هەیە. هەندێك رۆژئاوای ئێران واتا مادی ئاترۆپات بە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت دادەنێن و ناوچەکانی دەوروپشتی دەریای چیچێست یان ورمێ بە شوێنی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە دەزانن. راوبۆچونی زەردەشت ناسەکان جۆراوجۆرن و زۆرکەم دێتەپێش دوو بۆچوون تەواو وەك یەك وابن و ناکۆکییان تێدانەبێت. و.

١- ***هەمان سەرچاوەی پێشوو***، هەمان لاپەڕە.

سێیەمی پ.ز ) هێشتا دەقەکانی ئاڤێستا بوونیان نـەبووە[1] و شـارەزایانی گـەورەی خەتناسی داهێنانی ئەلف و بێی ئاڤێستایی بۆ ناوەڕاستی سەدەی چوارەم یان خـود بۆ سەدەی شەشەمی پاش زایین دەگەڕێننەوە[2].

---

١- گیرشمن، ر، ١٣٥٥، *ایران از آغاز تا اسلام*، ترجمه محمد معین، تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، لاپەڕە ٣٢٢.

٢- بەشێك لە ئاڤێستاناسان پێیانوایە لەسـەردەمی زەردەشـت لـە ئێـران ڕێنووسـێك لەئارادانـەبووە تاکو ئاڤێستای پێ نووسراباوە، جابۆیە بەدرێژایی چەندین سەدە سینگ بە سینگ لەنەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکی تر گوازراوەتەوە. تاکو لەسەردەمی هەخامەنشییەکان بە شـێوە نووسـینێك کـە پێدەچـێت خەتی ئارامی و خەتێکی وەرگیراو لە نەتەوەکانی دانیشتووی فینیقییە و بابل بێت، نووسـراوەتەوە و لەو دەمییەوە شێوەی نووسراوی بەخۆیەوە بینی. لە ریوایەتـە کۆنـەکانی زەردەشـتییەکاندا هـاتووە: ئاڤێستایان لەسەر دەهەزار پێستی گـا نووسـیوە و لـە ((دێژەنپێـشت)) یـان خـود ((پەرتووکخانـەی ئیمپراتۆری)) دانرا. بەلعەمی مێژوونووسیش لە گوزارشەکەیدا بەدرێژی باسی ئەم بابەتەی کـردووە. بەپێی باوەڕی زەردەشـتییەکان و ئـەو گوزارشـە پەهلەوییانـەی لەبەردەسـت دانـە وەکـو دینکـەرد و بەندهەشن و ئارتای ڤیراف نامە، ئەسکەندەر لە کاتی هێرشکردن بۆ سەر ئێران ئاڤێستای سووتاند، جا لەبەر ئەوە پێیان گوت ((گوجەستەك)) *واتا ((مەڵعوون))* لەسەردەمی ئەشـکانییەکان ئاڤێـستا جارێکی تر کۆکراوە و ڕێکخراوە. ((بلاشی یەکـەم)) فـەرمانڕەوای ئیمپراتۆرییـەتی ئەشـکانی ( ٥١ تاکو ٧٨ی پاش زایین ) فەرمانی دا ئەو ئاڤێستایەی پەرش و بلاوبـۆوە و هـەر بەشـێکی کـەوتبووە لای موغێك و کەسێك، و هەروەها لـە ریوایەتـە سـینگ بـە سـینگەکان کۆبکرێتـەوە. ئەردەشـێری پاپـەکان یـان بابـەکان، یەکـەمین فـەرمانڕەوای ساسـانی (٢٤١ ـ ٢٢٦ پـاش زایـین)، بونیـاتی دەسـەڵاتداری خـۆی لەسـەر ئـایینی زەردەشـتی دامـەزرانـد و سـەرنجێکی زۆری بـە ئاڤێـستا دا. لـە ((دینکەرد))دا هاتووە کە ئەردەشێر فەرمانی دا بە ((تێنسەر))ی ((هیربەدانی هیربەد))ی ڕۆژگـاری خۆی دا تـاکو خـەریکی کۆکردنـەوە و ڕێکخـستنەوەی ئاڤێـستا بێـت. ((تێنـسەر)) سەرپەرشـتیاری کۆمـەڵێك لە مۆبێدانی پێ سپێردرا کە ئەرکی کۆکردنـەوەی ئاڤێـستایان پێـدرابوو. دوای ئەردەشـێر ئـەم کـارە درێـژەی پێـدرا. لـە ڕۆژگـاری شـاپووری دووەم ٣٧٩ تـاکو ٣١٠ پـاش زایـین، ئاگرپـاد



زمانی ئەم گەلە ئارییاییە کە وشەی سـەکایی تێدا بـەدی دەکرێـت، هـەمان ئـەو زمانەیە، دواتر بە زمانی پەهلەوی ناوبانگی دەرکرد و لە ئاست پۆلینکردنی مێـژووی زمانییـەوە لـە بەرامبـەر زمـانی فارسـی کـۆن و فارسـی نـوێ، زمـانی ناوەڕاسـتی پێـدەگوترێت. هـیچ نووسـراوێکی ئـەدەبی، ئـایینی و نائـایینی لـە سـەردەمی ئەشکانییەکان بە زمانی پارتی (پەهلەوی ئەشکانی)مان دەست نەکـەوتووە. ئـەوکات لەسەرەتادا بەڵگەنامـە و نامـەکان بـەزمانی ئـارامی دەنووسـران کـە زمـانی فـەرمی سەردەمی هەخامەنشییەکان بوو. دوایـی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی یەکـەمی پ.ز زمانی پـارتی و خەتەکـەی کـە لـە ئارامییـەوە وەرگیرابـوو، شـوێنی زمـانی ئـارامی گرتەوە. جگە لە زمـانی ئـارامی زمـانی یۆنـانیش یـەکێك لـە زمانـە فەرمییـەکانی ئیمپراتۆرییـەتی ئەشـکانی بـوو. لـەپاش ئەسـکەندەر واتـا لـەکاتی دەسـەڵاتداری سلووکییەکان لەسەر زۆربەی سکەکانی ئەشکانی خەتی یۆنانی بەرچاودەکەوێت.

دراوە دۆزراوەکانی سەردەمی ئەشکانی دەسەلمێنن خەتی پارتەکان بزماری نـەبووە بەڵکو ئارامی سریانی بووە. ئەو نووسراوانەی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٠٩ی زایینـی دۆزراونەتەوە دوو دانەیان بەخـەتی یۆنـانی و دانەیـەکی تریـان بـە خـەتی پەهلـەوی و ئارامییە کە هەرسێیان لەسەر پێستی ئاسـك نووسـراون. ئـەم سـێ بەڵگەیـە بـەرواری مێـژوویی سـاڵی ٢٢٥ و ٢٢٩ و ٣٠٠ یـان پێوەیـە و دیارنییـە لەسـەر بنـەمای کـام ساڵژمێرە[1]. بێگومان نابێ وابزانین خەتی بزماری بەتەواوی لـەناو چـووبوو چـونکە لـە

---

مێهراسـپەندان)) مۆبێـدانی مۆبێـدی هاوچـەرخی شـاپوور گوزارشـێکی لەسـەر بەشـە ناڕێکـەکانی ئاڤێستا نووسی و گوزارشی ((خوردە ئاڤێستا))ی لە گشت ئاڤێستاوە پێکهێنا. سەرەنجام لە کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان، واتا لەسەدەی شەشەمی زایینی خەتی ئاڤێستایی (دیـن دەبـیرە یـان، دیـن دەبیری) لەسەر خەتی پەهلەوی بۆ نووسینی ئاڤێستا داهێنرا و گشت بەشـەکانی ئـەم گوزارشـە بـەم خەتە نووسرانەوە. و.

١- کالج، مالکوم، ١٣٨٠، *اشکانیان (پارت ها)*، ترجمه مسعود رجب نیا، تهران: هیرمند، لاپەڕە ٦٥.

بابل کۆمەڵە نووسراوە بەردینێك دۆزراونەتەوە کە سەربە رۆژگاری ئەشکانییەکانە و بە خەتی بزماری نووسراون[1].

خودی فەرمانڕەوایەکان سەرچاوەی یاسا و دادپەروەری بوونە. بەپێی هەندێ لە بەڵگەنامەکان بەدیاردەکەوێت نەریت و کولتوری رۆژهەڵاتی و هێلینیستی کۆن تاکو سەد ساڵ هەروا مایەوە. سکەکانی پارتی بە لاساییکردنەوە لە سکەی یۆنانی- هێلینیستی دروستدەکران. بۆ دانانی نرخی سکەکان هەمان پێوەری کێش و عەیاری ئاتێنی بەکاردەهێنرا. دراوی زێرینی سلووکی تاکو ماوەیەك پاش سەرکەوتنی پارتەکانیش هەروا باوبوو. دراوە زیوینەکانی پارتی بە دوو شێوە دروستدەکران. دراخما Draxma و دراوە چوارگۆشەکان واتا تێترادراخما Tetra draxma. نەخشی سەر سکەی پارتەکان سەرچاوەی لە نەخشی سکەی سلووکی وەرگرتبوو[2].

هیچ نووسراوێکی ئەدەبی بە زمانی پارتی (= پەهلەوی ئەشکانی)، چ ئایینی و چ نائایینی، لە رۆژگاری ئەشکانییەکانەوە دەستنەکەوتوونە. ئەوسا بەڵگەنامە و نامەکان سەرەتا بە زمانی ئارامی دەنووسران، کە زمانی فەرمی رۆژگاری هەخامەنشییەکان بووە. پاشان لە نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی پ.ز زمانی پارتی و خەتی پارتی کە لە ئارامییەوە وەرگیرابوو، شوێنی گرتەوە. جگە لە ئارامی زمانی یۆنانیش یەکێك لە زمانە فەرمییەکانی ئیمپراتۆرییەتی ئەشکانی بوو.

ئەدەبیات لەسەردەمی پارتەکان هەروەك سەدەکانی تری پێش ئیسلام بەشێوەی سەرزاری و نەنووسراو بوو. حەکایەتخوان و گێڕەرەوان ئەفسانەکانیان سینگ بە سینگ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگواستەوە و ئەم توێژە (گۆسان Gosan)یان پێدەگوترا. پێدەچێت گۆسانەکان پارێزەری ئەدەبی میللی ئێران بووبن و بۆ ساسانییەکانیان گواستبێتەوە. هەر ئەم ئەفسانە و حەکایەتانە بوونە بەشێکی

١- *تاریخ مختصر تمدن و فرهنگ ایران قبل از اسلام*، ١٨٩. *آذربایجان در مسیر تاریخ ایران*، لاپەڕە ٤٠٨.

٢- *اشکانیان (پارت ها)*، لاپەڕە ٦٥ — ٦٦.



گەورەی سەرچاوەی (خودای نامەك[1]) ەکانی پەهلەوی کە گشتیان لەناو شانامەی فیردەوسیدا هاتوونە. لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم رۆژگارە دەبێ ئاماژە بە ناوی چیرۆکە ئەویندارییەکانی وەیس و رامین و بیژەن و مەنیژە بکەین کە چیرۆکی رەسەنی پارتین[2].

نووسراوە پارتییەکان، واتا نووسراوە بەردین و نووسراوەکانی سەر پێست و گۆزە و کەلوپەلە کانزاییەکان گشتیان بەشێوەی جیا و سەربەخۆ یان بەشێوەی رێنووسی خەتی پارتینە.

گرنگترین نووسراوەکانی سەردەمی پارتەکان بریتینە لە: ١) شوێنەوارەکانی نسا لە دەوروبەری عیشق ئاباد کە پایتەختی کۆنی ئەشکانییەکانە و مێژووی ئەم نووسراوانە زیاتر بۆ سەدەی یەکەمی پ.ز دەگەڕێتەوە کە بەزۆری ناوی کەسایەتییەکان، شوێنەکان، کێش و مێژوو (رۆژ و مانگ و ساڵ)یان تێدا نووسراوە. ٢) شوێنەوارەکانی باشووری تورکەمەنیستان، لە شاری مەرڤی کۆن ئەم نووسراوانە لەسەر جام و کاسەی کاشی و گۆزەی شکاو دۆزراونەتەوە و ناوی خاوەنی ئەم گۆزە و کەلوپەلانەی لەسەر نووسراوە. ٣) بنچاقی هەورامان یان ئۆرامان، لەم شوێنەدا سێ بەڵگەنامە دۆزراونەتەوە، دوو دانەیان بەزمان و خەتی یۆنانینە و بەروار و مێژووی سلووکییان پێوەیە، یەکێکیان دەوروبەری ساڵی ٨٧- ٨٨ی پ.ز و ئەوی تریان دەوروبەری ساڵی ٢١- ٢٢ی پ.ز پیشاندەدات و لە پشتی یەکێك لەم بەڵگەنامانە چەند وشەیەك بە زمان و خەتی پەهلەوی نووسراوە.

١- لە کۆتایی رۆژگاری دەسەڵاتدارییەتی ساسانییەکان واتا سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی زایینی، رابردووی ئۆستوورەیی و ئەفسانەیی و پێشینەی مێژوویی گەلانی ئاریایی لەناو کۆمەڵە گوزارشتێك بەناوی خودای نامەك یان خودای نامە تۆمارکرابوون. ئەم گوزارشانە بەزمانی پەهلەوی نووسراون و ئێستا لەناوچوونە. ئەم بەرهەمە لە سەدەی هەشتەمی زایینی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ فیردەوسی شاعیری داستان بێژی ئێرانی سەردەمی ئیسلامی. و.

٢- تفضلی، احمد، ١٣٧٦، *تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام*، تهران: قومس، لاپەڕە ٧٥ — ٧٦. *آذربایجان در مسیر تاریخ ایران*، لاپەڕە ٤٠٤ — ٤٠٦.

بەڵگەی سێیەم بەزمان و خەتی پارتییە و مێژووی ئەشکانی لەسەرە کە بەرامبەر بە سەدەی یەکەمی پاش زایینە. ٤) نووسراوێکی پارتی لەسەر پەیکەری هەرکوولْ کە لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە وڵاتی عێراق دۆزراوەتەوە، نووسراوەکە بە دوو زمانی پارتی و یۆنانییە. ٥) نووسراوە بەردینەکەی شووش، نووسراوێکی ئەردەوانی چوارەمە بۆ بەرێوەبەری شاری شووش و مێژووی ساڵی ٤٦٢ ی ئەشکانی بەرامبەربە ٢١٥ ی پاش زایینی پێوەیە. ٦) نووسراوی کاڵ چەنگاڵ لە باشووری خۆراسان. ٧) نووسراوی پاشاکانی ساسانی: نموونەی وەرگێردراوی هەندێك لە نووسراوەکانی ساسانی بۆ سەر زمانی پارتی. ٨) دووراێۆرووپووس، لەناو شوێنەوارە دۆزراوەکانی شاری دوورا Dura ی کەناری رووباری فورات لە سووریای ئێستا لەنزیك سنووری عیراق، جگە لە بەرهەمەکانی فارسی ناوەراست کۆمەڵە بەرهەمێکی پارتیش دۆزراونەتەوە کە بریتینە لە چەند نەخش و وێنەی سەر دیوار و گۆزەی نووسراو[1]. بناغەی ئابووری پارت لەسەر بازرگانی دامەزرابوو و ئێران و بابل و سووریا و فەڵەستین لە رۆژگاری هەخامەنشییەکانەوە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری هەبوو. لەسەردەمی پارتەکان ئێران پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ چین بەستبوو بەچەشنێك کە لە سەردەمی میهردادی دووەم فەرمانڕەوای پارت چەند نێردراوێك لە دیوانی چینەوە بۆ ئەنجامدانی وتوویێژی بازرگانی بۆ ئێران هاتن.

رۆمییەکانیش دەیانویست لەرێگەی ئێرانەوە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی چین دامەزرێنن. بەڵام پارتەکان پێش ئەم کارەیان دەگرت و پێیان خۆشبوو ئەوریشمی چینی لەرێگەی ئێرانەوە بۆ رۆم هەناردەبکرێت. ئەگەر بۆ سەلماندنی رێگەی ئەوریشم پێشکەشکردنی بەڵگە بە پێویست بزانرێت ئەوا دەتوانین ئاماژەبەو شوێنەوارانە بکەین کە لە شارەکانی سەر هێڵی ئەم رێگایە دەسکەوتوونە.

لە پالْمیر Palmir و هاترا Hatra (الحضر) چەند بینایەکی گەورە دۆزراونەتەوە و لە چەند شارەێکی وەکو دوورا Dura و پێترا Petra کۆمەڵە شوێنێك دروستکرابوون کە بازرگانەکان تێیدا کۆدەبوونەوە. مێژوونووسانی کۆن باسی مەنزڵگا و کاروانسەرا

---

١- *تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام*، لاپەڕە ٧٦ — ٧٩.



و چاپارخانەیان[1] کردووە. گرنگترین راپۆرت سەبارەت بەم شوێنانە لەلایەن ئیزیدۆرخاراکسی لە کتێبی چاپارخانەکانی پارتی بەدەستەوە دراوە و مێژووەکەی بۆ سەدەی یەکەمی پ.ز یان بۆ دەیەی ٧٠ی پاش زایین دەگەڕێتەوە[2].

سەبارەت بە دامەزراندن و دروستکردنی شار لەلایەن پارتەکان زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، چونکە سەرچاوەیەکی کەم سەبارەت بە باردۆخی مێژووی ناوخۆی پارتەکان لەبەر دەستدایە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە پێکهاتە میعمارییەکانی خۆزستان و دارابگێردی فارس و تەختی سولەیمان واتا هەمان شاری دێرینی شیز Shiz ی ئازەربایجان، بە بینای پارتی لەقەڵەم دراون.

ئەگەرچی وێرانەی ئەو کۆشکە پتەوانەی لە تورکستانی رۆژئاوا دۆزراونەتەوە، بۆ سەدە بەراییەکانی زایین دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەو لایەنە میعمارییانەیان لێوە بەدیدەکرێن کە لەوانەیە لە پارتەکانەوە وەرگیرابێت. دۆزینەوەی ئەم کۆشکە خاپوورانە ئەم رایەی رۆستۆتسۆف Rostovtzev پشت راست دەکاتەوە کە شێوەی نوێی پارتی- پارسی لەو بەشەی ئاسیادا کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی هێلێنیستی لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوو، وەکو رێبازێکی کاریگەر و بونیاتنەری لێهات[3].

---

١- چاپارخانە: شوێنی چاپار، چاپار واتا نامە گەیێن، قاسید، ئەو کەسەی نامە بۆ شوێنی مەبەست دەبات. لە رۆژگاری ئەشکانییەکان لە نزیك کاروانسەراکان لە نێوان شارەکان شوێنێکیان دروستدەکرد کە چاپارخانەی پێدەگوترا. لەم شوێنەدا کۆمەڵە ئەسپێك بەردەوام زین کرابوون و ئامادەبوون بۆ سوارکاری و لەوکاتانەی نامەهێنەر دەبوایە بەخێرایی نامەکەی گەیاندبا، ئەسپە ماندووەکەی لە چاپارخانە بەجێدەهێشت و ئەسپێکی بەتوانا و ئامادەی وەردەگرت و بەرێدەکەوتەوە. و.

٢- ***اشکانیان (پارت ها)***، لاپەڕە ٧٠. ***ایران از آغاز تا اسلام***، لاپەڕە ٣٣٨. ***تاریخ مختصر تمدن و فرهنگ ایران قبل از اسلام***، لاپەڕە ١٨٨ — ١٨٩. ***هنر ایران باستان***، لاپەڕە ٢٦٢ — ٢٦٣.

٣- پرادا، ایدت، ١٣٥٧، ***هنر ایران باستان***، ترجمە یوسف مجیدزادە، تهران: انتشارت دانشگاە تهران: لاپەڕە ٢٦٣. بوسایلی. ماریو. توشراتو. امبر، ١٣٦٧، ***هنر پارتی ساسانی***، ترجمە یعقوب آژند، تهران: مولی، لاپەڕە ٦ — ١١.

کۆشکە پارتییەکەی ئاشوور لە نموونە گرنگەکانی ئەم رۆژگارەیە کە لە خشتی قوڕ و کەرپوچ دروستکراوە. لە هەزارەی سێیەمی پ.ز بەدواوە بەکارهێنانی خشتە لە بابل کارێکی ئاسایی بووە و دواتر لە کۆشکەکانی ساسانیدا بەکارهێنرا. بنمێچی گەورەترین هۆڵی کۆشك بە خشتە چنراوە و پێدەچێت تەنیا یەك جۆرە بنمێچیان بەکارهێنابێت، ئەویش بنمێچی بازنەیی بووە. بۆ شکۆداری بینا هەیوانیان دروستدەکرد کە داهێنانی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ئێران بوو. لە میعماری ئەشکانیدا دوو شێوازی بیناسازی باو بووە. شێوەیەکیان پەیڕەوکردنی میعماری هەخامەنشییە. لەم شێوەیەدا بینایەکان بەشێوەیەك دروستدەکران کە حەسارێکی گەورەیان هەبوو و جۆرەکەی تریان ئەو خانوانەی هەیوانیان هەبوو. ئەمجۆرەیان لە سێ هەیوان پێکدێت و هەیوانی پێشەوەی بینایەکە لە دوو هەیوانەکەی تر گەورەترە. بینایەکی چوارگۆشە دەکەوتە پشتەوەی یەکێك لە هەیوانەکان، ئەم بینا چوارگۆشەیە پەرستگە بوو. لەم بینایانەدا رووبەڕووی کۆمەڵە پەیکەرێکی نەخشێنراو دەبینەوە کە بەشێوەی سیمای ئادەمیزاد دروستکراون، ئەمانە بۆ مەبەستی شکۆدارکردن و مەزن پیشاندانی خانووەکان دانراون.

رازاندنەوە بەشێوەی گەچبڕی و دانانی دینگە و وێنە ئەندازەییەکانی ناو ژوورەوەی بیناکان کاریگەری هونەری میعماری رۆمی پێوە دیارە. پەیکەری فەرمانڕەوا و شازادە و خاوەن شکۆیەکان بە قەباری سروشتی لەناو ئەم بینایانەدا دەبینرێن کە گشتیان لەناو جلوبەرگی فەرمی و دیوانداری پیشاندراون[1].

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هونەری پارتی بنەمای (دژلێکی)یە. گرنگترین بەرهەمی دەسکەوتوو لە سەردەمی پارتەکان ئەو پەیکەرە مەفرەغییەیە کە لە شامی Shami ئەلیمایی Elimais لە سنووری ئیلامی کۆن لە پەرستگەیەکی خۆزستان

١- گشایش، فرهاد، ١٣٨١، *تاریخ هنر*، تألیف و ترجمە، تهران: انتشارات عفاف، لاپەڕە ٢١٣ — ٢١٤.



دۆزراوەتەوە. زانایەکان مێژووی ئەم پەیکەرە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی دووەم دەگەڕێننەوە. لەم پەرستگەیەدا پەیکەرێکی تریش کە پەیکەرێکی بچووکی مەفرەغییە دۆزراوەتەوە و کەللەی سەری سەردارێکی بە تانجەوە پیشانداوە[1]. بەرهەمێکی تر کە کاریگەری هونەری یۆنانی بەسەر هونەری سەردەمی ئەشکانی بەدیاردەخات، کەللەی سەری لە مەڕمەڕ دروستکراوی شازادە خانمێکی پارتییە کە ناوی شاژن مووزا Musa یە و هاوسەری فەرهادی چوارەمە[2].

نەخشەی شارەکانی ئەشکانییەکان بەپێی نەریتی خێوەتنشینیان بەشێوەی بازنەیی بوو. شاری مەرڤ، تیسفوون، الحضر (هاترا) و فیرووزئاوا نموونەی ئەمجۆرە شارانەن کە بەپێی ئەم جۆرە پلان و نەخشەیە لە سەردەمی ئەشکانییەکان دروستکراون.

سەبارەت بەکارە هونەرییەکانی تر جگەلە هونەری سیماتاشی دەبێ ئاماژەبە پەیکەری دروستکراو لە قوڕ و عاجی فیل و مەفرەغ بکەین کە بەشێوەیەکی نارێك و نەزانانە دروستکراون، و هەروەها دروستکردنی دەسکی کانزایی بۆ کەلوپەلەکان لەسەر شێوەی گیاندار وەکو پڵینگ و پشیلە و گیانداری تری لەم چەشنە لە ریزی هونەرەکانی ئەم نەتەوەن[3].

١ - **هنر ایران باستان**، *لاپەڕە ٢٧٣ — ٢٧٤ . ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ٢٣٠. *تاریخ هنر*، لاپەڕە ٢١١ — ٢١٢.

٢- *آذربایجان در سیر تاریخ ایران*، از آغاز تا اسلام، لاپەڕە ٤٠٠.

٣- *تاریخ هنر*، لاپەڕە ٢١٤ — ٢١٥. *هنر ایران باستان*، لاپەڕە ٢٧٤. سەبارەت بە هونەرەکانی جوانکاری ئەم چەرخە ← *هنر پارتی ساسانی*، لاپەڕە ٢٦ — ٢٨. کربن، هنری. ریپکا، یان. ماسینیون، لویی. گروسە، رنە، ١٣٨١، *روح ایران*، ترجمە محمود بهفروزی، تهران: نشر پند نامك، لاپەڕە ٦٧ بەدواوە.

# ساسانییەکان Sasanids[1]

ڕۆژگاری ساسانییەکان لە مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتدا بایەخێکی تایبەتی هەیە. گرنگی و بایەخی ئەم سەردەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێرانییەکان توانییان دەوڵەتێکی بەهێز دامەزرێنن. ئەم دەسەڵاتە بەهێزە زیاتر لە چوارسەد ساڵ بەسەر بەشێکی گەورەی جیهانی ئەودەم فەرمانڕەوایەتی کرد. بەرهەم و دەسکەوتە کولتورییەکان و جۆری سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتی ئەم قۆناغەی مێژووی ئێران تاکو چەند سەدەی دوای لەناوچوونی دەوڵەتی ساسانی پەیڕەوکرا. لە دێرزەمانەوە لە دراوسێیەتی ساسانییەکان پایتەختێکی نوێ بەناوی ئیستەخر دامەزرابوو.

چەند سەدەیەك بەرلەوەی ئەردەشێری ساسانی دەسەڵاتی ئێران وەرگرێ، خاکی ئێران دابەشکرابوو. بەشێکی دەکەوتە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی سلووکی و بەشێکیشی سەربە ئیمپراتۆرییەتی ئەشکانییەکان بوو. بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسانی ڕۆژگاری دێرین ئەسکەندەر و جێگرەکانی هەوڵیاندا کولتور و یەکێتی نەتەوەیی گەلانی ئێرانی لەناو ببەن و دەیانویست کولتور و شارستانییەتی یۆنانی لە ئێران بڵاوبکەنەوە، بەڵام هێشتا سەدەیەك لە هێرشی ئەسکەندەر تێنەپەڕیبوو کە گەلانی ئێرانی بەرەنگاری دەسەڵات بوونەوە و هەر زوو کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە هێنا. مەڵبەندی بوژانەوە و ژیانەوەی ئێرانی ساسانی ویلایەتی پارس بوو واتا ئەو نیشتمانە دێرینەی کە لە دێر زەمانەوە ئەم نەتەوەی تێدا نیشتەجێ ببوو[2].

١- *ایران نامك*، لاپەڕە ٢٦٤ بەدواوە.

٢- لوکونین، ولادیمیر گریگورویچ، ١٣٦٥، *تمدن ایران ساسانی*، ترجمە عنایت الله رضا، تهران: انتشارات علمی فرهنگی، لاپەڕە ٣٩.



لەپاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنێشی گرنگی و بایەخی پارس کەم بۆوە و لەم ناوچەیەدا کەسانێك دەسەڵاتی ناوچەییان وەرگرت کە پیدەچێت پاشماوەی خانەدانی هەخامەنێشی بوون. لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆری کولتور و دیاردە و نەریتی باوی یۆنانی لەناوبردرا و بەشێکیشی لەناو کولتور و شارستانییەتی ئێرانی تواوە. یەکەمین هەنگاو کە لەم بوارە هەڵبڕا لەلایەن ئەردەشێری بابەکانەوە بوو. لەڕاستیدا ئەم دەوڵەتە لە بنچینەوە دوایین قۆناغی گۆڕانێکی درێژخایەنە کە لە پشت ڕێڕەوی شارستانییەتی یۆنانی لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا خۆی شاردبۆوە. یەکێك لە باشترین کارەکانیان بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو، ئەویش بە بەهێزکردنەوە و ژیاندنەوەی کولتوری نەتەوەیی و ئایینی ڕەسەنی ئێرانی کە لەڕێگەی هاتنەدی و بەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانیان گەورەترین پشتیوانیان بوو[1].

لە سەرەتاکانی سەدەی سێیەمی زایینی ئێران تەنیا بەناو وڵاتێکی یەکگرتوو بوو، چونکە لەلایەن پارتەکانەوە بەڕێوەدەبردرا. لەڕاستیدا ئێران لە کۆمەڵە ویلایەتێکی نیمچە سەربەخۆ پێکدەهات و سەرۆکایەتی ئەم ویلایەتانە بەئەستۆی ماڵباتە پایەبەرز و خانەدانەکان بوو. جەنگ و ململانێ و کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئێرانی زۆر لاواز کردبوو. ئەمەش ببووە هۆکارێك کە دەوڵەتی ئێران دەسەڵاتی زۆربەی شارەکانی میزۆپۆتامیای باکووری لەدەست دەربچێت.

ئەم جارەیانە یەکگرتنەوەی ئێران لە مەڵبەندێکی ترەوە دەستی پێکرد. ویلایەتی پارس دەکەوتە باشووری ڕۆژئاوای ناوچەیەك کە پێشتر شاری دێرینی پاسارگادی ڕۆژگاری هەخامەنێشەکانی تێدا دامەزرابوو. پاش ئەوەی کە ساسانییەکان بە جەنگ و پێکدادانێکی زۆر بوونە خاوەن تاج و تەختی فەرمانڕەوایەتی. دەوڵەتیکی نەتەوەییان لە سەر بناغەی ئایینێکی نەتەوەیی و شارستانییەتێك دامەزراند کە لەوانەیە لەڕووی هەستی نەتەوایەتی و ئێرانچییەتی بەدرێژایی مێژوو، ئێران

١- اینوسترانتسف، کنستانتین، ١٣٤٨، *مطالعاتی درباره ساسانیان*، ترجمە کاظم زادە، تهران: بنگاه ترجمە و نشر کتاب.

نموونەیەکی ئەوهای بەخۆیەوە نەبینیوە. سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەنۆشیرەوان دەبێ بە چەرخی شۆڕشی کولتوری ئێران دابنرێت. ئەم بزاوە لەناو قاڵب و شێوازی ئێرانی بوونیدا هەوڵیدا سوود لە بەرهەمی زانستی و کولتوری و هونەری ماد و یۆنان وەربگرێت و ئەم بەرهەمانە وەربگێڕێتە سەر زمانی پەهلەوی و پلەی زانستی ئێران لە بواری زانست و ئەدەب بەرزبکاتەوە[1].

لە ناوچەی ئیستەخر خانەوادەی پایەدار و مۆغ زادەی ساسان بەهێز دەبوون. ساسان مۆغێك بوو کە پارێزگاری و سەرپەرشتی پەرستگەی ئاناهیتا Anahita ی خواوەندی تایبەت بە کشتوکاڵی لە ئەستۆ بوو و لەناو ئەم پەرستگەیەدا خزمەتی دەکرد. کوڕەکەی حاکمی ئیستەخر بوو و نازناوی پاشای هەبوو. ئەردەشێری نەوەی ساسان و کوڕی بابەك کە مۆغەکان و گەورە پیاوان پشتیان دەگرت، وردەوردە بەهێزبوو و ناوچەیەکی زۆری داگیرکرد و سەرەنجام بەیارمەتی و پشتیوانی ئەم هێز و دەسەڵاتەوە بەهێزترین ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژگاری خۆی لەناوبرد. ئەردەشێر لەسەرەتادا تەنیا دەسەڵاتداری قەڵای دارابگێرد بوو، دواتر دەستی بەسەر ویلایەتەکانی ئیسفەهان و کرمانیش داگرت. پاشان خۆزستان و دواییش میزۆپۆتامیای داگیرکرد. ڕۆژگار بەم چەشنە بەرەوپێش دەڕۆیشت تاکو وایلێهات ئەردەشێر پاش ماوەیەك دەسەڵاتی سەرجەم ناوچەکانی ئێرانی وەرگرت.

ئەگەرچی ئەردەشێر زۆر متووی ویلایەتی پارس و شارە گرنگەکانی تری ئیستەخر و گووڕ (فیرۆزئاوە) بوو، بەڵام شاری تیسفون هەروەك خۆی بەپایتەختی هەڵبژێردراوە. ئەردەشێر ئیمپراتۆرییەتێکی دامەزراند کە دەسەڵاتەکەی لە ٢٢٤ تاکو ٦٥٢ی زایینی بەردەوام ماوە. لەم ماوەیەدا ٣٤ ئیمپراتۆر فەرمانڕەوایەتییان کردووە. دواهەمینەکەیان یەزدگەردی سێیەم بوو. مۆغە زەردەشتییەکان کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری

١- محمدی، محمد، ١٣٦٥، ***فرهنگ ایرانی پیش از اسلام و آثار آن در تمدن اسلامی و ادبیات عرب***، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، لاپەڕە ٣ — ٥. گیرشمن، ر، ١٣٥٥، ***ایران از آغاز تا اسلام***، ترجمه محمد معین، تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، لاپەڕە ٣٤٥.



ئەشکانییەکان بەهێزببوون، لە کارە ناڕەواکانی ئیمپراتۆرەکانی ئەشکانی بێزاربببوون و باوەشیان بۆ ئەردەشێر کردەوە و خەڵکیش بەرەو پیلیانەوە هاتن[1].

ئەگەرچی ئەردەشێر خۆی بەنەوەی کیان Kayan[2] ییەکان دادەنا بەڵام نازناوی کەی بۆ خۆی هەڵنەبژارد و هەمان وشەی ((فەرمانڕەوا))ی بەکارهێنا. لەسەردەمی ئەردەشێر پێیانوابووە سەرجەم بەشەکانی کتێبی ئاڤێستا لە ڕۆژگاری ((زەردەشت-کەی گێشتاسپا)) دابەزیوە و هەر لەو دەمیش نووسراوەتەوە. پاشان ئەلێکساندەر (ئەسکەندەر)ی مەلعوون لە ئیستەخری پارسدا کتێبەکەی سووتاندووە و لەناوی بردووە. پێدەچێت ئەوکات نەیانزانیوە کە نەسەکەکان[3]ی ئاڤێستا لە کات و

١- پیگولوسکایا، ن، و، یاکوبوسکی، آ، یو. بطروشفسکی، ای، پ. بلینتسکی، آ، م. استرویوا، و، ١٣٥٤، ***تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم میلادی***، ترجمه کریم کشاورز، تهران: پیام، لاپەڕە ٦٧ — ٦٨

٢- کیان، کۆی (کەی)یە و بەواتای ئیمپراتۆری گەورەیە. بەپێی شانامەی فیردەوسی ناوی فەرمانڕەوایەکانی ئێرانی کۆنی پاش پیشدادییەکان بووە. کیانییەکان دووەمین بنەماڵەی ئیمپراتۆرەکانی سەردەمی ئۆستورە و داستانەکانی ئێرانن. ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە کەیقوبادەوە دەسپێدەکات تاکو کەیخەسرەو (قۆناغی یەکەم)، و (قۆناغی دووەم) لە کەی لەهراسپەوە دەسپێدەکات تاکو دارای دارایان. و.

٣- لە ئاڤێستا دا بەشێوەی (نەسکا) بەواتای کتێب یان هەر یەك لە بەرگەکانی کتێبێکی گەورە هاتووە. نەسەك ناوێکە کە بۆ هەریەك لە بەرگەکان یان بەشەکانی بیست و یەك دانەی ئاڤێستای گەورەی ڕۆژگاری کۆن دانرابوو. هەندێجار وشەی نەسەك بەواتای تەواوی ئاڤێستا بەکارهاتووە و (نەسەك خوێندن) واتا خوێندنەوە و فێربوونی ئاڤێستا. نەسەکە بیست و یەکدانەییەکانی ئاڤێستا کراونەتە سێ بەش:

١ـ نەسەکە گاتانیکەکان، سەبارەت بە زانست و کاری مینۆڤی.

٢ـ نەسەکە داتیکەکان، سەبارەت بە زانست و دادپەروەری و کاروباری جیهان.

٣ـ نەسەکە هات مانسریکەکان، سەبارەت بە کاروباری پەرستن و نیایش و سروودە ئایینییەکان. و.

سەردەمی جیاوازدا دانراون و لە رۆژگاری بلاشی یەکەمی ئەشکانی کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە[1].

لە ئێرانی رۆژگاری ساسانی ئایینی زەردەشتی ئایینی فەرمی بووە و لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگیری لێکراوە. ئەردەشێری یەکەم فەرمانیدا ئاڤێستا بنووسرێتەوە و رێکبخرێتەوە و شێوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەستی بۆ دابنرێت. شاپووری یەکەمیش لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆریدا، هەر لە رۆژگاری شاپووری دووەم بوو کە ئەم کتێبە ئامادەکرا و بەسەر بیست ویەك نەسەکدا دابەشکرا. ئەم کتێبە لە ئاگرگای شیز[2] پارێزگاری لێدەکرا، بەڵام ئاڤێستایەکەی رۆژگاری ساسانییەکان تەنیا چەند بەشێکی لێماوەتەوە[3].

شاپوور بە ئازادیخوازی و ئایین پەروەری ناوبراو بووە. بەڵام لێکۆڵینەوە لە مێژووی کاروباری ئایینی لە سەردەمی ساسانییەکان بەبێ ناسینی ناوی کارتیر Kartir سەرناگرێت. لە زۆربەی نەخشە هەڵکەنراوەکانی رۆژگاری ساسانی وێنەیەکیان لەپشت سەری پاشا هەڵکەندووە. چیرۆکی ژیانی کارتیر بەشێکی گرنگی مێژووی ئیمپراتۆرییەتی ساسانییە. بەڵام سەرچاوە ئیسلامی و پەهلەوییەکان ئاماژە بەکەسێك بەناوی تێنسێر Tansar دەکەن کە مۆبەدی مۆبیەدانی[4] رۆژگاری ئەردەشێر بووە. هیربەد یان ((مۆغی مامۆستا))شیان

١- قرشی، امان الله، ١٣٨٠، *ایران نامك*، تهران: انتشارات هرمس، لاپەڕە ٢٦٤ — ٢٦٥.

٢- گەنزەك یان شیز، مەڵبەندێکی گرنگی ئایینی بوو کە لە آذربایجان بوو. ← فرای، ن، ١٣٦٨، *میراث باستانی ایران*، ترجمە مسعود رجب نیا، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ٣٨١.

٣- *تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم*، لاپەڕە ٣٥٣ — ٣٥٤.

٤- نازناوی مۆبەدی گەورە یان گەورەترین مۆبەد لە ناو مۆبەدەکاندا کە پێشەوایانی ئایینی زەردەشتی بوون. لە ئاڤێستادا هەندێجار بەشێوەی ((رەتوو))ش هاتووە و بەواتای سەروەر و گەورە و پێشەوای مینۆڤی دێت. و.



پێگوتووە. بەگوێرەی دینکەردی مادان Madan ئەم کەسێتییە لە ئاڤێستای کۆڵیوەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کردووە[1].

ناوەڕۆکی بابەتی نووسراوە بەردینەکانی کارتیر لە نەخشی رۆستەم و قیبلەی زەردەشت تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن. لە نووسراوە بەردینەکەی (سەر)ی شاری مەشەد کارتیر باسی ژیانی خۆی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات چۆن لە رۆژگاری شاپوور پلەوپایەکی بەرزی وەرگرتووە. لەسەرەتادا هیربەد و پاشان بۆتە مۆبەد[2]، ئەمەش پیشاندەدات کە لە چوارچێوەی پێکهاتەی ئایینی زەردەشتی مۆغەکان خاوەن پلە و پایەی جیاجیا بوونە.

دروستکردنی پەرستگا لە رێزی یەکەمی کارەکانی کارتیر بوونە کە بۆ مەبەستی هاتنی پەیڕەوانی ئایینەکانی تر بۆ باوەشی ئایینی زەردەشتی ئەنجامدەدران. زۆر بەتوندی بەرەنگاری ئایینەکانی تر بۆتەوە و لە نووسراوە بەردینەکەی (قیبلەی زەردەشت)ی خۆیدا هەڵیکوتاوەتە سەر پەیڕەوانی ئایینی یەهوودی و بوودایی و هیندوویی و نەسرانی و مەسیحی و هەندێك لە ئایینەکانی میزۆپۆتامیا و بەکافر لەقەڵەمی داون. سەرچاوە ئەرمەنی و سریانییەکان باسی ئەردەشێری ساسانی دەکەن کە چۆن پەرستگەکانی ئەوانی وێراندەکرد و لە شوێنی ئەم پەرستگەیانە، ئاگرگا و پەرستگەی بۆ زەردەشتییەکان دادەمەزراند. لە سایەی ئەوەی کە ئاگرگاکان مەڵبەندی پەروەردەکردنی ئایین و رێوڕەسمە ئایینییەکانی زەردەشتی بوون، کارتیر زۆر بەئاسانی گەیشتە ئامانجەکانی. نەریتی مارەکردنی دایك و خوشك باو و رێگەی پێدرا، ئەو نەریتەی بێگانەکان بەلایانەوە ناپەسەندبوو. ئەم کارانە بوونە هۆی ئەوەی مۆغەکان لە رۆژگاری ساسانییەکاندا دەورێکی بەرچاو بگێڕن و دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر وەربگرن.

١- *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ٣٥١.

٢- لە ئاڤێستا دا بەشێوەی (مۆغووپەیتی) و لە پەهلەوی بەشێوەی (مەغووپەت) هاتووە و نازناوی پێشەوایانی ئایینی زەردەشتییە. و.

ئەو ویلایەتە مەزنانەی لەڕووی ئایینییەوە گرنگ بوون: پارس و ئازەربایجان و خۆراسان بوون. ئاگرگای ئازەربۆرزین میهر[1] شوێنی پاراستنی ئاگری جووتیاران بوو کە دەکەوتە کێوی ریڤەندی خۆراسان. ئاگرگای ئازەرفەرەنبەغ[2] شوێنی پاراستنی ئاگری تایبەت بە مۆغ و دەبیرەکان بوو کە لە کاریانی ویلایەتی پارسە. ئازەرگەشەنەسپ[3] شوێنی پاراستنی ئاگری فەرمانڕەوا و فەرماندەکان بوو کە لە ناوچەی شیزی باشووری دەریاچەی ورمێیە. ئەم ناوچەیە ئێستا تەختی سولەیمانی پێدەگوترێت. بەم چەشنە پلەی کۆمەڵایەتی سێ توێژی ئاریایی هەروا وەك خۆی مایەوە و بە پشتیوانەی ئایین دامەزراوتر کرا[4].

لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان و ڕێوڕەسمە ئاڵۆز و دژوارەکانی سڕینەوەی ناپاکییەکان[5] ئامادەبوونی کاهینەکان بە پێویست دادەنرا. کاهینەکان خاوەن پلە و پایەی جۆراوجۆر بوون. مۆغەکان یان مەجوسەکانیش لەریزی ئەوانەوە بوون. سەرچاوە یۆنانی و سریانییەکان ئەم مۆغانەیان بە (کاهینە هەژارەکان)

١- ئەم ئاگرگایە تایبەت بە جووتیاران بووە و ناوی ئاگرگایەکە بە ژیانی جووتیارانەوە بەندکراوە. میترا (میهر)ی پایەبەرز لەلای جووتیارانەوە ستایشکراوە و قوربانییان بۆ کردووە و بە سەرچاوەی بەپیتی و فراوانی دادەنرێت.و.

٢- ناوی ئەم ئاگرگایە لە (فەڕ و بەغ) واتا ( فەڕی یەزدانی) ( شکۆ و گەورەیی یەزدانی) سەرچاوەی گرتووە. شکۆی یەزدانی هێز و وزەیەکی یەزدانییە کە لەلایەن خواوەندەوە بە فەرمانڕەوا و هەندێ لە ئادەمیزادەکان دەدرێت. لە ئاڤێستادا بەشێوەی خوڤەرنە هاتووە. و.

٣- لە ئاڤێستا دا بەشێوەی (ئاتوورگۆشانەسب ) واتا ئاگری ئەسپی سپی هاتووە. ئەم ئاگرگایە تایبەت بە فەرمانڕەوایەکان بووە و ڕێوڕەسمی تاجدانانی ئیمپراتۆرەکان لەم شوێنە بەڕێوە دەچوو. و.

٤- *ایران نامك*، لاپەڕە ٢٧٢ — ٢٧٣.

٥- ئەم ڕێوڕەسمە لە ئاڤێستا دا (ڤەرەنگها)ی پێدەگوترێت و ناوی تاقیکردنەوەیەکە بۆ جیاکردنەوەی پاکی و ناپاکی کە بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن کاهینەکانەوە بەڕێوەدەچوو. تێپەڕینی سیاوەش لە ناو ئاگر لەم جۆرە ڕێوڕەسمانەیە کە چیرۆکەکەی لە ئاڤێستا و شانامەی فیردەوسی دا هاتووە. و.



ناوبردووە. کاهینەکان خەریکی دادوەریکردن و فاڵگرتنەوە دەبوون و بەدەرکەوتنی بڵێسەی ئاگری پیرۆز پێشگۆیی ئایینیدەیان دەکرد. ئەمەش ڕێگەیەك بوو بۆ دەستێوەردان لە کاروبار و ژیانی خەڵکی. لە هەمان کاتدا بەڕێوەبردنی ئەم کارانە پارەیەکی دەخواست کە لە ئەستۆی خەڵکەوە بوو. بەم چەشنە لەسەرەتادا ناڕەزامەندی خەڵکی بووە هۆی سەرهەڵدانی جەماوەری، ئەمەش ناکۆکی و جیابوونەوەی مەزهەبی و بەرەو پیل و پێشوازیکردن لە ئایینی نوێی لێکەوتەوە[1]. ئایینی مانەوی یەکێك لەم ئایینە نوێیانە بوو کە لە ئێراندا جێگەی خۆی کردەوە و پەیڕەوانێکی زۆری پەیداکرد و بەرەنگاری ئایینی زەردەشتی بۆوە. کارتیر لە نووسراوە بەردینێکدا رادەگەینێت: ((ئایینە ئەهریمەنییەکان)) لە سنووری ئیمپراتۆری دەرکران. یەهوودی، بوودایی، برەهمەنی، ناسری و مەسیحی و ماکتاکەکان Maktaks (یان مانەوییەکان)ی ناو سنووری ئیمپراتۆری سەرکوتکران و لەناوبردران[2].

زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە بارودۆخی توێژی مام ناوەند و جووتیاری سەردەمی ساسانییەکان لەبەردەستدا نییە و ئەوەی ئاشکرایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باجانەی کە دەوڵەت لەم کۆمەڵە خەڵکە وەریدەگرت. باجی زەوی، بەشێکی دیاریکراوی بەرهەمی جووتیارەکانی دەگرتەوە و بریتی بوو لە: یەك لە سێی بەرهەمەکە و ((خەراگ))ی پێدەگوترا و پاشان لە ڕۆژگاری دەسەڵاتدارییەتی عەرەب ئەم وشەیە شێوەی ((خەراج))ی وەرگرت. خەراگ بەزۆری بەشێوەی نەقد وەردەگیرا و هەموو ژن و پیاوێك لە تەمەنی بیست تاکو پەنجا ساڵی دەبوایە ئەم خەراگە بدات. بەڵام ئەم یاسایە توێژی خانەدان و پیاوانی ئایینی و جەنگاوەران و کارمەندانی دەوڵەتی نەدەگرتەوە[3].

١- *تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم*، لاپەڕە ٨٤ — ٨٥

٢- دکرە، فرانسوا، ١٣٨٠، *مانی و سنت مانویان*، ترجمە عباس باقری، تهران: فرزان روز، لاپەڕە ٢٧.

٣- *تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم*، لاپەڕە ٨٠. *ایران در زمان ساسانیان*، لاپەڕە ١١٩ بەدواوە.

ئێران ئەودەمی لەڕووی بازرگانییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. جادەی ئەوریشەم کە دەگەیشتە بن دیواری چین، ئێرانی بە ئاسیای ناوەندییەوە دەلکاند. ئەوریشەم لە وڵاتی چین بۆ سۆغد دەنێردرا، بەڵام پاش ماوەیەك سۆغدییەکان خۆیان فێری شێوەی بەرهەمهێنانی ئەوریشەم بوون. جگەلەمە ئێرانییەکان لەڕێگەی بازرگانی دەریاییەوە پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ هیندوستان و دوورگەی سیلان و عەرەبستانی باشووری و حەبەشە هەبوو.

لە ئاڤێستادا توێژەکانی ناو کۆمەڵگا بەسەر چەندین توێژ دابەشکراون و ئەم توێژانەش بریتینە لە: کاهینەکان (پیاوانی ئایینی) و جەنگاوەرەکان و کارمەند و پیشەوەر و بازرگان و لادێییەکان. کاهینەکان (ئاترەڤەنان/ ئاگربانان واتا پاسەوانانی ئاگر) لە چەندین  پلەوپایەوە پێکهاتبوون و بەرزترین پلە، پلەی مۆبەدی بوو. لەناو کۆمەڵەی توێژی کاهینەکاندا، مۆغەکان لەڕووی ژمارەوە زۆرترین و لەڕووی پلەوە نزمترین کۆمەڵە بوونە.

توێژی دەبیران بەزۆری کارمەندانی دەوڵەت بوون و ئەستێرەناس و قوتابییەکانیش سەربەم توێژە بوونە. چوارەمین توێژ واستریۆشان Wastaryosan واتا لادێییەکان و هووتووخشان Hu-tuxsan واتا پیشەوەر و بازرگان و فرۆشەران بوونە کە بەرهەمی دەستی خۆیان دەفرۆشتەوە. خاوەن زەوییەکان بەرهەمی خەڵکی دێهات و گوندەکانیان زەوتدەکرد و دەستیان بەسەر بەرهەمی رەنجی ئەم رەنجدەرانەوە دادەگرت.

کۆیلەداری لە سەردەمی ساسانییەکان باوبوو ئەم نەریتە تاکو رۆژگاری دەسەڵاتی عەرەبەکان هەرماوە. لەڕاستیدا گەشە و دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دەرەبەگ زۆر زوو دەستی پێکرد، شۆڕش و راپەڕینەکانی مەزدەکی دەورێکی زۆریان بۆ لەناو بردنی ئەم سیستەمەی دەرەبەگایەتی و کۆیلەدارییە هەبوو. بە پلەی یەکەم ناڕەزایەتی خەڵکی، ئاراستەی توێژی مۆغان دەبۆوە و بەزۆری بزاوە جەماوەرییەکانی ئەوسا شێوازێکی جیابوونەوەی ئایینی و رۆیشتن بەرەو پیلی ئایینی نوێی هەبوو. هەروەك لە پێشتر باسکرا ئایینی مانی یەکێك لەم ئایینە نوێیانە بوو کە دژبە ئایینی زەردەشتی راوەستا و باوەشی بەرەو رووی کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازی و ستەملێکراو کردەوە.



سەرهەڵدانی ئایینی مەزدەك هەڕەشەیەك بوو بۆ کۆمەڵەی پیاوانی ئایینی ناو دەزگای دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی. بەڵام لە سەرەتای دەسەڵاتدارییەتی ساسانییەکان ئەوە مانەوییەکان بوون کە بە زەندیق و کافر واتا خراب ترین دوژمنانی ئایین لەقەڵەم دران[1].

بیروونی، مێژوونووسی ئێرانی ئاماژە بە ساڵی لەدایکبوونی مانی دەکات. بەڵام مانگ و رۆژی لەدایکبوونی مانی لە کێفالایا Kephalaia یەکان (بەشەکان) ئاماژەیان پێکراوە. کێفالایا بە زمانی قیبتییە و لە ساڵی ١٩٣٠ لەگەڵ بەرهەمەکانی تری مانەوی لە شاری مادی Madi کە دەکەوێتە فیوومی میسر، لەکاتی هەڵکۆڵینێکی شوێنەواری دۆزرانەوە. ئەم پێشەوا لە دین دەرچووە لە هەشتەمی نیسانی ساڵژمێری بابلی سلووکی (یان هەشتی مانگی فەرمووتی میسری) لە ساڵی ٥٢٧ی ساڵژمێری ئەستێرەناسانی بابلی لەدایکبوو کە بەرامبەر بە چواردەی ئابریلی ٢١٦ی زایینییە[2].

مانی لە بابل لە گوندی مەردینۆ لە کووتی سەروو (بەڕای مامۆستا هینینگ Henning لە گوندی جووخی لە چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی ئەردەوان لەدایکبوو. سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی لە کتێبی فەهرەستی ابن ندیم باسی مەداین کراوە و ناوی باوکی ئۆوپتێك (پاتك، شازادەیەکی ئەشکانی خەڵکی هەمەدان بووە و  پاشان بەرەو بابل رۆیشتووە و لەگەڵ ژنێك زەماوەندی کردووە کە پێدەچێت ناوێکی یەهوودی ـ مەسیحی هەبێت و سەربە بنەماڵەی کێمسرەکانی ئەشکانی بێت. لە هەندێ سەرچاوەدا ناوی ئەم ژنە بەشێوەی نووشیت و لە هەندێکی تر بەشێوەی یووسیت هاتووە و لە کتێبی فەهرەست بەشێوەی رامیس و لە هەندێ شوێن بەشێوەی ئوتاخیم و مەریەم هاتووە و سەربە خێزانی کێمسرەکانی ئەشکانی بووە کە نازناوی بنەماڵەی دایکی مانییە)[3].

---

١- *میراث باستانی ایران*، لاپەڕە ٢٥٥.

٢- دکره، فرانسوا، ١٣٨٠، *مانی و سنت مانویان*، تهران: فروزان، لاپەڕە ٥٢.

٣- تقی زاده، حسن، ١٣٧٩، *مانی و دین او*، تهران: فردوس،لاپەڕە ٢٩ — ٢١. ویدن گرن، گئو، ١٣٧٦، *مانی و تعالیم او*، ترجمه نزهت صفای اصفهانی، تهران: مرکز، لاپەڕە ٣٦.

پاش سەرکوتکردنی مانی و لایەنگرەکانی یەکێك لە پەیڕەوکارانی بەناوی زەردەشت بۆندەس واتا زەردەشت ئاسا کە خەڵکی نەسا بوو ئایینێکی نوێی بەناوی "ڕاست ئایینی" بڵاوکردەوە کە تازەگەری لە ئایینەکە و شێوەیەکی گەشبینانەی ئایینی ڕەشبینی مانی بوو. مانەوییەکان لە سەرهەڵدانەکەیاندا پشتیان بە ئایینێك دەبەست کە سەبارەت بە خولقاندن و جیهانەکەی تر بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی هەبوو. توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بەژداری ئەم بزاوەیان کرد و هێزی سەرەکی و هەرە زۆری ئەم بزاوە شۆڕشگێرییە لە خەڵکی دێهات و گوندەکان پێکهاتبوون[1]. دووسەد ساڵ دواتر لەسەر دەستی مۆغێك بەناوی مەزدەکی بامدادان[2] کە خەڵکی ئیستەخری فارس یان بە گوتەی تەبەری خەڵکی مازرایا (کوت العمارەی ئێستای عیراق) بوو ئایینی ڕاست ئایینی گەشەی کرد و کامڵ کرا و هەروەها بۆ مەبەستی چاکسازی ڕەوشی نالەباری زۆرینەی خەڵك، لایەنێکی سیاسی- کۆمەڵایەتییان بەم ئایینە بەخشی. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە باوەڕی بەوە بوو کە هۆرمۆزد[3] لەم جیهانەدا فراوانی و بەپیتی و بەرهەمی مادی خولقاندووە تاکو گشت کۆمەڵانی خەڵك بەشێوەیەکی یەکسان لێیان بەهرەمەند بن. هیچ کەس لەم جیهانەدا مافی هەبوویی و خاوەندارییەتی ژن و ئاسوودەیی ژیانی بەسەر کەسانی تردا زیاتر نییە.

یەکێك لە زانایەکان ئایینی مەزدەك بە ئایینی هەموارکراوی زەردەشتی دادەنێت. پەیوەندی ئایینی مەزدەك بە ئایینی زەردەشتی و مانەوی کە لە سەدەی سێیەمی پ.ز لە ئێراندا بڵاوبووەوە جێگەی سەرەنجدان و بیرکردنەوەیە. ئێشپیگێڵ Spiegel لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەرەنجی لایەنی ئایینی مەزدەکیشی داوە و دەڵێت هەژاران و نەداران پەیڕەوانی ئەم ئایینە بوونە. لە ڕاستیدا ئەوانە هێزی سەرەکی و بنەڕەتی بزاوێك بوون کە لەلایەن گەورە پیاوان و توێژی خانەدانی کۆمەڵگا سەرکوت دەکران و دژایەتییان دەکرا[4].

١- **ایران نامك**، *لاپەڕە ٢٧٣* .

٢- مەزدەك دامەزرێنەری ئایینی مەزدەکییە و بامدادان نازناوەکەیەتی و بەواتای بەرەبەیانە. و.

٣- شێوەیەکی تری ناوی ئاهورامەزدای خواوەندی ئایینی زەردەشتییە. و.

٤- پیگولوسکایا، ن، ١٣٦٧، ***شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان***، ترجمە عنایت الله رضا، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، لاپەڕە ٣٩١ — ٣٩٣ بەدواوە.



بزاوی مەزدەکییەکان بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا. ئەم بزاوە سیمای شۆڕشێکی وەرگرت کە بووە هۆی ئاڵۆزی و ئاژاوە نانەوە. کۆمەڵگای ساسانیش کۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتی بوو کە لەسەر بناغەی خانەوادە و خوێن و خاوەندارییەتی دامەزرابوو. کۆمەڵە ڕێسایەکی نەگۆڕی بۆ ڕیزبەندی پلەی کۆمەڵایەتی دەرکردبوو. لە نێوان توێژەکان دیوارێکی بەرز هەڵچنرابوو کە هیچ کەسێك ڕێگەی پێنەدەدرا لە ڕیزی توێژێکەوە بڕواتە ڕیزی توێژێکی ترەوە.

مانی بە ڕۆحییەتی پەروەردەیی یەکێك لەو ئایینە گۆنۆستیکی (عیرفانی)یانەی کە لە میزۆپۆتامیا باو بوو پەروەردەکرا. شارەزای ئایینەکانی تر وەکو زەردەشتی و مەسیحییەت و ئایینە عیرفانییەکان بوو. ئایینێکی پێشکەشکرد کە بەپێی بڕوای مانی دەبێت جێگەی گشت ئایینەکانی تر بگرێتەوە. بەزمانی دایکی خۆی واتا بەزمانی سریانی و پەهلەوی ئایینەکەی بڵاوکردەوە. لە پەروەردە ئاوێتەییەکانیدا بیروباوەڕی ئایینەکان تێکەڵ بەیەك کران و هەندێ لە بیروباوەڕەکانی بوودای سەبارەت بە دۆنایدۆن (تناسخ)[1]یشی خستەسەر[2]. مانی دەیویست گشت کۆمەڵانی خەڵکی ئاسیای ڕۆژئاوا و باشوور بخاتە ژێر ئاڵای ئایینێکی نوێ و لەجیاتی جەنگ و ئاژاوەی بەردەوام ئاشتی و ئاسوودەیی لە جیهاندا بڵاوبکاتەوە. بەڕای مانی جیهان بێ بەها و پەستە و ئەم جیهانە وەکو بەرزەخێك وایە کە دەبێت مرۆڤ تێیدا ئازار و ناخۆشی بچێژێ تاکو گیانی پاك بێتەوە. لەسەرەتادا شاپوور ڕێزی لێگرت و مانیش کتێبی شاهپوورەگانی خۆی بەناوی ئەوەوە دانا. بەڵام مۆغانی زەردەشتی شڵەژان و هەراسان بوون و گوتیان ئەم ئایینە ئایینێکی ناپاك و پەیامبەرەکەشی پەیامبەرێکی درۆیینە. لە کۆتاییدا بە هۆی هەوڵ و کۆششەکانی کارتیر، مانی لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی بارامی یەکەم دەسگیرکرا و خرایە بەندیخانە و دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە ساڵی ٢٧٦ یان ٢٧٧ی زایینی لە

١- بریتییە لە دەرچوونی گیان لە جەستە و لەشێك و چوونەناو لەشێکی ترەوە، بیروباوەڕی بنچینەیی هەندێ ئایینە سەبارەت بە ژیان و مردن، ئەم باوەڕە بەتایبەتی لەناو بوودایی یان بووزییەکان باوە. و.

٢- ***تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم***، لاپەڕە ٨٥.

بەندیخانەدا گیانی لەدەستدا. پەیڕەوانەکەی بڵاوەبوون و کۆمەڵێکیان بەرەو عەرەبستان و دەستەیەکیان بەرەو ئاسیای ناوەندی و تەنانەت ویلایەتی سین کیانگی چین ڕۆیشتن و لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی نهێنی خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینەکەیان بوون. لەپاش مانی کۆمەڵگای ساسانی کە پێکهاتەیەکی چینایەتی تایبەتی هەبوو، شێوازێکی توندتری دەربەگایەتی بەخۆیەوەگرت و زیاتر لە جاران کەوتە بەر کاریگەری دەسەڵاتی مۆغانی ئایینی زەردەشتییەوە[1].

ئەگەرچی کۆمەڵگای ساسانی تاڕادەیەك لە بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییە رازی بوو، بەڵام لەناو خەڵکی کەسانێکی رووناکبیر هەبوون کە رەخنەیان لەم شێوەیەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرت. بەهرەمەندنەبوونی گشت خەڵکی لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی بەکارێکی نادادپەروەرانە لەقەڵەم دەدرا و ئەمانە بوونە هەوێنێك بۆ سەرهەڵدانی رێبازێکی تازەی مەزهەبی کە مەزدەك رابەرایەتی دەکرد. لە راستیدا بنەمای سەرەکی ئایینی شۆڕشگێڕانەی مەزدەك لەسەر ئەوە دامەزرابوو کە سەرچاوەی گشت خراپییەکان و کارە ناپەسندەکان و نەبوونی یەکسانی لە ئەهریمەنەوەیە کە تاریکیش هێمایەکەیەتی و دەبێ سیفاتە شەیتانییەکان بە خڵوە و پاککردنەوەی دەروون لەناو ببردرێن. دیاردەی هاوبەشبوونی ژن لە بیروباوەڕی مەزدەکیدا، پێدەچێت لەسەر بنەمای ئاسانکاری نواندن بۆ بابەتی ژنهێنان بێت نەك دەستدرێژی کردنە سەر ژن و منداڵی کەسانی تر.

قوباد فەرمانڕەوای ئیمپراتۆرییەتی ساسانی کە لە توێژی پیاوانی ئایینی ناڕازی بوو لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتدارییەتی خۆیدا ٤٨٨ - ٤٩٨ی زایینی ئەم ئایینەی پەسندکرد و پشتیوانی لێکرد. بەهۆی شۆڕشی خاوەن زەوی و توێژی خانەدانەکان تاج و تەختی لێسەنراوە و پەنای بۆ هێپتالیان برد. لە ساڵی ٤٩٩ی زایینی بە یارمەتی سوپای خاقان دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی وەرگرتەوە. بەڵام ئەم جارەیان بە

١- ***ایران نامك***، لاپەڕە ٢٧١. ***مانی و تعلیمات او***، لاپەڕە ٥٩ — ٦٠. ناطق، ناصح، ١٣٥٧، ***بحثی درباره زندگی مانی و پیام او***، تهران، مؤسسه انتشارات امیرکبیر، لاپەڕ ٢١٩ — ٢٢٢.



پارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ مەزدەکییەکان کرد. لەپاش قوباد، خەسرەو ئەنۆشێرەوانی ئیمپراتۆری ساسانی خودی مەزدەك و دەیان هەزار لە پەیڕەوانی مەزدەکی کوشت و کۆمەڵێکی زۆریان بەرەو ناوچە جیاجیاکان رایانکرد[1].

فارسی ناوەڕاست، ئەو زمانەیە کە لە ناوچەکانی ئێرانی رۆژئاوایی- باشووری باوبوو. زمانی دانیشتوانی ئیستەخری پارێزگای فارسی ئێستا بە پاشماوەی زمانی فارسی کۆن و ریشەی سەرەکی زمانی فارسی ئەم سەردەمە دادەنرێت. ئەم زمانە بەناوی پەهلەوی، پەهلەوی ساسانی و پارسیك یش ناوبراوە کە زاراوەی ((پەهلەوی)) بۆ ئێمە ناسراوترینیانە.

هۆی ناونانی فارسی ناوەڕاست بە زمانی پەهلەوی تەواو روون و ئاشکرانییە. ئەو شتەی دیارە ئەوەیە کە وشەی پەهلەو لەناوی ویلایەتی پەرتەڤای ناوەندی دەسەڵاتدارییەتی ئیمپراتۆرییەتی ئەشکانییەوە وەرگیراوە و پەهلەوی لە (پاڵوو)وە هاتووە. بەڵام چۆن ئەم ناوە لە باشوور واتا پارێزگای فارس سەری دەرکردووە و بۆتە ناوی زمانی خەڵکی ئەم ناوچەیە دیارنییە[2].

زمانی فارسی کە لە دێرزەمانەوە زمانی دانیشتوانی فارس بووە، دوای رووخانی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکان لەناو خەڵکی دانیشتووی ناوچەی فارس هەروا بەکاردەهات و بە ئەسپایی لە گەشەکردن دابوو تاکو لەسەردەمی ساسانییەکان سەرلەنوێ بۆوە زمانی دیوان و کۆشك و هاوشانی گەشە و پێشکەوتنی ساسانییەکان ئەم زمانەش گەشەی کرد و پانتاییەکی زۆری پاوانکرد.

١- ***تاریخ مختصر تمدن و فرهنگ ایران قبل از اسلام***، لاپەڕە ٢٩٣ — ٢٩٩. - ***تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم***، لاپەڕە ٩٦ — ١٠٧. ***ایران نامك***، لاپەڕە ٢٧٣ — ٢٧٤. ***شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان***، لاپەڕە ٢٩١ — ٢٩٢. ***میراث باستانی ایران***، لاپەڕە ٣٥٦.

٢- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە زاراوەی پەهلەوی و پۆلینکردنی زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاست ← آموزگار، ژاله، ١٣٧٣، ***زبان پهلوی ادبیات و دستور آن***، تهران، معین، لاپەڕە ٣ بەدواوە

زانیاری ئێمە سەبارەت بە زمانی فارسی ناوەڕاستی سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سکانەی کە لەناو پاشماوە و شوێنەوارەکانی فەرمانڕەوا پارسییەکانەوە دەسکەوتوونە[1]. کۆمەڵێك نووسراوە بەردینی دەوڵەتی و تایبەتی سەردەمی ساسانییەکان دۆزراونەتەوە. فەرمانڕەوایانی ساسانی هەروەك ئیمپراتۆرەکانی هەخامەنشی نووسراوە بەردینەکانی خۆیان بەچەند زمان دەنووسی. نووسراوە بەردینەکانی ئەردەشێر و شاپوور زۆرتر بە سێ زمانی فارسی ناوەڕاست و پارتی و یۆنانی بوونە. لە پاش ئەم دوو فەرمانڕەوایە نووسین بە زمانی یۆنانی بەولاوەنرا و نووسراوە بەردینەکانی داهاتوو بەدوو زمانەکەی ترن. لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی زمانی پارتیش پشتگوێ خرا و نووسراوەکان تەنیا بە زمانی فارسی ناوەڕاست نووسراون.

زۆربەی نووسراوە بەردینەکانی فەرمانڕەوایەکانی دەوڵەتی ساسانی کەوتۆنەتە ناوچەکانی حاجی ئاوەی پارێزگای فارس لە باکووری رۆژهەڵاتی تەختی جەمشید، نەخشی رەجەبی پارێزگای فارس لە باکووری رۆژئاوای تەختی جەمشید، نەخشی رۆستەمی پارێزگای فارس لە باکووری رۆژئاوای تەختی جەمشید، تاقی بۆستان لە باشووری هەمەدان، پایکوولی لە بناری چیای زاگرۆس و لە لێواری ئەو جادە کۆنەی کە تیسفوون و گەنجەی پێکەوە دەلکاند.

لەناو ئەو نووسراوە بەردینانەی کە لە لایەن کەسایەتییە تایبەت و ناودارەکان نووسراون، نووسراوەکانی کارتیری بوژێنەرەوەی ئایینی زەردەشتی بەرزترین پلەیان هەیە. ئەم نووسراوانە بەزۆری لە نەخشی رەجەب و نەخشی رۆستەم (قیبلەی زەردەشت)ن. لەم نووسراوانەدا کارتیر جگە لەوەی باسی ژیانی خۆی و ململانێ کردن لەگەڵ دوژمن و هەروەها سەرکەوتنەکانی دەکات، کۆمەڵێك رووداو و ئیلهام و روانگەی فیکری دەخاتەڕوو کە بەهێزبوون و دامەزراوتربوونی باوەڕ و ئیمانی ئەوی لێکەوتۆتەوە[2].

١- ابوالقاسمی، *محسن*، ١٣٧٥، ***راهنمای زبان های باستانی ایران***، تهران: انتشارات سمت، لاپەڕە ١٢١ بەدواوە.

٢- سەبارەت بە نووسراوە بەردینەکانی رۆژگاری ساسانی ← ارانسکی، ای.م، ١٣٧٩، ***مقدمه فقه اللغه ایرانی***، ترجمه کریم کشاورز، تهران: انتشارات پیام، لاپەڕە ١٦٤ — ١٦٧.



جگە لە نووسراوە بەردینەکانی پەهلەوی کۆمەڵە مۆرێکی بەردینی تایبەت بە فەرمانڕەوایانی ساسانیش دۆزراونەتەوە کە لە روانگەی زمانناسی و خەتناسی و مێژوو و هەروەها تێگەیشتن لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئیداری ئەو کاتەوە بەنرخن.

لە کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان لەسەر کێلەبەردی گۆڕەکان کۆمەڵە نووسراوێك هەڵکەنراون و کتێبێکیش بەشێوەی نووسینی پەهلەوی دۆزراوەتەوە. ژمارەی ئەو کتێبانەی بە خەت و زمانی پەهلەوی دۆزراونەتەوە کەم نینە و زۆربەیان سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی و پەیامبەری مەزنی ئێرانییەکانەوەیە و کۆمەڵێکی تر باسی مێژوو و ئەدەب و زانستی ئێرانی کۆن دەکەن. ئەو کۆمەڵە کتێبەی بەزمان و خەتی پەهلەوی نووسراون (فارسی ناوەڕاستی زەردەشتی) یان (پەهلەوی زەردەشتی)یان پێدەگوترێت. ئەم کتێبانە بەزۆری لە کۆتاییەکانی رۆژگاری ئیمپراتۆرییەتی ساسانی و سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامی نووسراون.

کتێبە ئایینییەکانی پەهلەوی زەردەشتی بریتینە لە: زەندی ئاڤێستا[1]، دینکەرد، بەندهەشن، داتستان دینیك، ئەرداویراڤنامە، شکەندگومانیك ڤیچار.

ئەو کتێبانەی تر کە بە زمانی پەهلەوی زەردەشتی نووسراون و بابەتەکانیان سەبارەت بە ئایینەوە نینە بریتینە لە: کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، شارەکانی ئێران، ماتیکان چەترەنگ و پەندنامەکان.

جگەلە شێوە زمانی پەهلەوی نووسراوە بەردینەکان و پەهلەوی زەردەشتی، کۆمەڵە بەرهەمێکیش بە زمانی فارسی ناوەڕاست لە تورفان (ئاسیای ناوەندی) دۆزراونەتەوە کە تایبەت بە پەیرەوانی ئایینی مەسیحی و مانەوینە. مەسیحییەکان بۆ نووسینی وەرگێڕانەکانی مەزامیر[2] یان نزا و نیایشەکان و بەستەکانی داوود

١- زەند، وەرگێڕان و راڤەکردنی ئاڤێستایە کە بە زمان و خەتی پەهلەوی نووسراوە.

٢- کۆی (مەزموور ) بەواتای سروود و بەستە. مەزامیری داوود، واتا ئەو نزا و سروودانەی داوودی پێغەمبەر بەدەنگی خۆش گوتونیەتی. و.

خەتێکیان بەکاردەبرد کە داهێنانی دەستی مانی بوو. ئەم خەتە لە خەتی پەهلەوی زۆر باشتر و پێشکەوتووتر و شاشتر بووە. گشت هێماکانی خەتی پەهلەوی زەبوری کە بەسەریەکەوە بیست هێمانە، وەکو خەتی نووسراوە بەردینەکان بەشێوەی سەربەخۆ و جیالەیەکتری دەنووسرێن. خەتی پەهلەوی زەبوری لەگەڵ خەتی پەهلەوی نووسراوە بەردینەکان و پەهلەوی کتێبی، جیاوازە و دەکرێ بە خەتی ناوەندی نێوان پەهلەوی نووسراوە بەردینەکان و پەهلەوی کتێبی دابنرێت. خەتی کتێبی پەهلەوی شێوەی دەسکاریکراوی خەتی پەهلەوییە کە (جگە لە H =) سێزدە هێمای هەیە[1].

هونەری ساسانی دوایین پرشنگی هونەری رۆژهەڵاتی کۆنە کە بەدرێژایی چوارهەزار ساڵ لەناو کولتور و شارستانییەتی گشت نەتەوەکاندا تیشکی داوەتەوە. هونەری ساسانی ئاوێتەیەکە لە هونەری ئێرانی کە کاریگەری رۆژئاوای پێوەدیارە و بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندابووە. بێگومان ئەم هونەرە لە هونەری رۆژگاری هەخامەنشییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و هونەری هەخامەنشیش هونەرێکی جیهانی بووە، جابۆیە سنوورەکانی تێکشکاندووە و کاریگەری بەسەر وڵات و نیشتمانەکانی تردا هەبووە. لە راستیدا هونەری ساسانی وردەوردە بەهۆی کارامەیی و لێزانی ئەردەشێری بابەکانی دامەزرێنەری ئیمپراتۆری گەشەی کرد. زۆربەی بابەت و نەخشە هونەرییەکانی ساسانی شوێن پەنجەی هونەر و کولتوری یۆنانی- رۆمی و تارادەیەکیش کاریگەری هونەری رۆژهەڵاتی دووری پێوەدیارە. لەماوەی چوارسەدەی دەسەڵاتدارییەتی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی ئەم کاریگەرییە بەکاروکاردانەوە درێژەی پێدراوە و لەلایەك تاکو ئاسیای ناوەندی و لە لایەکی تریش تاکو بیزانس و فەرەنسا رۆیشت.

١- *مقدمه فقه اللغة ایرانی*، لاپەڕە ١٦٣ — ١٦٤. معین آل داوود، فریمان، ١٣٥٤. زبان پهلوی، تهران: دانشگاه سپاهیان انقلاب ایران، دانشکده مکاتبه‌ای، لاپەڕە ١١ بەدواوە. آموزگار، ژاله، ١٣٧٣، *زبان پهلوی ادبیات و دستور آن*، تهران، معین. تفضلی، احمد، *تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام*، بەیارمەتی ژاله آموزگار، تهران: سخن، لاپەڕە ٨٤ بەدواوە.



هونەری ساسانی لە بنەڕەتدا هونەرێکی تایبەت بە دیوان و کۆشکی پاشایەتییە کە پتر دەیەوێت لە خزمەت پیشاندانی شکۆ و گەورەیی ئیمپراتۆر و کار و کردەوەکانیان دابێت. ئەم هونەرە لەخۆگری پۆلێکی بەربڵاوی نەخشی رازاوەی گیانلەبەران و رووەك و هەندێجار بابەتە سیمبوولیکەکانە کە بە تایبەتمەندی هونەری ساسانی دادەنرێت و لە زۆربەی لایەنە هونەرییەکانیاندا بەرچاودەکەوێت. دەور و کاریگەری هونەری ساسانی لە بەرهەمە ئیسلامییەکاندا ئاشکرایە و بە ئاسانی جیادەکرێتەوە[1].

میعماری لە سەردەمی ساسانییەکاندا بەزۆری لەبواری بینای نائایینی گەشە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی. لە کۆشکەکانی ساسانیدا پێکهاتەی هونەری میعماری هەخامەنێشی وەکو حەسار و هەیوان و بنمێچی بازنەیی و چەماوەیی بەکارهاتووە. سەرسەرای دەروازە گەورەکان وەکو دەروازەی تیسفوون پیشاندەری پێشکەوتنی میعماری سەردەمی ساسانییەکانە. بۆ یەکەمینجار ئێرانییەکان کێشەی بینای گۆمەدی بازنەیی لە سەر بناغەی چوارگۆشەییان بەیارمەتی دیاردەی سێ گۆشە چارەسەر کرد (وەکو کۆشکی فیرووزئاوا) و هەروەها سیستەمی تاقبەندی یەکتربڕ لەسەر شێوەی نیوبازنەیی ئەستوور، وەکو دەروازەی هەیوانی کەرخەی نزیك شووشیان بەدیهێنا[2].

یەکێك لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی میعماری ساسانی بەکارهێنانی زۆری گۆمەدی تۆنێلی و گۆمەدە "خاچی"یەکانە کە لەشێوەی شێلم بوو. تایبەتمەنییەکانی تری میعماری ساسانی بریتی بوون لە: دروستکردنی گۆمەدێك لەسەر بناغەی نیو گومەد کە بە یەکێك لە داهێنانەکانی ساسانییەکان دادەنرێت. بە بەراوردکردنی سەرستونە مەرمەرییەکان کە لە تاقی بۆستان، بێستون و ئەسفەهان دەبینرێن و بە شێوازی هونەری بیزانسی دروستکراون، بەکاربردنی ستون یان دینگە لە میعماری

١- گشایش، فرهاد، ١٣٨١، *تاریخ هنر*، بەرگی ٦، تهران: انتشارات عفاف، لاپەڕە ٢١٦. *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ٢٨٤.

٢- پاکباز، رویین، ١٣٧٨، *دایرةالمعارف هنر*، تهران فرهنگ معاصر، لاپەڕە ٧٦٦.

ساسانیدا بە یەکێك لە پێکهاتە دیارەکانی میعمارییـان دادەنرێت. کۆشـکی مـەزنی تیسفون کە لەپاش پارتەکان کەوتە دەست ساسانییەکانەوە، پێدەچێت بـەر کاریگـەری هونەری رۆژگاری پارتەکان کەوتبێت[1].

لەسەرچاوە مێژووییەکانەوە بەدیارکەوتووە کە کۆشکی ساسـانییەکان بـە کۆمـەڵە نیگار و وێنەیەك رازاونەتەوە و لە کۆشکی تیسفوون کۆمـەڵە نـەخش و نیگارێـك لـە سەر گێچ نەخشێنراون کە دیمەنـەکانی داگیرکردنـی ئەنتاکییـەمان پیـشاندەدات. لـەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بنکەی ساسانییەکان ئەنجام دراوە، بۆمان دەردەکەوێت هەیوانی کەرخە بە کۆمەڵە نەخش و نیگارێکی سەر گێچ رازاواەتەوە.

فەرمانڕەوا ساسانییەکان زیاتر لە فەرمانڕەوایانی پاش خۆیان نەریتی هەڵکەنـدنی نەخشی سەر بەردیان پەیڕەوکرد کە لە هەزارەی سێیەمی پ.ز ەوە باوببوو. زیـاتر لـە سی نەخشی هەڵکـەنراو لـە کێوەکـانی بـانی ئێـران کـە زۆربـەیان لەناوچـەی فارسـن، لێیانەوە بەمیرات ماوەتەوە[2].

گرنگترین بەرهەمە میعمارییەکانی رۆژگـاری ساسـانییەکان بریتینـە لـە کۆمـەڵە بینایەکی وەکو کۆشکی ئەردەشێری یەکەم کە بە "قەڵای کچ" بەناوبانگە و دەکەوێتە فیرووزئاوە، کۆشکی سەرڤیستان، کۆشکی تیسفوون یـان ئـەیوانی مـەداین، کۆشـکی گەورەی بیشاپوور و کۆمـەڵێك ئاگرگای وەکو ئاگرگای فیرووزئاوە[3].

یەکێك لە داهێنانە گرنگەکانی رۆژگاری ساسانی لە سەردەمی ئەردەشێری یەکـەم بەدیهات و ئـەویش گـۆڕانی سـیمای بازنـەیی شـارەکان بـۆ شـێوەی لاکێـشەیی بـوو. کۆشــکی بــەناوبانگی سەرڤیــستان لــە رۆژگــاری فەرمانڕەوایــەتی بــارامی گــوور دروستکراوە. بەڵام پێدەچێت گرنگترین بینای ئـەم سـەردەمە، کۆشـکی تیـسفون یـان ئـەیوانی مـەداین (طـاق کـسری) بێـت کـە لەوانەیـە لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی

---

١- بوسایلی، ماریو. توشراتو، امبر، ١٣٧٦، ***هنر پارتی و ساسانی***، ترجمـه یعقـوب آژنـد، تهـران: مولی، لاپەڕە ٣٦ بەدواوە.

٢- ***ایران از آغاز تا اسلام***، لاپەڕە ٣٩٥ — ٤٠٥.

٣- ***هنر پارتی و ساسانی***، لاپەڕە ٤٢.



شاپووری یەکەم دروستکرابێت. جگەلـە ئاگرگـای فیرووزئـاوە هەنـدێك لـە ئاگرگاکـان دەکەونە کازێرۆن و نەتەنز و بیشاپوور.

جگەلە چەند نووسراوە بەردین و نەخشە هەڵکـەنراوێك کـە دەکەوێتـە سـەڵماس و تـاق بۆسـتانی کرمانـشان، گـشت نووسـراوە بەردینـە مەزنـەکانی ساسـانی دەکەونـە ویلایەتی فارسـی نیـشتمانی سـەرەکی ئـەم ئیمپراتۆرییەتـە. بەشـی هـەرە زۆری ئـەم شـوێنەوارانە بـۆ سـەدەی سـێیەمی زایینـی دەگەڕێنـەوە و نەخـشە هەڵکـەنراوەکانی خەسرەو پەرویزیش بۆ ٦٠٠ی زایینی دەگەڕێنەوە[1].

هونەری مافورچنین لە سەردەمی ساسانییەکان زۆر بـاوبووە. بـەرزترین نموونـە بـۆ ئەم هونەرە "فەرشی بەهارستان"ە کـە بـە تـار و پـۆی ئەوریـشم و زێـڕین و زیـوین چنرابوو و بـە هـەزاران پارچـە ئـاڵتون رازێنرابـۆوە و بـە شـاکارێکی مـەزنی هونـەری مافورچنینی ئەوسای ساسانی دادەنرێت. ئەم فەرشە لە کۆشکی تیسفون دانرابـوو کـە لە کاتی هێرشی عەرەب پارچە پارچە کرا.

هونـەری ساسـانی لـەماوەی ٤٠٠ سـاڵی دەسـەڵاتدارییەتی ئـەم ئیمپراتۆرییەتـە، سیمایەکی یەکگرتووی هاوتەریب لەگەڵ جۆراوجـۆری و رەنگاڵـەیی بـەدیهێنا. لەگـەڵ ئەوەشدا کە لەناو ئەم هونەرە پێکهاتەی هونەرەکانی تریش بەرچـاو دەکـەوێت خـاوەن یەکپارچــەیی و یەکدەســتییەکی تایبەتیــشە و ئــەم یەکێتییــە لــە گــشت لایەنــە هونەرییەکانی سەربە رۆژگاری ساسانی بەرچاو دەکەوێت.

لـەناو بەرهەمـەکانی ئەوسـای ساسـانی کارامـەیی و هونەرمەنـدی پیـشەسازانی ساسانی لە هونەری کانزاکاری بەرچاوترە. ژمارەیەکی زۆری کەلوپەل و گۆزە و جـامی تایبەت بەم رۆژگارە، تەنانەت لە ناوچەکانی باشووری رووسیا، دەسکەتوونە کە بەپێی شێواز و قاڵب زۆر رەنگاڵە و جۆراوجۆرن. جام و گۆزە و کەلوپەلی زیوین و ئـاڵتونی و مەفرەغی بەوپەری هونەرمەندییەوە دروستکراون. نەخشی سەر کەلوپەلـەکان بـەزۆری بریتینـە لە وێنـەی ئاهوورامـەزدا، ئاناهیتـا، مـیترا لـەکاتی راوکـردن لەگـەڵ وێنـەی فــەرمانڕەوا لەناوەڕاســت و گیانلەبــەرە ئۆســتوورەییەکان. وێنــەی گیانلەبــەرانی

---

١- گشایش، فرهاد، ١٣٨١، ***تاریخ هنر***، تهران: انتشارات عفاف، لاپەڕە ٢٢٠.

بەکارهاتوو بەشێوەی وێنەدانەوەی بەرامبەریەك وەکو ئەژدیها، تاووس و ئەسپی باڵدارە. لە وێنەی گوڵ و شتڵ و گەڵای دارخورما و گەڵای کەنگر بەوێناکێشراون[1].

لە رۆژگاری ساسانییەکاندا لەسەر زۆربەی سکەکان نیوە رووخساری فەرمانڕەوا دەنەخشێنرا. تاجێکی رازاوەی لەسەر سەری داناوە. لەسەر یەکێك لە سکەکان کە لە کۆلکسیۆنی مەدالیاکانی پاریسە، فەرمانڕەوا بەتەنیایی لەسەر سکەکان پیشاندراوە. لەسەر ئەو سکانەی کە لە ساڵانی ٤٩٩- ٤٩٦ی زایینی لەلایەن جاماسپەوە لێدراون دیمەنی رێورەسمی تاجدانان پیشاندراوە، کە تێیدا فەرمانڕەوا لە نیو رووخسارەوە پیشاندراوە و یەزدان ژنێکی بچووك تاجەکەی پێشکەش دەکات. لەسەر رووی پشتەوەی زۆربەی سکەکان وێنەی ئاگرگا نەخشێنراوە. لە رۆژگاری هۆرمۆزی دووەم بەدواوە (٣٠٩- ٣٠٢ زایینی) نیوە رووخساری خواوەندێك کە هەندێجار لەگەڵ ئاهوورامەزدا بەیەك دادەنرێت، لەناو بلێسەکانی ئاگرگا پیشاندراوە. لە رووی پشتەوەی ئەو سکانەی لەلایەن خەسرەوی دووەم لێدراون، نیو پەیکەری خواوەندێك دەبینرێت کە لە سەرەوەی بڵێسەکان راوەستاوە.

سکەکان بەشێوەیەکی گشتی پیشاندەری هونەرێکی سەربەخۆن. لە رۆژگاری شاپووری یەکەمی جێگری ئەردەشێر، سکەکان بە قاڵبی پێوانەکراو دروستدەکران. لێدانی سکە لەم سەردەمەدا گەیشتە ترۆپکی شکۆی هونەری. ئەو سکانەی دۆزراونەتەوە هەڵگری جوانی و هونەرێکی مەزنن[2].

لە رۆژگاری ساسانییەکاندا هونەری هەڵکەندن لەسەر مۆرە بەردینەکان وەکو هونەرەکانی تر گەشەی کرد. ئەو قالبەی کە زیاتر لەوانی تر بەکاردەهات قالبی سێ چارێگی بازنەیی بوو. هەروەها مۆری تەخت و هێلکەییش دۆزراوەتەوە. لەوانەیە

١- *هنر پارتی و ساسانی*، لاپەڕە ٨٤ — ٩٢. ، *تاریخ هنر*، لاپەڕە ٢٢٠ - ٢٢١. *دایرةالمعارف هنر*، لاپەڕە ٧٦٨. *هنر ایران باستان (تمدن های پیش از اسلام)*، لاپەڕە ٣١٠ بەدواوە. وزیری، علینقی، ١٣٧٧، *تاریخ عمومی هنرهای مصور*، تهران: نشر هیرمند، لاپەڕە ١٥١ — ١٦١.

٢- *ایران از آغاز تا اسلام*، لاپەڕە ٤٠٨. *هنر پارتی و ساسانی*، لاپەڕە ٩٥ — ٩٦.



قالبی بازنەیی خواستی هونەری ئەوانی دابین کردبێت. کۆمەڵە مۆرێکی تایبەت بەو سەردەم دۆزراونەتەوە[1].

مرۆڤ بە تێگەیشتن لە جوانی ئیلهامی لە سروشت وەرگرت و بەلاساییکردنەوە لە دەنگەکانی سروشت و دەنگدانەوەیان، هونەری بەدیهێنا کە یەکێك لە کەرسە گرنگەکانی دەربڕینی هەست و سۆز و دەربڕینی جوانییە. خەم و خۆشی، هەست و سۆزێکی بەرز پێکدێنن بەڵام جیاوازی لە شێوەی دەربڕینەکان دایە.

مۆسیقا وەکو شیعر هەردەم لەگەڵ مرۆڤدا بووە. هەڵچوونە دەروونییەکان کە لە هەست و سۆزەوە هەڵقووڵاون بەهۆی دەنگ و جولە و وشەکان کە شیاوترین ئامێرەکانی دەربڕینن، پیشاندراون. خۆیان لە قاڵبی گۆرانی و سەما و شیعردا پیشاندەدەن. کەسانێك پێیانوایە سەما شیعری جولاوە. لەسەر زۆربەی کەل و پەلەکانی رۆژگاری دێرین نەخشی وێنەی ئامێری مۆسیقایی، بۆ نموونە ئامێرە ریشەیی و فووییەکان وەکو چەنگ و نای دەبینرێت. مرۆڤ بە داهێنانی ئامێرە مۆسیقاییەکان لاسایی ئەو دەنگ و ئاوازانەی کردۆتەوە کە لە مێشکیدا پەنگی خواردۆتەوە و بۆ گەشە و کامڵکردنیان هەوڵیداوە.

سەبارەت بە مۆسیقای رۆژگاری ساسانییەکان دەبێ ئەوەتان بیربخەینەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە بەهۆی پێشهات و رووداوە جۆراوجۆرەکان زۆربەی کتێبە زانستی و ئەدەبی و هونەرییەکانی رۆژگاری ساسانی بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر لە سەدەکانی پێشتر لەناوچوو، بەڵام بەپێی بەڵگەکان بۆمان روونەبێتەوە کە بزاوی زانستی و کولتوری و هونەری رۆژگاری ساسانی زۆر هەمەلایەنتر لە سەردەمەکانی پێشووتر بووە. بەتایبەتی لە سەردەمی ئەردەشێری بابەکان دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی ساسانی و هەروەها جێگرەکەی واتا شاپووری یەکەم گەیشتە ئەوپەڕی سنووری هونەری هەستپێکراوەوە[2].

١- پرادا، ایدت، ١٣٥٧، *هنر ایران باستان*، ترجمە یوسف مجیدزادە، تهران: انتشارت دانشگاه تهران: لاپەڕە ٣١٨ بەدواوە.

٢- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە شیعر و مۆسیقای رۆژگاری ساسانییەکان ← مشحون، حسن، ١٣٨٠، *تاریخ موسیقی ایران*، تهران: فرهنگ نشر نو، لاپەڕە ٤٣ بەدواوە.

لە کتێبی پەهلەوی کارنامەی ئەردەشیری بابەکاندا هاتووە کە ئەردەشێر لە ستوورگا (شوێنی چوارپێیان) دانیشتووە، ئامێری مۆسیقایی زەڕبی ژەنیوە و گۆرانی گوتووە و بە هەموو جۆرێك بەشادی و خۆشی رایبواردووە[1]. لەو شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە بەدیاردەکەوێت فەرمانڕەوا ساسانییەکان گرنگییەکی زۆریان بە مۆسیقا داوە و مۆسیقاژەنان توێژێکی تایبەتیان پێکدێنا. بوونی هونەرمەندێك بەناوی "خۆڕەم باش" لە رۆژگاری ساسانییەکان پیشاندەری گرنگی ئەم هونەرەیە. ئەودەمی وا باوبووە کە ژەنەر و گۆرانیبێژەکان لەناو کۆشکدا لە پشت پەردە دادەنیشتن و بەئاماژەپێکردنی خۆڕەم باش دەستیان بە ژەنین و ئاواز و گۆرانی دەکرد. ئەردەشێری بابەکان بۆ خزمەتکاران و دیواندارانی خۆی چەند پلەوپایەکی دانابوو، و ئەوانی بەسەر سێ توێژدا دابەشدەکرد کە ژەنەران "رامێشگەران[2]" یەکێك لەم سێ توێژەانە بوون و هەر توێژێکیش لەلای ئەردەشێر شوێنێکی تایبەتی هەبوو[3].

هونەری مۆسیقا لە رۆژگاری ساسانییەکان تا ئەورادەیە پێشکەوت کە ئاوازەکان و هەروەها بەستە ریتمییەکان بەبێ شیعر ناوی تایبەت بەخۆیان هەبوو، و هەر گۆشەیەك لە ئاواز و گۆرانی بەناوێك ناونرابوو. شێوەیەکی تری ئاواز و مۆسیقا، ناوی دەستانەکان بووە کە لەسەر بنەمای ئەم دەستانانە بە کۆمەڵە وشەیەك کۆمەڵە بەستەیەك دروستکراون. وەکو دەستانەکانی خۆراسانی، ئەسفەهانی.

هەندێ لە شوێنەوارەکانی رۆژگاری ساسانی پیشاندەری گرنگیدانی فەرمانڕەوایانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بە مۆسیقا و ئاوازدانەرەکانە. لەلای راستی

---

١- فرەوشی، بهرام، ١٣٥٤، ***کارنامە اردشیر بابکان***، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، لاپەڕە ٢٢— ٢٣.

٢- ژەنەر و گۆرانی بێژ، موتریب. و.

٣- ***تاریخ موسیقی ایران***، لاپەڕە ٤٨ — ٥٠. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مۆسیقای رۆژگاری ساسانییەکان ← جنیدی، فریدون، ١٣٦١، ***زمینە شناخت موسیقی ایرانی***، تهران، انتشارات پارت، لاپەڕە ١٣٢ بەدواوە.



نەخشە هەڵکەنراوەکانی تاقی بۆستانی کرمانشان نەخشی نێچیرگایەك دەبینرێت کە نزیکەی سەد ژن و پیاوی تێدا پیشاندراوە. لە بەرامبەر فەرمانڕەوا چەند ژنێکی ژەنیار کە پێدەچێت ئامێری جیا لە چەنگ[1] و دەف و نایان پێیە دەبینرێن و ژنێك لەتەك فەرمانڕەوا دانیشتووە و چەنگ دەژەنێت. لەلای چەپی وێنەی نێچیرگا چەند ژەنەرێکی ژن چەنگ دەژەنن و لە پشت سەری فەرمانڕەوا دوو کەس زووڕنا و یەکێکی تریش تەنبوور دەژەنن[2].

ئەمجۆرە دیمەنانە بەزۆری لەسەر گێچ بڕییەکانی رۆژگاری ساسانی بەرجەستەکراون کە لە شاری رەی دۆزراونەتەوە. لەسەر هەندێك لە نەخش هەڵکەنراوەکانی رۆژگاری ساسانی، کۆمەڵە دیمەنێکی جوانی کۆڕی نێچیر و بەزم و سەما هەڵکەنراوە کە لە رووی چۆنییەتی جلوبەرگ و رێکخستن و جولەی ژەنەران زۆر بەنرخن. ئامێرە مۆسقاییەکانی ئەوکاتی بریتینە لە: بەربەت/هوود، سووڕنا، قاشۆقەك[3] و ئەرغەنوون[4]. لەسەر پێشخۆرێکی ئەودەمی وێنەی فەرمانڕەوا نەخشێنراوە لەکاتێکدا کە لەسەر تەخت دانیشتووە و دوو مۆسیقاژەن لەبەرامبەریەوە دانیشتوونە و چەنگ و نای دەژەنن. لەسەر گۆزەیەکی تری سەربە هەمان رۆژگاری ساسانییەکان خاتوونێك لەسەر پشتی ئەژدیها دانیشتووە و نای دەژەنێت.

---

١- ناوی ئامێرێکی مۆسیقایی رۆژگاری دێرین کە ٤٦ تێلی هەیە و بە پەنجەی دەست دەژەنرێت و شێوەیەکی چەماوەیی هەیە. لیریشیان پێگوتووە. و.

٢- لەو باسەی کە سەبارەت بە کۆمەڵگای ساسانی لەناو نامەکەی تێنسێردا هاتووە، مۆسیقاژەنان سێیەمین پۆل یان پلە لەو پلەوپایانە بوو کە ئەردەشێر دایمەزراندبوو. ← بویس، مری. فارمر، جورج، ١٣٦٨، ***دو گفتار درباره خنیاگری و موسیقی***، ترجمە بهزادباشی، تهران: آگاه، لاپەڕە ٥٢ بەدواوە.

٣- جۆرێك ئامێری مۆسیقاییە و بەشێوەی کەوچکە و لە دوو پارچە دار دروستدەکرێت. و.

٤- ئامێرێکی مۆسیقاییە کە چەند بۆڕییەکی پێوەبوو و بەیارمەتی هەنبانە بایان تێدەکرد. شێوە مۆدێرنەکەی ئۆکاردیۆنی پێدەگوترێت. و.

## ئەبولهوولی هیتیایی
Hittites



ئەبولهوولی هیتیایی لە دەروازەی ییێرقاپوو *yerkapu* لە بۆغازکوی



## ئۆرارتووەکان
Urartians



پەیکەرێکی مەفرەغی بچووك، لەوانەیە خواوەندی تێئی شاب teishab بێت و پاشماوەی تەختێکی مەفرەغییە کە ئێستا لەناوچووە. تۆپراق قەڵا سەدەی هەشتەم — حەوتەمی پ.ز

## مانناییەکان

Mannaeans



پەیکەری لە زیو دروستکراوی شازادە یان فەرمانڕەوا، لە کۆلێکسیۆنی جەیحون
هونەری مانناییی — مۆزەخانەی بەریتانیا




## لوولووەکان

Lullubians



دیمەنی سەرکەوتنی نارام — سین فەرمانڕەوای ئەکەد بەسەر چیایەك نەخشێنراوە،
لەکاتی سەرکەوتن بەسەر لوولووییەکان، لەسەر ستونێکی بیرئانیین لە شوش

## کاسییەکان
## Kassites



وێنەی مۆرێك کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری کاسییەکان



## گوتییەکان
## Guttians



پەیکەری لە مەفرەغ دروستکراوی تایبەت بە فەرمانڕەوای گوتییەکان. کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز

## ئیلام
## Elam



رۆژهەڵاتن لە شوش، سەدەی دوازدەمی پ.ز ، مۆزەخانەی لوور، پاریس



## سەکاکان
## Scythians



گۆزەیەکی ئیلێکترۆم لە کوول — ئۆبا kul-oba

## سارماتەکان
## Sarmatians



جامێکی لە ئاڵتون دروستکراو کە دەسکەکانی لەسەر شێوەی جۆرە گیانلەبەرێك دروستکراوە



## کیمێرییەکان
## Cimmerians



پەیکەرێکی سەرنجڕاکێشی لە مەفرەغ دروستکراو، شمشێر و تیردان و نووسراوە بەردینێکی سێ دێڕە خەتییە. لە لۆرستان دۆزراوەتەوە. هونەری کیمێرییەکان مۆزەخانەی میللی ئێران، تاران.

## ماساژێتەکان
## Massagetae



وێنەیەك لە کۆلێکسیۆنی جەیحون کە شێوە و جلوبەرگی ماساژێتییەکی پیشانداوە.



## ئاریاییەکان
## Aryans



جامێکی لە ئاڵتون دروستکراو کە کۆمەڵە گیاندارێکی لەسەر نەخشێنراوە لە مارلیك ١٤٠٠ — ١٠٠٠ی پ.ز دۆزراوەتەوە. مۆزەخانەی میللی ئێران، تاران


## ماده‌کان
## Medes



وێنه‌ی پاسه‌وانێکی مادی، قژ و ریشی لوول لووله و په‌سته‌کێکی له‌سه‌ر شانه و جڵه‌وی دوو ئه‌سپی به‌ده‌ست گرتووه



## هه‌خامه‌نشییه‌کان
## Aohamenides



داریوش له‌سه‌ر ته‌ختی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی دانیشتووه و له پشت ته‌خته‌که‌ی خه‌شایارشا له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵ و پاسه‌وانه‌کانی راوه‌ستاون. ته‌ختی جه‌مشید، مۆزه‌خانه‌ی میللی ئێران، تاران

## پارتەکان
## Parthians



پەیکەری لە مەفرەغ دروستکراوی شامی shami یان زیووس zeus یان پۆسێیدون Poseidon، جلوبەرگەکەی کاریگەری کولتوری یۆنانی پیشاندەدات. دەوروبەری ١٠٠٠ — ٢٠٠ی پ.ز لە نەهاوەند دۆزراوەتەوە. مۆزەخانەی میللی ئێران، تاران



## ساسانییەکان
## Sasanians



جامێکی لە زیو دروستکراوی سیمای ژنێك لە رۆژگاری ساسانییەکان